دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی
مؤسسة رؤية للدراسات الاستراتيجية
Vision Foundation for Strategic Studies

ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت
منظمة التنمية المدنية
Civil Development Organization

# نەخشەڕێگایەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان

## توێژینەوەیەکی مەیدانی دەربارەی هۆکار، لێکەوت و چارەسەرەکان
(٢٠٢٠ – ٢٠٢٤)




توێژەران:
هاوکار ڕەفیق ڕەحمان
خێلان حەمە ئەحمەد
بورهان عمر مەحمود

# بەشی توێژینەوەکان - دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

**جۆری بڵاوکراوە:**
توێژینەوەی زانستی

**بابەت:**
ئاسایشی نەتەوەیی/ کۆمەڵایەتی

**توێژەران:**
هاوکار ڕەفیق ڕەحمان*
خێلان حەمە ئەحمەد
بورهان عمر محمود

## بەیاننامەی هەردوو دامەزراوەکە:

### ڤیژن:

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، لە پێناو تێگەشتنی هاوسەنگ و دروستکردنی داهاتوویەکی پرشنگدار و گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق کاردەکات. لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی لە سەرجەم گرفت و قەیرانە هاوچەرخەکان و دۆزینەوەی چارەسەری پراکتیکی گونجاو. ئێمە وەک ئەرکی سەرەکی دامەزراوەکەمان کە برتییە لە پاراستن و پەرەپێدانی وڵاتەکەمان، دەمانەوێت لە ڕێگەی توێژینەوەی ستراتیژییەوە، بەرچاوڕوونی و نەخشەڕێگای گونجاو پێشکەش بە داڕێژەرانی سیاسەت و ناوەندەکانی بڕیار لە هەردوو حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەر سێ دەسەڵاتی (جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری)، ڕای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین.

### CDO:

ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنییەت (CDO)، ڕێکخراوێکی ناحکومی، نیشتیمانی، مرۆیی، سەربەخۆ و قازانج نەویستە، لە ساڵی (١٩٩٩) دامەزراوە و بەشێوەی یاسایی لە بەشی ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی لە بەغداد تۆمارکراوە. دیدگای (CDO) برییتیە لە فەراهەمکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی لە ناو کۆمەڵگەی عێراقی، لە ڕێگەی بنیادنانی توانای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، بۆهاندانی دیموکراسی و ئاشتی ، پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ، ڕووبەڕبوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، زیادکردنی ڕۆڵی ژنان لە کایەی سیاسیدا و پێشکەشکردنی هاوکاری یاسایی بۆ ئەو گروپانەی پێویستیان بە هاوکارییە و لە کۆتاییدا بەرگریکردنیان لە بری کۆمەڵگە.

### تێبینی:

ئەو زانیاریی، دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لە توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو بریتین لە دیدگای توێژەرانی توێژینەوەکە، کە مەرج نییە نوێنەرایەتی دیدگا و بۆچوونی دامەزراوەکەمان بکەن.

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە ©٢٠٢٥

INFO@VFSSIQ.ORG
WWW.VFSSIQ.ORG

* سەرپەرشتیاری گشتی نوسینی ئەم نەخشەڕێگایە بووە، هەروەها سەرجەم داتاکانی بەشێوەی مەیدانی کۆکردووەتەوە و ڕاسپاردەکانی ئامادەکردووە.

## پوختەی توێژینەوە

لەم ساڵانەی دواییدا بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان بووەتە قەیرانێکی جیهانی هەستیار و مەترسیدار. ئەمڕۆ شانبەشانی قەیرانە گەورە نێودەوڵەتییەکانی دیکەی وەک زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، پیسبوونی ژینگە، چەکی ئەتۆمی و تیرۆر پۆلێن کراوە. بەڵام لە دەرەوەی کاریگەرییە جیهانییەکان، کێشەکانی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکان، لەناو زۆربەی دەوڵەتاندا وەک هەڕەشەیەک بۆ ئاسایشی نیشتیمانی پەرەیان سەندووە، بەتایبەتی لەو ناوچانەی لە گۆڕانکاری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی بەردەوامدان.

هەرێمی کوردستانیش بێبەری نییە لەم قەیرانە، ساڵانە ئامارە فەرمییەکان ئاماژە بە بەرزبوونەوەی بەردەوامی چالاکییەکانی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکان لە سەرانسەری هەرێمدا دەکەن، بەشێوەیەک داتای بەکارهێنان و بازرگانیکردن بەردەوام لە زیادبووندایە.

ئەم توێژینەوەیە، بەدواداچوون بۆ دۆخی ئێستای مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان دەکات، شرۆڤەی هۆکار و دەرئەنجامەکانی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرەنگاربوونەوەی ئەم مەترسییە پەرەسەندووە هەڵدەسەنگێنێت و کۆمەڵێک ڕاسپاردەی ستراتیژی دەخاتە ڕوو، کە ئامانج لێی بەهێزکردنی وەڵامدانەوەی دامەزراوە پەیوەندیدارەکانە لەبەرامبەر ئەم مەترسییەدا. ئەم پێشنیارانە، وەک نەخشە ڕێگایەکی پراکتیکی کاردەکەن بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە بە شێوەیەکی کاریگەرتر و جیاوازتر لەوەی هەیە.

هەروەها، لە توێژینەوەکەدا میتۆدی چۆنایەتی و چەندایەتی بەکارهێنراوە، کە تێیدا بە وردی کاری لەسەر داتا و ئامارە فەرمییەکانی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکان کردووە. لە هەمان کاتدا، زیاتر لە (٢٠) چاوپێکەوتنی لەگەڵ کەسانی تایبەتمەند و بەرپرسانی ئەمنی و حکومی لەخۆی گرتووە. لە لایەکی دیکەوە، توێژینەوەکە دوو ڕاپرسی مەیدانی لەخۆی دەگرێت، لەلایەک لەگەڵ بەکارهێنەر و بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان لە چاکسازییەکانی هەرێم و لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ هاوڵاتیانی ئاسایی لەسەر ئاستی پارێزگاکانی کوردستان.
لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە نەک هەر تیشک دەخاتە سەر مەترسییەکان و دەرئەنجامە درێژخایەنەکانی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو ستراتیژ و چارەسەری کرداریی وەک نەخشە ڕێگایەک بۆ خۆپاراستن و بەرەنگاربوونەوە دەخاتەڕوو

**وشە کلیلەکان: مادده هۆشبەرەکان، هۆکار و لێکەوتەکان، بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان، بازرگان و بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر**

## ملخص البحث


أصبح تعاطي المخدرات والاتجار بها قضايا عالمية حساسة وخطيرة، وهي في تزايد مستمر. اليوم، يتم تصنيف المخدرات جنبا إلى جنب مع الأزمات الدولية الكبرى مثل: تزايد النمو السكاني والتلوث البيئي والأسلحة النووية والإرهاب. ولكن بعيدا عن التأثيرات العالمية ، ظهرت المشاكل المتعلقة بالمخدرات كتهديد للأمن القومي في العديد من البلدان ، لاسيما في مجالات التغيير السياسي، والتطورات الاجتماعية والاقتصادية. وان إقليم كردستان ليس مستثنيا من هذه الأزمة، حيث تشير الإحصاءات الرسمية إلى زيادة مطردة في الأنشطة المتعلقة بالمخدرات في جميع أنحاء الإقليم.

تبحث هذه الدراسة في الوضع الحالي للمخدرات في إقليم كردستان وتحقق في أسباب و عواقب تعاطي المخدرات و الاتجار بها. إضافة إلى ذلك،تُقَيم هذه الدراسة دور حكومة إقليم كردستان في مكافحة تهديد المخدرات المتنامي وتقدم مجموعة من التوصيات الاستراتيجية التي تهدف إلى تعزيز استجابة المؤسسات ذات الصلة لهذا التهديد. وإن هذه الدراسة بمثابة خارطة طريق عملية لحل مشكلة المخدرات بشكل أكثر فعالية مما هي عليه بالفعل.

اعتمدت الدراسة نهجا (نوعيا وكميا) عملت فيه عن كثب مع البيانات والإحصاءات الرسمية المتعلقة بالمخدرات. وفي الوقت نفسه، تضمنت أكثر من 20 مقابلة مع خبراء ومسؤولين أمنيين و حكوميين. كما تضمنت الدراسة مسحين ميدانيين لمقابلات مع فئتين بهذا الخصوص، و هي مقابلات مع متعاطي المخدرات وتجار المخدرات المتواجدين في سجون إصلاحات إقليم كردستان من جهة، و مقابلات مع المواطنين العاديين على مستوى محافظات اقليم كردستان من جهة اخرى. وأخيرا، لا تركز الدراسة فقط على مخاطر المخدرات و تداعياتها طويلة المدى في إقليم كوردستان، بل تركز أيضا على الاستراتيجيات و الحلول ويوفر إجراءات للوقاية من المخدرات.



**الكلمات المفتاحية:**

**المخدرات، الأسباب والعواقب، مكافحة المخدرات، حكومة إقليم كردستان، تجار المخدرات ومتعاطيها.**

## Abstract

The use and trafficking of drugs are emerging as an increasingly sensitive and perilous global issue. Today, it is categorized with other significant global concerns, including overpopulation, environmental pollution, nuclear weapons, and terrorism. In addition to its worldwide ramifications, drug-related issues have increasingly posed a threat to national security in many states, particularly in areas experiencing ongoing political, social, and economic transformation.

The Kurdistan region is not immune to this dilemma, as official figures reveal a persistent rise in drug-related activities across the entire region. This study analyzes the present state of drug usage and trafficking in the Kurdistan Region, investigating the underlying causes and repercussions. It evaluates the KRG's involvement in addressing this escalating threat and proposes several strategic proposals to enhance the reaction of pertinent institutions. These suggestions provide as a practical plan to more effectively handle the issue, distinguishing it from its current state.

The study employed a mixed methods approach, incorporating both qualitative and quantitative analyses, focusing extensively on official drug-related data and statistics. Simultaneously, it encompasses approximately 20 interviews with experts, security personnel, and government officials. The study encompasses two field surveys: one involving drug users and dealers within regional prisons, and the other engaging regular individuals at the province level in Kurdistan.
Finally, the study underscores the hazards and enduring repercussions of drug use in the Kurdistan Region while also offering reasonable ideas and solutions for prevention and intervention.

**Key words: Drugs, Causes and Consequences, Drug Control, KRG, Drug traffickers and Users**

## پێشەکی

لەم ساڵانەی دواییدا بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان وەک یەکێک لە ئاستەنگە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەمنییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا سەریهەڵداوە. بەپێی ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، تا ساڵی (2003) هیچ حاڵەتێکی تۆمارکراوی بەکارهێنان یان بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستاندا نەبووە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا دۆخەکە بەرەو ئاستێکی مەترسیدار پەرەی سەندووە، بەشێوەیەک لە هەرێمی کوردستان چالاکی مادده هۆشبەرەکان بەمشێوەیە تۆمارکراوە:

- دەستگیرکردنی ڕێژەیەکی زۆر لە بەکارهێنەران و بازرگانان.
- هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی مادده هۆشبەرەکان بەشێوەی سنوردار.
- سەرهەڵدانی تۆڕەکانی دابەشکردنی ڕێکخراوی مادده هۆشبەرەکان.
- بەکارهێنانی هەرێم وەک ڕێڕەوێکی ترانزێت و قاچاخچێتی.

نیگەرانییەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان تەنها لەسەر کاریگەرییە فیزیۆلۆژی و کۆمەڵایەتیەکان کورت نابێتەوە، بەڵکو مەترسییەکی گەورە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی، بەهای کۆمەڵایەتی، پەیکەری ئەخلاقی و گەشەپێدانی کۆمەڵگا دروست دەکات. ئەمەش ئاماژەیە بۆ قووڵبوونەوەی قەیرانێک کە داوای چارەسەر و کۆنترۆڵکردنی بەپەلە دەکات، لە ئەنجامی بەربڵاوی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستانیشدا ئەم نیگەرانیە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئەمنیانە بەردەوام باس دەکرێن.
هەڵکەوتەی جوگرافیای هەرێمی کوردستان، سەختی ئابووری، ناسەقامگیریی ئەمنی، لاوازی چاودێری لە هەندێک لە خاڵە سنوورییەکان و سنوورداربوونی هۆشیاری گشتی بوونەتە هۆکاری بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان.
ئەم توێژینەوەیە شرۆڤەی دۆخی ئێستای مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان دەکات، هەروەها هۆکار و دەرئەنجامەکانی بەکارهێنان و بازرگانییکردن بە مادده هۆشبەرەکان ڕوونەدەکاتەوە، لەلایەکی دیکەوە بە وردی هەڵسەنگاندن بۆ ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە پەیوەندییدارەکان لە چارەسەرکردنی ئەم پرسەدا دەکات، دواتر تیشک دەخاتە سەر خاڵە بەهێزە و لاوازەکان و دەرفەتەکانی چاکسازیی. لەسەر بنەمای تێکەڵەیەک لە کاری مەیدانی و بەکارهێنانی هەردوو میتۆدی (چۆنایەتی و چەندایەتی)، کە شیکاری داتا و ئاماری فەرمی بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە پارێزگاکانی (هەولێر، دهۆک، سلێمانی و هەڵەبجە) کراوە، هەروەها بە وردی شرۆڤەی چاوپێکەوتن و ڕاپرسییەکان دەکات، لە کۆتاییدا توێژینەوەکە پێشنیار و ستراتیژی پراکتیکی بۆ حکومەت و لایەنی پەیوەندییدار دەخاتەڕوو.

## لایەنی تیۆری و ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

### کێشەی توێژینەوەکە

بەکارهێنان، ئالوودەبوون و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان وەک ئاڵەنگاری و دیاردەیەکی پەرەسەندوو لە هەرێمی کوردستان لەم چەند ساڵانەی ڕابردوودا سەری هەڵداوە، بەتایبەت لە دوای سەرهەڵدانی ڕێکخراوی داعش. لاوازییە کەسییەکانی وەک بەرکەوتنی پێشوەختە بە مادده هۆشبەرەکان، زەبر و زەنگی دەروونی و نەبوونی پشتیوانی خێزان لەگەڵ بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئابورییە فراوانەکانی وەک هەژاری، بێکاری و کاریگەری هاوڕێیان دا یەکدەگرنەوە. لە هەمان کاتدا، سنورداری چاودێری حکومەت، نەبوونی ژێرخانی چارەسەرکردنی پێویست و کەلێنەکانی جێبەجێکردن شیاندنەوە بەشدارن لە قووڵبوونەوەی قەیرانەکە. سەرەڕای بەرزبوونەوەی ڕوداو و ئامارەکانی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان، بەڵام نەبوونی توێژینەوەیەکی گشتگیر و زانستی سەبارەت بەم پرسە و بەتایبەت لە ساڵی(٢٠٢٠- ٢٠٢٤) دا جێگەی گرنگی پێدانە. بەشێوەیەک، زۆربەی توێژینەوەکانی ئێستا سنووردارن لە ڕووی پانتاییەوە، یان لەسەر بنەمای زانیارییە ئەزموونییەکان نین. لە ئەنجامدا، وەڵامدانەوەی سیاسەت و بەرنامەکانی چارەسەرکردن بنەمایەکی تۆکمەیان لە کۆمەڵگەدا نەبووە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ئەو بۆشاییە زانستییە پڕبکاتەوە بە ئەنجامدانی شیکارییەکی ورد بۆ داتاکان لە ساڵی(٢٠٢٠ تا ٢٠٢٤) ، وەک بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان، دیمۆگرافیای بەکارهێنەران و وەڵامە یاساییەکان.

## پرسیاری توێژینەوەکە

توێژەران، بە گرنگییەوە بە دوای وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاردا دەگەڕێن لەوانە:

1. ئایا هەرێمی کوردستان تەنها ناوەندێکی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرە، یان لەخۆگری پرسەکانی تری وەک بەرهەمهێنان، هێڵی گواستنەوەی نێودەوڵەتی، بازرگانیکردن و تۆڕەکانی دابەشکردنە؟
2. تا چ ڕادەیەک حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان بە شێوەیەکی کاریگەر وەڵامی پەرەسەندنی قەیرانی مادده هۆشبەرەکانیان داوەتەوە؟ ئایا ستراتیژییەکانی ئێستا بەس بوون، یان لاوازی و بۆشایی بەرچاو ئاشکرا دەکەن؟
3. ئایا دروستە بانگەشەی ئەوە بکرێت کە پارێزگایەکی دیاریکراو لە هەرێمی کوردستان زۆرترین ڕێژەی چالاکی مادده هۆشبەرەکان بەخۆیەوە دەبینێت، چ لە ڕووی بەکارهێنان و چ لە ڕووی بازرگانییەوە، لە کاتێکدا پارێزگاکانی دیکە کەمتر کاریگەرییان لەسەرە؟

## گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە کاتێکدایە، کە بەکارهێنان و بازرگانیکردنی مادده هۆشبەرەکان سنووری هەموو وڵاتانی تێپەڕاندووە و هەرێمی کوردستانیش بەدەر نییە لەو بارودۆخە مەترسیدارە. پایە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە، سەرەڕای بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و دەرخستنی لێکەوتە نەرێنییەکانی مادده هۆشبەرەکان، لەلایەکی دیکەوە هەوڵدانیشە بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان و ڕەواندنەوەی ئەو گریمانە و گومانانەی کە لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، بەتایبەتی ئەو دەنگۆیانەی باس لەوە دەکەن هەرێمی کوردستان بووەتە بەرهەمهێنەری مادده هۆشبەرەکان و ڕێڕەوی سەرەکی بازرگانیکردن و گواستنەوەیە بۆ دەرەوەی سنورەکانی خۆی. هەروەها ئەم توێژینەوەیە جیاوازترە لە توێژینەوەکانی دیکە مەودای کارکردن و لێکۆڵینەوەکانی تەنیا لە پارێزگایەکدا کورت ناکاتەوە، بەڵکو مەترسی مادده هۆشبەرەکان بەشێوەی مەیدانی لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان شرۆڤە دەکات گرنگییەکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بۆ یەکەمینجارە بەشێوەیەکی ورد و کاریگەر لە توێژینەوەیەکدا ڕاسپاردە و ستراتیژیی بەرەنگاربوونەوە وەک نەخشەڕێگەیەک بدرێت بە حکومەت و لایەنە پەیوەندییدارەکان، بۆ کۆنترۆڵکردن و سنوردانانی مادده هۆشبەرەکان، بە ئامانجی دروستکردنی ڕاسپاردەی پراکتیکی و داتا-جولێنەرەکانە بۆ خۆپاراستن، چارەسەرکردن، داڕشتنی ستراتیجی شیاو بۆ سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان، کە لەگەڵ چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هەرێمی کوردستان بگونجێت.

## ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوەکە

کارکردن لەسەر پرسێکی هەستیاری وەک مادده هۆشبەرەکان، بێگومان ئاستەنگ و ڕێگریی زۆری تووش دێت. ئەم توێژینەوەیەش بەدەر نەبووە لەو ڕێگرییانە. ئاستەنگی سەرەکی توێژەران، بەدواداچوونی ورد و هەوڵدانی زۆربوو هەتا توانرا داتا و زانیاری فەرمی بەردەستبخەین.

یەکێک لەو ئاستەنگە سەرەکییانەی ڕووبەڕووی توێژەران بووەوە، کێشەکانی پەیوەست بە داتای فەرمی ساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢٢)ی لە پارێزگای سلێمانی بوو، بەشێکیش بۆ گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە و داڕشتنەوەی ناو سیستەمی ئەمنی و کارگێڕی ئەو پارێزگایە دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەم هۆیە دوای هەوڵدانێکی زۆر داتای ئەو سێ ساڵەمان دەستکەوت. هەروەها لە هەندێک بوار و بابەتدا نەتوانرا لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان زانیاری ورد و پێوست دەستبخرێت. پاشان، ئەنجامدانی ڕاپرسییەکەمان لە چاکسازی گەورانی دهۆک، وەک سلێمانی و هەولێر نەچوو بەڕێوە و ڕێگەنەدرا سەرجەم فۆرمە پێوستەکان دابەشبکەین.

بەڵام سەرەڕای هەموو ڕیگری و ئاستەنگەکان، زانیاری پێویست و گرنگ لەم توێژینەوەیە بەکارهاتووە، کە هەرگیز لە توێژینەوەکانی پێشتردا ئەم کارە نەکراوە، کە دەتوانرێت ببێتە نەخشەڕێگایەکی گرنگ بۆ ئەم پرسە و هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی بە ڕێگا و شێوازی جیاواز.

## مەودا و کاتی توێژینەوە

ئەم توێژینەوە، زیاتر لە (٣) مانگی خایاندووە، توێژەران بە وردی کاریان لەسەر کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان کردووە. بەشێوەیەک داتا و زانیارییەکان، لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان کۆکراونەتەوە، کە خۆی لە دوو ڕاپرسی گرنگدا دەبینێتەوە ئەوانیش، ڕاپرسی یەکەم لە نێو هاوڵاتییانی ئاسایی و ڕاپرسی دووەم لە نێو چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان لە ناو بەکارهێنەران و بازرگاناندا ئەنجامدراوە. جیاوازتر لە توێژینەوەکانی دیکە مەودای کارکردنی ئێمە هەر چوار پارێزگاکەی کوردستان بووە، نەک تەنیا ناوچەیەکی دیارییکراو. لەلایەکی دیکەوە بۆ تێگەیشتنێکی دروست و ورد شرۆڤەی مادده هۆشبەرەکان لە ماوەی پێنج ساڵدا لە (٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢٤) کراوە.

## پەیکەری توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە، لە چوار بەش، پێشەکی، دەرئەنجام و ڕاسپاردە پێکهاتووە. لە پێشەکی توێژینەوەکەدا تیۆری توێژینەوەکە شیکراوەتەوە، کە (کێشەی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانج و ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە و هەروەها مەودای توێژینەوەکە) لەخۆیگرتووە. بەشی یەکەمی توێژینەوەکە، دەروازەیەکە بۆ ناساندنی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان و جیهان. لەم بەشەدا، پێناسە و جۆری مادده هۆشبەرەکان خراوەتەڕوو، لەگەڵ باسکردنی دیاردەکە لە سەرئاستی جیهانی و لە ناو عێراقدا. هەروەها دۆخی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان باسکراوە و لەگەڵ خستنەڕووی داتاکانی ساڵانی (٢٠٢٠-٢٠٢٤)، لەلایەکی دیکەوە باس لە بەرهەمهێنان، بەکارهێنان و تۆڕەکانی دابەشکاریی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان کراوە. بەشی دووەم باس لە هۆکار و لێکەوتەکانی مادده هۆشبەرەکانە لە هەرێمی کوردستان. لەم بەشەدا، باس لە هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و لێکەوتەکانی بەکارهێنان و بڵاوبوونەوەی کراوە. بەشی سێهەم، ڕۆڵی حکومەتی هەرێم و ڕێگاکانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان شیکراوەتەوە . بەشی پێنجەم و کۆتایی، لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکەیە، کە تێیدا شیکردنەوەی داتا و ڕاپرسی زانیارییەکانی توێژینەوەکە کراوە.

## بەشی یەکەم: دەروازەیەک بۆ ناساندنی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان و جیهان

ئەم بەشە بەسەر سێ تەوەردا دابەشکراوە، لە تەوەری یەکەمدا چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ ناساندنی مادده هۆشبەرەکان خراوەتەڕوو، لەوانە پێناسەی ماددەی هۆشبەر و پۆلێنبەندییە زانستییە جیاوازەکان و ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان، هەروەها باس لە دیاردەی مادده هۆشبەرەکان لەسەر ئاستی جیهان و عێراق دەکات. هەرچی تەوەری دووەمە، بەدواداچوون بۆ ڕەوشی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (٢٠٢٠- ٢٠٢٤) دەکات. لە کۆتا تەوەریشدا، ئاماری بەکارهێنەر، بازرگان و بڕی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (٢٠٢٠-٢٠٢٤) خراوەتەڕوو.

## تەوەری یەکەم: چوارچێوەی تیۆری بۆ ناساندنی مادده هۆشبەرەکان و شرۆڤەکردنی لەسەر ئاستی جیهان

### پێناسەی مادده هۆشبەرەکان

دەیان پێناسە و ناساندنی جیاواز بەپێی بوارە جیاوازەکان بۆ مادده هۆشبەرەکان کراوە. ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO)، مادده هۆشبەرەکان بەم شێوەیە دەناسێنێت، "ماددەیەکە کە باری فیسیۆلۆجی یان دەروونی تاک دەگۆڕێت، بەتایبەتی کاتێک بە شێوەیەکی نادروست و خراپ بەکاردەهێنرێت ."[1] ناوەڕۆکی ئەم پێناسەیە، دەبەستریتەوە بە لایەنی دەررونی تاکەوە، کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە رەفتار، هەست و هۆشیارییدا، هەموو ئەو گۆڕانکارییانەش لە ژیانی ڕۆژانەی بەکارهێنەردا ڕەنگدانەوەی دەبێت. لە ئەنجامدا، دەستپێکێک بۆ شێواندنی دەروون و باری تەندروستی مرۆڤ دروست دەکات، کە بە ئالودەبوون و خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکانەوە کۆتایی دێت.[2]
کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لەسەر مرۆڤ، بە پێی مەودای بەکارهێنان و جۆرەکەی دەگۆڕێت. لە مەترسیدارترین لێکەوتە زیانبەخشەکانی، بریتین لە لادانی کۆمەڵایەتی، لە کاتێکدا لادان و لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە بە پێی کلتوور، نەریت و شوێن دەگۆڕێت.[3] هەروەها، ئالودەبوون، گرفتی دارایی، زیان گەیاندن بە تەندروستی، تێکدانی ئاسایش و زیادبوونی ڕێژەی تاوان، لە لێکەوتە مەترسیدارەکانی دیکەی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکانن.[4]

### پۆلێنی مادده هۆشبەرەکان

مادده هۆشبەرەکان لەسەر چەند پێودانگێک پۆلێندەکرێن، یەکێک لەوانە لە ڕووی سەرچاوە و ژێدەرەوەیە، بەپێی ئەم پێودانگە بەسەر سێ گرووپی سەرەکییدا دابەش دەکرێن:

جۆری یەکەم: مادده هۆشبەرە سروشتییەکان: کە ڕاستەوخۆ لە سەرچاوەی ڕووەکییەوە بەبێ گۆڕانکاری کیمیایی بەدەست دەهێنرێن. بۆ نموونە، ئەفیۆن لە پاپاڤەر سۆمنیفێرۆم (گوڵی خەشخاش)، کانەبیس (حەشیش) لە کانەبیس ساتیڤا و کۆکایین لە ئێریترۆکسیلۆم کۆکا بەرهەم دەهێنرێت.[5]

جۆی دووەم: مادده هۆشبەرە دروستکراوەکان: ئەوانەی کە بە تەواوی لە تاقیگەکاندا دروست دەکرێن و چەندین مادده لە خۆدەگرن، وەک میسامفیتامین، فێنتانیل (کەپتاگۆن) و ئێم دی ئێم ئەی.[6]

جۆری سێیەم: نیمچە-دروستکراوەکان: کە بە شێوەیەکی کیمیایی لە پێکهاتە سروشتییەکانەوە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. ئەمانیش نموونەیان زۆرە، وەک هێرۆین، کە لە مۆرفینەوە دروست دەکرێت، هەروەها ئێل ئێس دی کە لە ئەلکالۆیدەکانی ئێرگۆتەوە دەرهێنراوە.[7]

پۆلێنکردنی مادده هۆشبەرەکان بەپێی سەرچاوەکەیان بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمهێنان، ڕێکخستن و لێکەوتەکانیان گرنگە، چونکە ئەم پۆلێنکردنە یارمەتیدەر و هاوکار دەبێت لە بواری تەندروستی گشتی، لە هەمانکاتدا، بۆ ئامادەکردن و ڕێکخستنی ڕێوشوێنە یاساییەکانی تایبەت بە سنووردانان و بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە کۆمەڵگەدا[8].

جۆرێکی تر لە پۆلێنکردنی مادده هۆشبەرەکان، لەسەر پێودانگی یاسایی و نایاساییە، کە تەوەری یەکەمە بۆ دارِشتنی ستراتیژ و سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان. مادده یاساییەکان، وەک دەرمانە پزیشکییە ئارامکەرەوەکان، لەژێر بارودۆخی تایبەتی پزیشکی، یان تاقیگەیی ڕێگەپێدراون. لە کاتێکدا مادده هۆشبەرە نایاساییەکان، وەک هێرۆین و کۆکایین، بەهۆی مەترسییە تەندروستییەکان و زیانە کۆمەڵایەتییەکانەوە قەدەغەکراون[9].

هەرچەندە، ئەم دابەشکردنە هەمیشە لەسەر بنەمای بەڵگەی زانستی نییە، زۆرجار ڕەنگدانەوەی بڕیارە مێژوویی و سیاسییەکانی وڵاتانە. فلیپ بۆلاند پێی وایە، کە هەندێک ماددەی هۆشبەری یاسایی هەیە کە زیانی زیاتر دەگەیەنن لەوانەی کە قەدەغەکراون، چونکە لە حاڵەتی زۆر بەکارهێناندا، مەترسی تووشبوونی هەمیشەیی لێ دەکەوێتەوە،[10] بەڵام ئەم پۆلێنکردنە هەر چۆنێک بێت، بەرچاو ڕوونی و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و پێویستن بۆ کۆمەڵگە و ڕێکخستنی ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوە لە کۆمەڵگەدا.

سەرباری ئەو پۆلێنکردنانەی پێشوو، پۆلێنکردنی مادده نایاسییەکان لەسەر بنەمای کاریگەرییان لەسەر سیستمی دەماریی مێشکی مرۆڤ، گرنگترین پۆلێنکردنە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەکارهێنەران و بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان[11].

**خشتەی ژمارە (١)**

**پۆلێنکردنی مادده هۆشبەرەکان لەسەر بنەمای کاریگەرییان**

| پۆلێنکردن/ جۆر | کاریگەری/ ناساندن | نموونە |
|---|---|---|
| خاوکەرەوەکان /Depressants | خاوکردنەوەی چالاکی مێشک، کەمکردنەوەی گرژی و دڵەڕاوکێ | خواردنەوەی Alcohol ئەلکهولییەکان/ ،Barbiturates ، Benzodiazepines |
| چالاککەرەوەکان (وزەبەخشەکان) / Stimulants | خێراکردنی چالاکی مێشک، زیادکردنی وریایی و وزە. | کۆکایین/ Cocaine/ Amphetamines ئەمفیتامینەکان/ (کریستاڵ) میسامفیتامین/ Methamphetamine |

| | | |
|---|---|---|
| هەڵوەسەهێنەرەکان / (هەڵخەڵەتێنەرەکان) / Hallucinogens | شێواندنی تێگەیشتن، دروستکردنی خەون و خەیاڵی ناڕاست. | /ئێل ئێس دی(ئەسید) LSD /، پسیلۆسیبین Psilocybin، مێسکالین /Mescaline، |
| ئەفییونەکان/ Opioids(Narcotics) | کەمکردنەوەی ئازار، دروستکردنی هەستی خۆشی، مەترسی بەرزی ئالوودەبوون | مۆرفین/ Morphin هێرۆین، /Heroin فێنتانیل( کەپتاگۆن)/ Fentanyl، ترامۆدۆل |
| کانابینۆیدەکان/ Cannabis | کاریگەری تێکەڵاو (چالاککەر، خاوکەرەوە، هەڵخەڵەتێنەرەکان) | ماریوانا/ Marijuana حەشیش/Hashish |

**سەرچاوە: لە دروستکردنی ئەم خشتەیەدا سود لەم سەرچاوانە بینراوە:**

1: European Monitoring Centre for Drugs and Drug Addiction. European Drug Report 2023: Trends and Developments. Luxembourg: Publications Office of the European Union, 2023.
2: U.S. Drug Enforcement Administration. Drugs of Abuse: A DEA Resource Guide. Washington, DC: DEA, 2023. https://n9.cl/xvlq7
3: Glen R. Hanson, Peter J. Venturelli, and Annette E. Fleckenstein. Drugs and Society. 14th ed. Burlington, MA: Jones & Bartlett Learning, 2020.

لەم پۆلێنکردنەدا، ماددە هۆشبەرە نایاساییەکان پۆلێنکراون بۆ پێنج بەش، هەر جۆرێک بە نموونەوە ناساندنی بۆکراوە. لەهەمان کاتدا، ئەوەی جێگەی سەرنج و بایەخە، ئەم لیستە نوێ دەکرێتەوە بە پێی کات، چونکە بە درێژایی مێژوو لە ڕووی جۆرایەتی و چەندایەتییەوە، ماددە هۆشبەرە نایاساییەکان بەردەوام لە لایەن بازرگانانی ماددە هۆشبەرەکانەوە پەرەی پێدراوە، بەتایبەت لەسەدەی بیستەمەوە کە بەشێوەیەکی کارا و چالاک ئەم پرۆسەیە تەشەنەی سەندووە.[12]

## دۆخی مادده هۆشبەرەکان لە جیهاندا

بوونی بارودۆخی جەنگ و تیرۆر، گرفتی ئابووری و بێکاریی، کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتی، کاریگەرییە کلتووری و ژینگەییەکان، یارمەتیدەری سەرەکین بۆ هەڵکشانی مادده هۆشبەرەکان لەسەر ئاستی جیهان.[13] زۆرترین ژمارەی بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان لەسەر ئاستی جیهان، بریتین لە (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، هیندستان، ڕوسیا، بەڕازیل، نەیجیریا و ئێران).[14]

## دەوڵەتانی بەرهەمهێنی مادده هۆشبەرەکان لە جیهاندا:

**یەکەم: دەوڵەتانی سێگۆشەی زێڕین (Golden Triangle)**

پێکدێن لە دەوڵەتانی میانمار (بۆرما)، لائۆس و تایلەند، سەرچاوەیەکی سەرەکیین بۆ بەرهەمهێنانی هێرۆین و میتامفیتامینی (Methamphetamine) نایاسایی لە ئاسیا[15].

**دووەم: دەوڵەتانی مانگی زێڕین (Golden Crescent)**

پێکدێن لە دەوڵەتانی ئەفغانستان، ئێران و پاکستان، سەرچاوەی سەرەکی بەرهەمهێنانی تلیاک و هیرۆینن، بە تەنیا ئەفغانستان بەڕێژەی لە (٨٠٪) تلیاکی جیهان بەرهەم دەهێنیت.[16]

**سێهەم: دەوڵەتانی ئەمەریکای لاتین (هەرێمی ئەندی)**

پێک دێن لە دەوڵەتانی کۆڵۆمبیا، پیرۆ، بۆلیڤیا. سەرچاوەی سەرەکی بەرهەمهێنانی کۆکاینن، بەتایبەتی کۆڵۆمبیا وەک گەورەترین بەرهەمهێنی کۆکاین لە جیهاندا دەناسێنرێت[17].

**چوارەم: دەوڵەتی مەکسیک**

حەشیش، هیرۆین، میتامفیتامین و فێنتانیڵ (Fentanyl) بەرهەم دەهێنێت و بازرگانی پێوە دەکات. هەروەها، ڕۆڵی سەرەکی لە بەرهەمهێنانی ئۆپیۆیدی دەستکرد(Synthetic Opioid) هەیە، لە ڕێگەی تۆڕە بازرگانییە نایاساییەکانەوە هەناردەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای دەکات.[18]

بەپێی ڕاپۆرتەکانی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مادده هۆشبەرەکان و تاوان (UNODC)، کە لە ساڵی (٢٠١٢ هەتا ٢٠٢٢)ەوە، ئاماری تایبەت بە بەکارهێنەر، جۆری مادده بەربڵاوەکان، هۆکار و فاکتەرەکان، ڕەگەز و تەمەن، ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوە لەسەر ئاستی جیهان دەخاتەڕوو،[19] دەردەکەوێت، بەکارهێنان و بازرگانییکردن بە مادده هۆشبەرەکانەوە لەسەر ئاستی جیهان لە هەڵکشاندایە.

**خشتەی ژمارە (١)**

**پۆلێنکردنی مادده هۆشبەرەکان لەسەر بنەمای کاریگەرییان**




**Resource: World Drug Reports, United Nations Office on Drugs and Crime (2012-2022).**

وەک ئەوەی دەردەکەوێت، لە نێوان ساڵانی (٢٠١٢-٢٠١٥)، ڕێژەی بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان لە ئاستێکی کەمتردایە بە بەراورد بە ساڵانی دواتر، ڕێژەکە بەنزیکەیی لە نێوان (٢٤٣ بۆ ٢٥٠) ملیۆن بەکارهێنەردایە. بەڵام لە ساڵی (٢٠١٦ هەتا ٢٠٢٢)، ڕێژەی بەکارهێنەر بەرزبوونەوە تۆمار دەکات. بەجۆرێک، لە ساڵی (٢٠٢١)دا بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە جیهاندا تۆمارکراوە، کە بەنزیکەی بە (٢٩٦) ملیۆن کەس دەخەمڵێنرێت، ئەمەش واتە زیادبوونی بەکارهێنەران بە ڕێژەی (٢١.٨١٪) لەماوەی یەک دەیەدا. لە هەمان ساڵدا، (حەشیش) وەک زۆرترین ماددەی هۆشبەری بەکارهێنراو لە سەرانسەری جیهاندا بە (٢٢٨ ملیۆن بەکارهێنەر) تۆمارکراوە، دواتر دەرمانی ئۆپیۆید (٦٠ ملیۆن بەکارهێنەر)، ئەمفیتامین (٣٠ ملیۆن بەکارهێنەر)، کۆکاین (٢٣ ملیۆن بەکارهێنەر) و ئێکستازی (٢٠ ملیۆن بەکارهێنەر).[20] ئەم داتایانە، دەرخەری ئەوەن کە ئاستی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بە بەراورد بە دەیەیی ڕابردوو، لە سەر ئاستی جیهان لە هەڵکشانی بەردەوام دایە.[21]

لە ئەنجامدا، داتاکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە بەکارهێنان و بازرگانییکردن بە مادده هۆشبەرەکانەوە کێشەیەکی جیهانییە و پێویستی بە وەڵامدانەوەی نێودەوڵەتی هەیە.[22] لەپێناو کەمکردنەوەی کاریگەرییە فرە لایەنەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە سەرانسەری جیهاندا، پێویستە هەوڵەکان لەسەر ئاستی خۆپاراستن، دەستڕاگەیشتن، ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوە، کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەو و بازاڕەکانی مادده هۆشبەرەکان، چڕتر بکرێنەوە.

## ڕەوشی ماددەی هۆشبەر لە عێراق

مادە هۆشبەرەکان لە عێراق هەتا ساڵی (٢٠٠٣)، وەک حاڵەت ئاماژەی پێدەکرا و حاڵەتەکانی بەکارهێنان و بازرگانیکردن پێوەی سنوردار بوو لەبەر هەندێک هۆکاری ناوخۆی و دەرەکی. یاسا بەرکارەکان و سزادانی تاوانباران هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ سنوردانان و ڕێگری کردن لە تەشەنەسەندنی مادده هۆشبەرەکان[23]. دواتر، دەوڵەتێکی فیدراڵی لاواز دروست بوو بە کۆمەڵێک کێشە و ئاڵنگارییەوە، نا سەقامگیری سیاسی، دارایی، ئەمنی و کۆمەڵایەتی سیما بنەڕەتیەکانی ئەم دەوڵەتە بوو، ئەمانەش کاریگەری هەبوو لەسەر بارودۆخی عێراق و ڕەوشی مادده هۆشبەرەکان بەتایبەتی.[24] لە ئەنجامدا، دەزگاکانی ئاسایش توانای کۆنترۆڵکردنی ئەو ڕێژە زۆرەی ماددەی هۆشبەریان نەدەکرد، بەڕادەیەک عێراق لە هێڵی ترانزێتی ماددەی هۆشبەرەوە گۆڕا بۆ کۆمەڵگەیەکی بەکارهێنەر و تەنانەت بەرهەمهێنەری ماددەی هۆشبەر. هەربۆیە، لە کاتی سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش، بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر بوو بە دیاردەیەکی باو لە عێراقدا.[25]

## جوگرافیایی بەکارهێنان و بازرگانیکردنی ماددەی هۆشبەر لە عێراق

ئەو پارێزگایانەی کە سنووریان هەیە لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و ئامانجی باندەکانن، لەوانە پارێزگاکانی میسان، بەسرە و ئەنبار، لەکاتێکدا پارێزگای بابل کە ناوەڕاست و باشوور بەستووەتەوە، لە ڕێگەیەوە مادده هۆشبەرەکان دەگوازرێنەوە بۆ ناوەڕاست یان باکور. (بلال صبحی)، بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عێراق، بە پشبەستن بە ئاماری بەڕێوبەرایەتییەکە، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە "ناوچەکانی ڕەصافە لە بەغدا و پارێزگای میسان، لە پێشەوەی ئەو ناوچانەن کە زۆرترین بازرگانی و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکانیان تێدایە."[26] لەگەڵ ئەوەشدا، زهیرالشعلان پارێزگای دیوانییە لە چاوپێکەتنێکی تەلەفزیۆنیدا ئاماژەی بۆ کرد' بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە نێوان گەنجانی پارێزگای دیوانییە لە سەدا ٤٠ تێپەڕاندووە'[27] ئەمەش ڕێژەیەکی بەرز بوو لە بەکارهێنان کە هەتا ئێستا لە عێراق تۆمار کرا بێت.

## بڕی دەستبەسەرداگیراوی ماددەی هۆشبەر لە عێراق (٢٠٢٠-٢٠٢٤)

لە ساڵی(٢٠٢٠ تا ٢٠٢٤) بەکارهێنان و بازرگانی کردنی مادده هۆشبەرەکان گۆڕانکاری بەرچاوی بە خۆیەوە بینیووە، بەپێی سەرچاوە فەرمییەکانی حکومەتی عێراق. لە ساڵی(٢٠٢٠) دا، بڕی دەستبەسەرداگیراوی مادده هۆشبەرەکان لە عێراق بریتی بوو لە (١,٠٥٧) کگم، زۆرترین ڕێژە هیرۆین بوو بە بڕی (٥٤٨/ کگم) و بە دوای هیرۆین دا کەپتاگۆن دێت بە بڕی (٣٢٢ /کگم) . خاڵی لوتکە کە ئاماژەی بۆ بکرێت لە ساڵی(٢٠٢٣) بوو، ڕیکۆردێکی نوێی شکاند بە بڕی(٧,٠٧٩) کگم مادده هۆشبەر. ئەمەش بریتی بوو لە(٤,٠٩٥) کگم کەپتاگۆن ، دواتر(١٢٧٨) کگم کریستاڵ، (١٠) کگم کۆکاین،(٢٣٣) کگم هیرۆین و (١١٩) کگم حەشیش[28]. لەلایەکی تروە ئاماری ساڵی (٢٠٢٤) جیاوازە. بەو پێیەی داتا بڵاوکراوەکان بەشێوەیەکی تەواو پۆلێنی بڕی مادده هۆشبەرەکانی نەکردووە و جیاوازیەک هەیە لە خستنەڕووی ئامارەکاندا.[29] بەشێوەیەک، لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢٤، ئاماری شەش مانگی یەکەمیان بڵاوکردەوە، کە زیاتر لە (١٠٠٠) کگم دەستبەرداگیراوە،[30] بەڵام شەش مانگ دواتر و لە مانگی(١٢ ی ٢٠٢٤)، وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕاپۆرتی کۆتایی (٢٠٢٤ ) بڵاوکردەوە، کە تیایدا بڕی دەستبەرداگیراوی ماددەی هۆشبەر بە (٦٠٠٠)کگم خەمڵاند.[31] بەشی زۆری ئەو بڕەش لە کەپتاگۆن پێکهاتبوو. واتە، کاتێک بەراوردی ئەم ئامارانە دەکەین بۆمان دەردەکەوێت هەندێک جۆری ماددەی هۆشبەر خێرا تر گەشەدەکەن لە بازرگانی و بەکارهێنانی لە عێراق دا و بەردەوام لە هەڵکشان دایە، ئەمەش لەسەر بنەمای ڕاپۆرتە فەرمی و نافەرمییەکان .

**هێڵکاری ژمارە (٢)**

**ئاماری دەستگیرکراو سزادراوانی ماددەی هۆشبەر لە عێراق (٢٠٢٠-٢٠٢٤)**




**سەرچاوە: دیزاینکردنی لەلایەن توێژەران پشت بەست بە: ڕاپۆرتی دەستەی مافی مرۆڤ و بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلییەکان سەربە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی عێراق**

هێڵکاریی ژمارە (٢) ئاماری دەستگیرکردنی بەکارهێنەران و بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان لە عێراق لە ساڵی (٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢٤ ) دەخاتەڕوو. وەک لە هێڵکاری ژمارە (٢)دا دەردەکەوێت، کەمترین دەستگیرکراو ( ٧،٥٠٠ ) کەس بووە لە کەیسی پەیوەندیدار بە مادده هۆشبەرەکانەوە لەعێراق دا ئەویش لە ساڵی(٢٠٢٠) دا تۆمارکراوە. پاشان ڕێژەکە بەرز بوویەوە بۆ (١٢،٨٠٠) کەس لە ساڵی (٢٠٢١) ، ئەم بەرزبوونەوەیە بەردەوامبوو بۆ (١٦،٨٠٠) لە ساڵی (٢٠٢٢) . لەلایەکی ترەوە، ژمارەی دەستگیرکراوان لە (٢٠٢٣)دا گەیشتە لوتکە، لەو ساڵەدا (١٩،٠٠٠) بەکارهێنەر و بازرگان دەستگیرکران. بەڵام، لە ساڵی (٢٠٢٤) دا، ژمارەی دەستگیرکردنەکان دابەزی بۆ (١٤،٤٣٨).

پشتبەست بەو زانیاریانەی خرانەڕوو ئەگەر هەڵسەنگاندێک بکەین بۆ ئاماری دەستگیرکراوان و بڕی ماددەی هۆشبەری دەستبەسەرداگیراو لە عێراقدا، دەردەکەوێت بەرزترین بڕی ماددەی هۆشبەر و دەستگیرکراو لە ساڵی (٢٠٢٣) دا تۆمارکراون. ئەمەش دەکرێت بۆ زیاد بەردەستبوونی مادە هۆشبەرەکان و باندەکانی بازرگانی کردن بگەڕێتەوە، هاوکات چڕکردنەوەی هەوڵەکانی حکومەتی عێراقی بۆ سنوردانان بۆ ئەو ڕەوشە مەترسیدارە. هەروەها، فاکتەرە هەرێمییەکانی وەک حکومڕانی ڕژێمی بەشار ئەسەد هۆکارێک بوو بۆ زیاتر هاتنەناوەی ماددەی هۆشبەر بۆ عێراق. دەرەنجامی هەوڵەکانی حکومەتی عێراق لە ساڵی (٢٠٢٢ -٢٠٢٣)، کەمبوونەوەی دیاردەی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بوو لە ساڵی (٢٠٢٤). واتە، دەتوانێت ئەو دابەزینە ڕێژەییی دەستگیرکراون ڕەنگدانەوەی کاریگەری ستراتیژەکانی بەرەنگاربوونەوەیە، یان گۆڕانکاری لە شێوازەکانی قاچاخی مادە هۆشبەرەکان بێت.

مادده هۆشبەرەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییدا، لەلایەن سێ ڕێککەوتننامەی سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕێکخراون، کە ئەوانیش بریتین لە:

١: ڕێککەوتننامەی تاک ( یەکخراو - گشتگیر) لەسەر مادده هۆشبەرەکان (١٩٦١)/ Single Convention on Narcotic Drugs: ئەم پەیماننامە بنەڕەتییە، بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان سنووردار دەکات، بۆ مەبەستی پزیشکی، زانستی و سیستمی کۆنترۆڵ، بەسەر چاندن، بەرهەمهێنان و دابەشکردنی مادده دیاریکراوەکان (نەتەوە یەکگرتووەکان، ١٩٦١).[32]

٢: ڕێککەوتننامەی مادده کارتێکەرە عەقڵییەکان (١٩٧١)/ Convention on Psychotropic Substances: ئەم ڕێککەوتنە، باس لە ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی مادده هۆشبەرە دروست کراوەکان دەکات، ئەو دەرمانانەی کە کاریگەرییان لەسەر مێشک هەیە، بۆ نموونە: وزە بەخشەکان، ئارامبەخشەکان و هەڵخەڵەتێنەرەکان.[33]

٣: ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی بازرگانی نایاسایی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان (١٩٨٨)/ United Nations Convention Against Illicit Traffic in Narcotic Drugs and Psychotropic Substances: هەروەها بە ڕێککەوتننامەی ڤیەننا ناسراوە، ئامرازی یاسایی بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی لە بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی مادده هۆشبەرەکان دابین دەکات، وەک ڕادەستکردنەوەی تاوانباران، دەستبەسەرداگرتنی سامان وماڵی بازرگانان و یارمەتی یاسایی هەمەلایەنە لە نێوان دەوڵەتان.[34]

ئەم ئامرازانە، بنچینەی یاسایی دەوڵەتان پێکدەهێنن بۆ کۆنترۆڵکردنی کێشەکانی مادده هۆشبەرەکان و گونجاندنی یاسا ناوخۆییەکانیان، لەگەڵ نۆرمە نێودەوڵەتییەکاندا. زۆربەی دەوڵەتانی جیهان، پابەندبوونی خۆیان بۆ ئەم ڕێکەوت نامانە نیشانداوە لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش و داڕشتنی سیاسەتی ناوخۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان. لە هەمان کاتدا، کۆمەڵێک ڕێکخراوی نێودەوڵەتی هەن بۆ جێبەجێکردن و بە کردارییکردنی ڕێکەوتننامەکان، وەک نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مادده هۆشبەرەکان و تاوان (UNODC)، کە بەرپرسیارە لە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی ساڵانەی مادده هۆشبەرەکانی جیهان، کە داتا، بارودۆخ و ڕاسپاردەکان لە خۆدەگرێت.[35] هەروەها بۆردی نێودەوڵەتی کۆنترۆڵکردنی مادده هۆشبەرەکان International Narcotics Control Board (INCB)، کە چاودێری و بەدواداچوون و هەماهەنگی دەوڵەتان دەکات لە بواری بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکاندا.*[36]

ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە، دەوڵەتی عێراقیش پابەندی هەر سێ ڕێکەوتننامەکەی نەتەوەیەکگرتووەکانە، هەرێمی کوردستانیش بە هەمان شێوە لەسەر ئاستی باڵا پابەندی و هەماهەنگی خۆی دووپاتکردووەتەوە.[37] سەرباری ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوە لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی، بەڵام ئاستی بەکارهێنان و بازرگانییکردن بە ماددەی هۆشبەرەکانەوە ساڵانە لە زیادبووندایە.

## تەوەری دووەم: ڕەوشی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان لە (٢٠٢٠-٢٠٢٤)

بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەرێمی کوردستان هەتا ساڵی (١٩٩٠)، هیچ حاڵەتێکی بەکارهێنان و بازرگانییکردنی مادده هۆشبەرەکانی تێدا تۆمار نەکراوە.[38] بەڵام دوای ڕاپەرینی ساڵی (١٩٩١)، سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و بە تایبەت لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا کرانەوە، ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ هاتنی مادده هۆشبەرەکان بۆ ناو هەرێمی کوردستان.[39] لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقیشەوە، بابەتەکە زیاتر بڵاوبوویەوە، بەڵام هەر لە چوارچێوەی حاڵەتدا مایەوە.[40] هەتا ئەوەی لە ساڵی (٢٠٠٧)دا، وەک دیاردەیەکی مەترسیدار ناسێندرا. لەو ساڵەدا، ڕێژەی بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان، لە هەرێمی کوردستان بۆ (١٠٠٠) کەس خەمڵێنرا.[41] لەهەمان ساڵدا، بەرپرسی هۆبەی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان لە پارێزگای سلێمانی، مەترسی مادده هۆشبەرەکانی وەک تیرۆر ناساند.

هەروەها، ڕەخنەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرت کە، "وەک پێویست درک بە مەترسی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان ناکات."[42] لە ساڵی (٢٠١٤) بەدواوە، خراپی دۆخی ئابووری، جەنگی تیرۆر، ئاوارەبوون، ناسەقامگیریی سیاسی و لاوازی ئاسایشی ناوچە سنوورییەکان، بوونە هۆکاری سەرەکی بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان.[43]

لە ئێستاشدا، بە گشتی لە چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، لە سەرەتای ساڵی (٢٠٢٥)ەوە، هەتاوەکوو (٢٠٢٥/٤/٣٠)، واتە لە ماوەی (٤) مانگدا، هەزار کەس بە تۆمەتی ماددەی هۆشبەر دەستگیرکراون. بەگوێرەی ژمارەی دەستگیرکراوانیش لە هەرێمی کوردستان لەم چوار مانگەدا، لە هەر ڕۆژێکدا (٨.٣) کەس لە هەرێمی کوردستان بە تۆمەتی ماددەی هۆشبەر دەستگیر دەکرێن .[44] واتە هەر سێ کاتژمێر جارێک کەسێک دەستگیر دەکرێت.

لە بارەی مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان، وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی وایە، "ماددەی هۆشبەر کاریگەرییەکەی کەمتر نییە لە تیرۆر، شەڕی ئەمڕۆمان هەر لەگەڵ تیرۆر و تیرۆریستان نییە، بەڵکوو هاوکات جەنگێکی تریش هەیە، کە بەرەنگاربوونەوەی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکانە."[45]

ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، دۆخی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی مەترسیداردایە. بەجۆرێک، بەکارهێنەر، بازرگان، هەوڵی بەرهەمهێنان، تۆڕی دابەشکاریی و ڕێڕەوی گواستنەوە لە خۆی دەگرێت، کە ئێمە لەم تەوەرەدا بە وردی باس لەو پێنج ئاستە دەکەین:

## یەکەم: بەکارهێنەری مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان

بەپێی داتای ڕێکخراوی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، لە ساڵی (٢٠١٧)دا لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا، زیاتر لە (١٠) هەزار هاونیشتیمانی ئالوودەی ماددەی هۆشبەر بوون. لە ساڵی (٢٠٢١)دا، ڕێژەکە بۆ (٥٠) هەزار بەکارهێنەر هەڵکشاوە.[46] هەرچەندە لەبەر هەستیاریی بابەتەکە، هەتا ئێستا لە هەرێمی کوردستان داتایەکی ورد بۆ دەرخستنی سەرجەم بەکارهێنەران نییە، بەڵام بەپێی ئەو بەدواداچوونە مەیدانییەی لە چوارچێوەی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە (٢٠١٩-٢٠٢٢)، لە لایەن (ڕێکخراوی NLP بۆ ڕاهێنان و ڕاوێژکاریی - لقی سلێمانی) کراوە،لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستاندا، زیاتر لە (١٠٠) هەزار بەکارهێنەری مادده هۆشبەرەکان هەن.[47] سەبارەت بەم بابەتە، بەڕێوەبەری گشتی چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەدا، "کە بە بەردەوامی هەزار ڕاگیراوی مادده هۆشبەرەکان لەبەڕێوەبەرایەتی ئاسایشەکانی هەرێمی کوردستاندا هەن."[48] هەروەها، ئاماژەی بەوەدا، "هەتا ساڵی (٢٠٢٢)، ساڵانە تەنیا (٥٠) کەس بەهۆی ماددەی هۆشبەرەوە لە ڕێگەی یاساوە سزادراون و دواتر زیندانیکراون، بەڵام تەنیا لە ساڵی (٢٠٢٤) دا، ڕێژەکە بۆ (٦٠٠) کەس بەرزبووەتەوە، واتە (١٢) هێندە زیادی کردووە."[49] تەنیا لە ساڵی (٢٠٢٤) دا، (٢٤٥٧) تۆمەتبار لە هەرێمی کوردستان لەسەر مادده هۆشبەرەکان دەستگیرکراون.[50] لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا لە (٢٠٢٠ هەتا ٢٠٢٤)، (١٢٧٣٣) کەس بە تۆمەتی مادده هۆشبەرەکان لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان دەستگیرکراون، کە لەو ڕێژەیەش (٩.٧٨) هەزار کەسیان بەکارهێنەری مادده هۆشبەرەکان بوون .[51] ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، ڕێژەیەکی بەرچاو لە بەکارهێنەری مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستاندا هەن.

## دووەم: بازرگان و تۆڕی دابەشکاریی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان

بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان، لە چالاکییەکانیاندا، بەردەوام دەستگیرکردنی بازرگانانی ماددەی هۆشبەر ڕادەگەیەنن، بەجۆرێک، کەم ڕۆژ هەیە چەند بازرگانێک دەستگیر نەکرێن.[52] بەپێی بڵاوکراوە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان، بازرگانی نێودەوڵەتیش کە هەڵگری ڕەگەزنامەی سوری و ئێرانین، لە پرۆسەکەدا هەن. وەک ئەوەی لە (٢٠٢٥/٤/٧)دا، تۆڕێکی (٧) کەسیی لە بازرگانی نێودەوڵەتی دەستگیرکران، کە لە سنووری پارێزگای سلێمانی و هەولێر چالاکیان هەبووە.[53]

تەنانەت تۆڕەکانی دابەشکاریی و بازرگانی ماددەی هۆشبەر، زۆر کات کەسانی بیانی لە خۆ دەگرێت، یان تێکەڵەیەکە لە کورد و عەرەب.[54] هەروەها، لەناو دەستگیرکراوانی بازرگانانی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان، ژمارەیەک بازرگان و ساغکەرەوە هەن، کە هەڵگری ڕەگەزنامەی سووریین و هەوڵیانداوە لە کوردستان حەبی (کەپتاگۆن) ساغبکەنەوە، بەڵام هەوڵەکانیان شکستیهێناوە. هەروەها، لەناو دەستگیرکراوانی ساڵی (٢٠٢٤)دا، لە سنووری پارێزگای (دهۆک و هەولێر)، (٨٣١) بازرگان هەن.[55] لە هەمان ساڵدا، لە سنووری پارێزگای سلێمانیش (٥٠٩) دەستگیکراو بە تۆمەتی بازرگانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دەستگیرکراون.[56]

هەر سەبارەت بە ڕەوشی مادده هۆشبەرەکان، لە (١٣ و ٢٠٢٥/٤/١٤)دا، لە دوو چالاکیدا لەناو شاری سلێمانی و ناوچەیەکی سنووری نزیک هەورامان، (٢٠) کیلۆگرام ماددەی هۆشبەر لە جۆری کریستاڵ و حەشیش و دوو بازرگان دەستگیرکراون[57]. هەروەها، بەڕێوبەرایەتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان لە هەولێر، لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٣/١٩)دا، تەنیا لە دوو هەفتەدا لە دهۆک و زاخۆ (١٦) تۆمەتبار لە بازرگان و تۆڕی دابەشکاریی و (٨٢) کیلۆگرام مادەی هۆشبەر دەستی بەسەرداگیراوە[58]. لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا لە (٢٠٢٠ هەتا ٢٠٢٤)، (٣٨٥٨) هەزار کەس بە تۆمەتی بازرگانیکردنی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان دەستگیرکراون.[59] ئەمەش ئاماژەیە بۆ زیادبوونی ڕێژەیەکی بەرچاو بازرگانی و گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان.

**وێنەی ژمارە (١)**

**وێنەی بازرگانێکی نێودەوڵەتییە کە لە لایەن دەزگای ئاسایشی هەرێمەوە لە سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین دەستگیرکراوە، لە سنورەکانی نێوان عێراق و سوریا کاری بازرگانی ماددەی هۆشبەری کردووە.**



**سەرچاوە: ڕاگەیاندراوی فەرمی دەزگای ئاسایشی هەرێم، پارێزگای سلێمانی، ٢٠٢٤/٥/٤.**

## سێیەم: ڕێڕەوی گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان

بەگوێرەی ڕاپۆرتی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مادده هۆشبەرەکان و تاوان (UNDOC) لە عێراق، ئاماژە بە سێ ڕێڕەوی بازرگانی ماددەی هۆشبەر دەکات، کە بریتین لە ڕێڕەوەکانی (باکور ، ناوەڕاست و باشور)ی عێراق، کە سنوورەکانی عێراق بە دەوڵەتانی ئێران، تورکیا و سوریاوە دەبەستنەوە. ڕێڕەوی باکوری عێراق، بەناو هەرێمی کوردستاندا تێدەپەڕێت. کە ئێمە لێرەدا ئەو ڕێڕەوە شرۆڤە دەکەین. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، ڕێڕەوەکە لە دەوڵەتی ئێرانەوە دێتە سنووری پارێزگای سلێمانی و دواتر بە پارێزگای هەولێر، دهۆک و موسڵدا تێدەپەڕێت و دەچێتە سنووری تورکیاوە و دواتر دەوڵەتانی ئەوروپا.[60] لانیکەم لە ساڵی (٢٠١٧)ەوە، ڕێڕەوی ناوخۆی باکور جێگرەوەیەکی گونجاوی بۆ بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان لە سنووری ئێرانەوە بۆ تورکیا دابین کردووە. بەم پێیە، سەرزەمینی هەرێمی کوردستان هاوشان لەگەڵ سنوورەکانی سوریا و ئێران، دەبێتە ڕێڕەوێکی گواستنەوەی مەترسیداری تۆڕەکانی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان.[61] تەنانەت لایەنی پەیوەندیداری عێراقی و کوردستانیش ئەمەی پشتڕاست کردووەتەوە. ڕێگای ناوخۆی باکوور، بە پلەی یەکەم بازرگانیکردن بە ماددەی ئەفیون و میتامفیتامین لە خۆ دەگرێت، کە لە سنووری ئێرانەوە بە قاچاخ دەهێنرێن. تلیاک لە ساڵی (٢٠١٩ تا ٢٠٢٣)، لە ڕێگەی ناوخۆی باکورەوە بازرگانی پێوەکراوە و دەستبەسەرداگرتنی زیاتر لە شاری هەولێر چڕ بووەتەوە، لەنێویاندا فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەو پارێزگایەش لە خۆ دەگرێت.[62] لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاپۆرتەدا، بەشێک لە میدیاکان ئاماژەیان بەوەدەدا، کە تەنیا پارێزگای سلێمانی ناوەندی گواستنەوەی مادده هۆشبەرەکانە،[63] بەڵام بە وردبوونەوە لە نەخشەکە، دەردەکەوێت لە ڕاستیدا ئەمە دوورە لە ڕاستییەوە، لەبەرئەوەی ڕێڕەوی باکور بەڕوونی سنووری پارێزگای سلێمانی و هەولێر دیاری دەکات و تەنانەت دهۆک و موسڵیش بەشێکن لەم ڕێڕەوە.

لەم بارەوە (عەقید سەلام عەبدولخالق، لێپرسراوی راگەیاندنی دەزگای ئاسایشی هەرێم)، وەک لایەنی پەیوەنییدار لە پارێزگای سلێمانی پێی ڕاگەیاندین: "کە پارێزگای سلێمانی پاکترین شاری عێراقە لەڕووی ماددەی هۆشبەرەوە".[64] بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە وتی: " لەپای ڕۆڵی کاریگەرمان لە دەستبەسەرداگرتنی مادده هۆشبەرەکان، زیاتر لە جارێک لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی فیدراڵییەوە ستایشکراوین"، لەلایەکی دیکەوە ئاماژەی بەوەدا "کە ئەو بڕە زۆرە لە دەستبەسەرداگرتنی ماددەی هۆشبەر و هەڵوەشاندنەوەی تۆڕە نێودەوڵەتییەکانی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەرەوە، وایکردوە پارێزگای سلێمانی جیاوازتر بێت لە پارێزگاکانی دیکە".[65]
هەروەها، کارلێککەرە عەقڵییەکانیش لە سنووری سووریاوە هاوردەی عێراق دەکرێن، لە عێراقیشەوە بۆ دەوڵەتانی کوەیت، سعودیە و وڵاتانی دیکەی کەنداوی عەرەبی دەنێردرێن.[66]

**نەخشەی ژمارە (١)**

**سێ ڕێڕەوی سەرەکی کە بۆ بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان لە عێراق بەکاردەهێنرێ**




**Resource: *United Nations Office on Drugs and Crime (UNODC). Drug Trafficking Dynamics across Iraq and the Middle East: Trends and Responses. Analysis Report. July 22, 2024. P 19**

## چوارەم: بەرهەمهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان

لە کاتێکدا بەرهەمهێنان و چاندنی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان باو نییە، بەڵام هەوڵی بەرهەمهێنانی سنووردار و چاندنی ماددەی هۆشبەر لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە تۆمارکراوە.[67] بە گوێرەی ڕاپۆرتی نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ماددەی هۆشبەر و تاوان (United Nations Office on Drugs and Crime)، لە موسەننا، کەرکووک و دوزخورماتوو هەوڵی بەرهەمهێنانی ماددەی هۆشبەر دەدرێت.[68] لەهەمان ڕاپۆرتدا ئەوە خراوەتەڕوو، کە گومان وایە تاقیگەی نهێنی بەرهەمهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە دەوروبەری شارەکانی نزیک سنوور و ناوچە شاخاوییەکان هەبێت.[69]

لە ئایاری (٢٠٢٤)دا، وەزارەتی ناوخۆی عێراق بە هاوبەشی لەگەڵ ئاسایشی پاریزگای سلیمانی ، کارگەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی میتامفیتامین و (کاپتاگۆن) لە ئۆپەراسیۆنێکی ئەمنی لە دەرەوەی سنووری پارێزگای سلێمانی ( قەزای دەربەندیخان ) ڕاگەیاند، کە ئەمە وەک گەورەترین مەترسی ناسێندرا، کە پێشتر لە عێراقدا هاوشێوەی نەبووە.[70] لە ماوەکانی ڕابوردووشدا، هەوڵی سنووردار لە سنووری پارێزگای دهۆک لە گوندی تیسانی سەر بە ناوچەی باجد کەندال، بۆ چاندنی ماددەی هۆشبەر لەناو خانووی پلاستیکییدا هەبوون.[71] بەڵام بەپێی لێدوانی فەرمی، هەتا ئێستا لە هەرێمی کوردستان ماددەی هۆشبەری بەرهەمهێنراو بە جۆرێک نەگەیشتووەتە ئاستێک، کە پاڵپشتی بازرگانیکردن بکات، یان لە بازاڕە نایاساییەکانی ماددەی هۆشبەردا ساغبکرێتەوە، بەڵکو سەرجەم حاڵەتەکان پێش ئەوەی بگاتە حاڵەتی بەبازاڕکردن، ئاشکرابوون و دەستیان بەسەرداگیراوە.[72]

## تەوەری سێیەم: ئاماری بەکارهێنەر، بازرگان و بڕی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان (٢٠٢٠-٢٠٢٤)

بەدەستهێنانی داتای پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان، پرۆسەیەکی ئاڵۆز و هەستیارە و داتاکان بە سەختی بەردەستدەخرێن. داتاکان بە دوو بەش دەخرێنەڕوو. داتای سنووری پارێزگای هەولێر، کە پێکدێت لە پێنج بەش تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە چوارچێوەی ئاسایشی ئەو ناوچانەدا، کە بریتین لە بەشی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە (دهۆک، سۆران، حاجی ئۆمەران، زاخۆ و بەم دواییانە کەرکوک)یش زیاد بووە.[*] هەموو ئەمانە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکانن لە هەولێر.[73] لە سنووری پارێزگای سلێمانیش، پێنج بەش هەیە کە بریتین لە (ڕاپەڕین، گەرمیان، ڕۆژهەڵاتی هەولێر مەبەست لێی سنووری کۆیەیە، ڕۆژئاوای سلێمانی مەبەست لێی سنووری چەمچەماڵە، هەروەها شارەزوور). داتای هەموو ئەم بەشانە بە پارێزگای هەڵەبجەشەوە، دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە سلێمانی، سەر بە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم.[74]

**هێڵکاری ژمارە (٣)**

**ئاماری تۆمەتبار، بەکارهێنەر و بازرگان لە سنوری پارێزگای هەولێر و دهۆک لە ٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢٤**




**سەرچاوە: ئەم داتایە وەرگیراوە لە بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان لە هەولێر، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٣/٢٥.**

بەپێی ئەو ئامارانەی لە هێڵکاری ژمارە (٣)دا دەردەکەوێت، لە نێوان ساڵانی(٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢٤) چالاکییەکانی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکان بەرزبوونەوەی بەرچاو لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک نیشان دەدات. بەجۆرێک ژمارەی گومانلێکراوانی مادده هۆشبەرەکان لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا بە ڕێژەی (٢١,٠٨%) زیادی کردووە. هاوکات ژمارەی بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان بە ڕێژەی(٣٠,٤٧%) دابەزیوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ستراتیژەی لەسەر ئاستی پارێزگاکان پەیڕەوکرا، کە تێیدا هەوڵێکی مەیدانی ورد درا بۆ دەستگیرکردنی تۆڕەکانی دابەشکاریی لە گرووپی بچووک و گەورە، ئەمەش وایکرد ڕێژەی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان بەراورد بە ساڵانی پێشوو کەمتر دەستبکەوێت.[75]. بەرزترین گۆڕانکاری لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا حاڵەتەکانی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکانەوە بووە، کە بەڕێژەی(٢٥٣.١٩% ) بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە.

**هێڵکاری ژمارە (٤)**

**داتای سنوری پارێزگای دهۆک و ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ***




**ئەم داتایە وەرگیراوە لە بەشی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکانی دهۆک، ٢٠٢٥/٣/٢٧**

لە ساڵی (٢٠٢٠ هەتا ٢٠٢٣) ڕێژەی بەکارهێنان و بازرگانیکردن لە دهۆک لە زیادبووندایە بە ڕێژەی (٢٣٪). بەڵام لە ساڵی (٢٠٢٤)دا، دابەزینی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە، بەجۆرێک بەراورد بە ساڵی (٢٠٢٣)، ڕێژەکە بۆ نزیکەی (٢٦٪) کەمبووەتەوە، ئەمەش نیشانەی پەیڕەوکردنی هەمان ستراتیژە کە لەسەرەوە باسکرا. [76] بە وردبوونەوە لە داتاکان بۆمان دەردەکەوێت کە پارێزگای دهۆک لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا، کەمترین بەکارهێنەر و بازرگانی ماددە هۆشبەرەکانی تێدا تۆمارکراوە، دەکرێت وەک یەکەمین پارێزگا بۆ سنورداری چالاکی ماددە هۆشبەرەکان بیناسێنین.

**داتای ماددە هۆشبەرەکان لە سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە**

داتاکانی پەیوەست بە سنووری پارێزگای سلێمانی لە نێوان ساڵانی (٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢٢) بەشێوەیەکی ورد ڕێکنەخرابوون، بەهۆی ئەوەی لەو ماوەیەدا (بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر) و (بەشی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەری ئاسایشی سلێمانی) هەبوون، هەریەکەیان داتای تایبەت بەخۆی هەبووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوای هەوڵدانێکی زۆر توانیمان لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکانەوە بەردەستیان بخەین. لە دوای ئەوەی ئەو دوو بەشە لە چوارچێوەی بەڕێوەبەرایەتییەکدا بەناوی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان/ سەر بە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم)ڕێکخرایەوە، داتای ساڵانی (٢٠٢٣ و ٢٠٢٤) بە ئاسانی توانرا بەردەستبخرێن.[77]

**هێڵکاری ژمارە (٥)**

**داتای پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە لە نێوان ساڵانی (٢٠٢٠-٢٠٢٤)**




**سەرچاوە: ئەم داتایە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکانی پاریزگای سلێمانی سەر بە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم. لە (٢٠٢٥/٤/٢١) وەرگیراوە.**

لە نێوان ساڵانی (٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢٤)، بەرزبوونەوەی بەرچاوی چالاکییەکانی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکان هەبووە. ژمارەی تۆمەتبارانی دەستگیرکراو لە (٣٢٠) کەسەوە بۆ (١١٦٠) کەس زیادیکردووە، واتا لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا بە ڕێژەی (٢٦٢.٥%) زیادیکردووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ پەرەسەندن و بەرزبوونەوەی چالاکی مادده هۆشبەرەکان. هەروەها بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان لە (٢٢٠) کەسەوە بۆ (٦٥١) کەس بەرزبوونەتەوە، کە ئەمەش واتا بە ڕێژەی (١٩٥.٩%) بەکارهێنەری مادده هۆشبەرەکان زیادیکردووە، ئەمەش گەشەیەکی نیگەرانکەر لە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکاندا نیشاندەدات. زۆرترین زیادبوون لە حاڵەتەکانی بازرگانیکردنی ناوخۆ و نێودەوڵەتیدا بووە، کە لە (١٠٠) کەسەوە بۆ (٥٠٩) کەس بەرزبووەتەوە، ئەمەش بەرزبوونەوەیە بەڕێژەی (٤٠٩%). بەگشتی، داتاکان ڕەنگدانەوەی پەرەسەندن مادده هۆشبەرەکانن کە پێویستی بە ڕێوشوێنی بەهێزتری خۆپارێزی، یاسایی و چاکسازی هەیە.

بەپێی داتاکانی خشتەی ژمارە (٣) و (٥)، لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا (٢٠٢٠-٢٠٢٤)، لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک ئاماری پەیوەندیدار بە مادده هۆشبەرەکان بە شێوەیەکی بەرچاو بە بەراورد بە سلێمانی و هەڵەبجە زیاترە. پارێزگای هەولێر و دهۆک (٦٨%)ی کۆی حاڵەتەکانی بازرگانیکردن و(٦٢%)ی بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان و(٦٥%)ی تۆمەتبارانی دەستگیرکراویان پێکهێناوە. لە لایەکی دیکەوە پارێزگای سلێمانی و هە ڵەبجە(٣٢%)ی حاڵەتە بازرگانییەکان و (٣٨%)ی بەکارهێنەران و(٣٥%)ی تۆمەتبارانی پێکهێناوە .

هێڵکاری ژمارە (٦)




سەرچاوە: ئەم هێڵکارییە پشتبەست بە داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەولێر و سلێمانی دیزاینکراوە.

لە نێوان ساڵانی (2020 بۆ 2024)، لە هەرێمی کوردستاندا (١٢٩٣٣) کەس کە پەیوەندییان بە چالاکییەکانی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکانەوە هەبووە دەستگیرکراون. لە نێوانیاندا (٩٠٧٨) کەسیان کە دەکاتە ڕێژەی (٧٠.٠٢٪) وەک بەکارهێنەری مادده هۆشبەرەکان تۆمارکراون، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەربڵاوی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکانە لە هەرێمی کوردستان. جگە لەوەش (٣٨٥٨) کەس بە تاوانی گواستنەوە و بازرگانییکردن بە مادده هۆشبەرەکانەوە دەستگیرکراون و وەک بازرگانی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی پۆلێنکراون، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی تۆڕی ڕێکخراو کە سەرقاڵی بڵاوکردنەوە، دابەشکردن و فرۆشتنی مادده هۆشبەرەکانن. ئەم دۆزینەوانە پێویستیان بە ستراتیژیی گشتگیر و بەپەلە هەیە کە خۆپاراستن و چارەسەرکردن بۆ بەکارهێنەران بخاتەڕوو، لەلایەکی دیکەوە تواناکانی جێبەجێکردنی یاسا و ڕێکارە ئەمنیەکان توندتر بکاتەوە بۆ تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی تۆڕەکانی بازرگانیکردن لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.

لە هەرێمی کوردستان، باوترین و مەترسیدارترینیان ماددەی هۆشبەری (کریستاڵ)ە[78]، بە زمانی باو "شیشە"ی پێ دەگوترێت و ناوە زانستییەکەی بریتییە لە (Methamphetamine).[79] ئەم ماددەیە، ڕاستەوخۆ لە ماوەی سێ خولەکدا کاریگەرییەکەی دەگات بە مێشک، بە میکرۆبی پووکانەوەی خانەکانی مێشک ناسراوە.[80]

بەپێی ڕاگەیاندراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەو مادانەی بەشێوەیەکی سەرەکی دەستیان بەسەردا دەگیرێت بریتین لە: تلیاک، هیرۆیین، کۆکاین، کریستاڵ، ماریوانا – جامایکا و حەشیش.[81] بە شێوەیەکی گشتی و بەربڵاو لە هەرێمی کوردستان، هەتا ساڵی (٢٠١٩)، نزیکەی (١٧) جۆری باوی ماددەی هۆشبەر تۆمارکراون[82]، بەڵام ساڵانە جۆری دیکەی نوێ بۆ لیستەکە زیاد دەبێت. نوێترینیان لە ئێستادا ماددەی هۆشبەری (کەپتاگۆن)ە، کە سەر بە پۆلێنی (میتامفیتامین)ەکانە.[83]هەرچەندە، ئەم ماددەیە لە هەرێمی کوردستان بەکارهێنەری نییە و تەنیا بازرگانی پێوە دەکرێت .[84] بەڵام ئەو ڕێژەیەی کە لە ماددەی (کەپتاگۆن)دەستی بەسەردا دەگیرێت، ڕێژەیەکی زۆرە. تەنیا لە ساڵی (٢٠٢٣)دا بڕی (٣) تەن لە هەرێمی کوردستان، واتا لە هەر پارێزگایەک بە نزیکەیی یەک تەن دەستی بەسەرداگیراوە. هەر کیلۆیەک (٦٠٠٠) هەزار دەنک حەپە، هەر دەنکێک دەتوانێت ببێتە مەترسی بۆ هەر خێزانێک.[85]

بەپێی ئەو ئامارانەی ساڵانە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان بڵاویدەکاتەوە، باوترین جۆری حەپە هۆشبەرەکان ئەمانەن: (کەپتاگۆن، ترامادۆڵ، سۆمادریل، پرازولام، میتادۆن، ئەکتیفیت، یونایتد، کلۆنازپام، ئیفدرین، یونۆکلۆید، مۆرفین، سۆمادرین، دیزاپام، ئارتین و ئیفدرین).[86] هەروەها، ئەم جۆرە حەپانە (ئەکتیفیت، یونایتد، ئیفدرین، یونۆکلۆید، مۆرفین)، لە کوردستانەوە بازرگانییان پێوە دەکرێت و دەنێردرێنە سنووری ئێران و لەوێشەوە لەگەڵ ئەسید (تێزاب) و چەندین ماددەی دیکەی کیمیایی تێکەڵ دەکرێن و ماددەی دیکەی هۆشبەریان لێ دروست دەکرێت و دیسانەوە بۆ کوردستان دەگەڕێنەوە.[87]

**خشتەی ژمارە (٢)**

**بڕی ماددەی هۆشبەر و حەپی هۆشبەر (کارتێکەرە عەقڵییەکان)، لە سنوری پارێزگای هەولێر و دهۆک**

| جۆری ماددە هۆشبەرەکان | ساڵ | بڕی ماددەی هۆشبەر | بڕی حەپی هۆشبەر |
|---|---|---|---|
| کریستال، حەپی هۆشبەری جۆری کەپتاگون، حشیش، تلیاك، هیروین ، ماریجوانا، جامایکا، کوکاین، زە یتی حشیش. | ٢٠٢٠ | ٥٥٥.٧٤٩ کگم | ٢٧٣٤ شیت |
| | ٢٠٢١ | ٢٣٢.٤٩٣ کگم | ٤٧٣٧٨ شیت |
| | ٢٠٢٢ | ٢٣٢.٤٩٣ کگم | ١٦٥٧ شیت، ٩٣٧.٢٥٠ کگم حەپی جۆرارجۆر. |
| | ٢٠٢٣ | ٤٨٢.١٢٤ کگم | ٦.٥٦ شیت و ٢٣٤٣،٢٥٤ کگم، حەپی جۆرارجۆر. |
| | ٢٠٢٤ | ٤٦٦.١٧٢ کگم | ٤٥.٥٦٤ کگم، ٣.٢٤٠ شیت حەپ |

**سەرچاوە: ئەم داتایە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان لە هەولێر، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٤/٢٥، وەرگیراوە.**

ئەوەی سەبارەت بە پارێزگای سلێمانی بەدەستهاتووە لە نێوان ساڵانی (٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢٤)، جۆرەکانی ماددەی هۆشبەری دەستبەسەرداگیراون، کە بریتین لە (کۆکاین، تلیاک، حەشیش، کریستاڵ، هیرۆین، تۆووی شادانە، ناس، تۆوی خاشخاشو ماریوانا). هەروەها، جۆری حەپی هۆشبەر بریتین لە (ترامادۆل، کەپتاگۆن، کلۆنازیپام، بێنزۆدایەزیپام، ئەمفیتامین بە دەنک، مێثادۆن بە دەنک، حەپی هۆشبەری جۆراوجۆر)، بە نزیکەی (١٠) جۆر ماددەی هۆشبەر دەستی بەسەردا گیراوە، بێجگە دەیان جۆری دیکە لە حەپی هۆشبەر.[88]

لە ساڵی (٢٠٢٢) نزیکەی (٤٥٠) کیۆگرام ماددەی هۆشبەر و (٦٢٥,٥٠٠) دەنک حەپی ترامادۆڵ دەستی بەسەردا گیراوە.[89] لە ساڵی (٢٠٢٣)شدا، (٣٨٦) کیلۆگرام لە ماددەی هۆشبەر، لەگەڵ (٨٦٨) کیلۆگرامی دیکە کە سەرجەمیان حەپن، بەڵام بە کیلۆ پۆلێنکراون، لەگەڵ (٢٤.٤٥٤) دەنک حەپی دیکە، دەستیان بەسەردا گیراوە.[90] بەڵام لە ساڵی (٢٠٢٤)دا، ڕێژەکە هەڵکشانێکی زۆری پێوە دیارە، بەشێوەیەک تەنیا لەم ساڵەدا بڕی (٢.٧٤١) دوو تەن و حەوت سەد و چل و یەک کیلۆگرام لە ماددەی هۆشبەر و (١٢١.٥٦٩)دەنک حەپ دەستی بەسەردا گیراوە.[91] ئەمەش بۆ یەکەمینجارە لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پارێزگایەک بەڕێژەیەکی هێندە بەرز ماددەی هۆشبەر دەستی بەسەردا بگیردرێت، دەکرێت ئەمە دەرخەری دوو ئاماژە بێت:[92]

یەکەم: بوونی گواستنەوەی ماددەیەکی زۆر لە سنوری پارێزگای سلێمانی بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق.
دووەم: ڕۆڵی کاریگەری دەزگای ئاسایشی هەرێم، کە لە توانایدایە دەستبگرێت بەسەر ئەو ڕێژە زۆرەدا.

**هێڵکاری ژمارە (٧)**

**بڕی دەستبەسەرداگیراوی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی ٢٠١٩ – ٢٠٢٣(*)**




**Resource: United Nations Office on Drugs and Crime (UNODC). Drug Trafficking Dynamics Across Iraq and The Middle East: Trends and Responses. Analysis Report. July 22, 2024. P22**

لە ساڵی (٢٠١٩ تا ٢٠٢٣)، هەرێمی کوردستان زیادبوونی بەردەوامی قەبارەی دەستبەسەرداگرتنی ماددە هۆشبەرەکانی بەخۆیەوە بینیووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەڵکشانێکی مەترسیداریی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکانەوە.

دەستبەسەرداگرتنی میتامفیتامین (کریستاڵ)، لە (٢٠٢٣ ,٧) کگم لە ساڵی(٢٠١٩) بۆ (٧٤,٥٦٠) کگم لە ساڵی (٢٠٢٣) بەرزبووەتەوە، ئەمەش واتا زیاتر لە دە هێندە زیادیکردووە. هەروەها، دەستبەسەرداگرتنی هیرۆین لە (٨٨١)کگم وە بۆ (٢,٢٧٥)کگم لە هەمان ماوەی ساڵدا بەرزبووەتەوە. کاپتاگۆن کە لە ساڵانی (٢٠١٩ و ٢٠٢٠) تۆمارنەکراوە، بەڵام لە ساڵی (٢٠٢٣) بە شێوەیەکی بەرچاو سەریهەڵداوە، دەست بەسەر (١٣.٨٥٥)کگم دا گیراوە. هەروەها، ماددەکانی دیکەی وەک (حەشیش و تلیاک)یش زیادبوونی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینیووە و بە ڕێژەی زیاتر لە (٣٠ بۆ ٥٠) هێندە بەرزبوونەتەوە. ئەم داتایانە ئەوە دەردەخەن، کە هەرێمی کوردستان تا دێت دەبێتە ناوەندێکی سەرەکی گواستنەوە و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان.

## ڕەوشی ماددەی هۆشبەر لە ناو چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان

پرسی ماددەی هۆشبەر لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان بابەتێکە جێگەی مشتومڕە. بەپێی لێدوانی سزادراوێک لە چاکسازی گەورانی سلێمانی دەڵێت، "لە ئێستادا ماددەی هۆشبەر لە چاکسازییەکاندا زۆر قورسە دەستبکەوێت، بەڵام چەند ساڵێک لەمەوبەر زۆر بە ئاسانی دەستمان دەکەوت و بەکارمان دەهێنا، بەڕادەیەک لە ماوەی (٦) مانگدا نزیکەی (٥) ملیۆن دینارم بۆ کڕینی ماددەی هۆشبەر لە زینداندا خەرجکردووە."[٩٣] هەروەها، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە پارێزگای سلێمانی، دزەکردنی مادده هۆشبەرەکانی بۆ چاکسازیی گەورانی سلیمانی لە ساڵانی ڕابوردوودا پشتڕاستکردەوە. باسی لەوەکرد، کە دەیان کەسیان بە تۆمەتی بەکارهێنان و بازرگانیکردن دەستگیرکردووە و دووبارە پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ کراوەتەوە.[٩٤]
هەمان بارودۆخ لە چاکسازی گەورانی هەولێریش هەبووە، بەتایبەتی لە سەردەمی ڤایرۆسی کۆرۆنادا، ماددەی هۆشبەر بە چەندین ڕێگای جیاواز دزەی کردووەتە ناو چاکسازیی گەورانی هەولێر، بەڵام لە دوای ئەو وادەوە، پلانێکی ورد دانراوە و ئەو بابەتە بنەبڕکراوە.[٩٥] لەم بارەوە (کوێستان محمد)، وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی وتی "ئێمە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا پلانی وردمان داناوە بۆ بنەبڕکردنی ماددەی هۆشبەر لە ناو چاکسازییەکاندا[٩٦].
لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، لایەنی پەیوەندیدار لە چاکسازییەکاندا (وەک بەڕێوەبەری چاکسازیی و توێژەرەکان)، کۆکن لەسەر ئەوەی کە ناتوانرێت ماددەی هۆشبەر لەناو چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان، لەسەدا سەد بنەبڕ بکرێت، چونکە لە ڕۆژانی سەردانیکردندا بۆ لای زیندانیکراوان لەهەرچاکسازییەکدا (٥٠٠ بۆ ٦٠٠) کەس سەردان دەکەن، هەندێکجار ڕوودەدات ماددەی هۆشبەر دزەی پێبکرێت، بەجۆرێک ڕوویداوە ماددەی هۆشبەر لەلایەن خانمانەوە کراوەتە شوێنە هەستیارەکانی جەستەوە، لەبەرئەوە ئەو توانایەی چاکسازییەکان لەبەردەستیاندایە لە پێداویستی سۆنەر و پشکنینی مۆدێرن و پێشکەوتوو، ناتوانرێت لەسەدا سەد کۆنترۆڵی ئەم بابەتەی پێبکرێت.[٩٧]

لەلایەکی دیکەوە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان زیاتر لەو ڕێژە ستانداردەی بۆی دیارییکراوە، زیندانیکراو لەخۆی دەگرێت، هەر چاکسازییەک لە توانایدایە (٩٠٠ بۆ ١٠٠٠) کەس وەربگرێت، بەڵام لە بەرواری (٢٠٢٥/٧/١)دا، چاکسازی گەورانی هەولێر(٢١٠٠) و چاکسازی گەورانی دهۆک (١٣٧٠) و چاکسازی گەورانی سلێمانی (١٦٧٤) زیندانیکراوی تێدایە، بەبێ ژنان و منداڵان کە ئەوانیش ڕێژەیەکی بەرچاون وەک هەولێر (٣٤٩)، دهۆک (١٢٤) و سلێمانی (١٠٤) زیندانیکراون، هەمووی بەسەر یەکەوە دەکاتە (٥٧٢١) زیندانیکراو[٩٨].
لەلایەکی دیکەوە هۆڵەکانی چاکسازییەکان زیاتر لەوەی پێویستە زیندانیکراو لە خۆیان دەگرن، بە جۆرێک لە هەر هۆڵێکی چاکسازییەکاندا پێوستە (١٥) زیندانیکراو هەبێت، بەڵام لە ئێستادا هەر هۆڵێک (٣٠ بۆ ٣٥) زیندانیکراوی تێدایە[٩٩]. هەروەها بەپێی یاسا لە چاکسازییەکاندا پێوستە بۆ هەر (٢٥) زیندانیکراوێک یەک توێژەر هەبێت، بەڵام لە هەر چاکسازییەکدا بۆ (٢٥٠) زیندانیکراو تەنیا (١) توێژەر هەیە [١٠٠]، ئەمەش واتای ئەوەیە ژینگەیەکی گونجاو بۆ سەرجەم زیندانیان فەراهەم نیە و پێوستە حکومەتی هەرێم کاربکات بۆ دووبارە ڕێکخستنەوە و فراوانکردنی چاکسازییەکان.

دیارترین ئاستەنگەکان لە چاکسازییەکاندا بریتین لە:[١٠١]

- کەمی ستافی کارمەندان، بەتایبەتی توێژەرانی کۆمەڵایەتی، دەروونی و پزیشکی پسپۆڕ.
- نەبوونی دەرمانی پێویست بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئالودەبووانەی کە پێویستیان بە پێدانی چارەسەری پزیشکییە.
- نەبوونی بودجەی پێویست بۆ دابینکردنی پێداویستییە پزیشکی و لۆجیستییەکان و پرۆگرامەکانی ڕاهێنان.
- بچووکی شوێنی سەنتەرەکانی شیاندنەوەی ئالودەبووان لە ناو چاکسازییەکاندا.
- زۆری ڕێژەی زیندانیکراوان و سنورداری و بچوکی ژوور و هۆڵەکان.

**هێڵکاری ژمارە (٨)**

**داتای بەکارهێنەر و بازرگانەکان لە ناو چاکسازییەکانی هەرێم**




**سەرچاوە: ئەم داتایانە بڵاونەکراوەن لە ئیحسان عبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری گشتی چاکسازییەکانی هەرێم، لە (٢٠٢٥/٦/١) وەرگیراون.**

هێڵکاری (٨)، ئاماری زیندانیکراوانی ماددەی هۆشبەر لە چاکسازیی گەوران و ژنان لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی هەر شەش چاکسازییەکە پیشان دەدات. لە پلەی یەکەمدا چاکسازی گەورانی هەولێر دێت، کە (٧٢٢) زیندانیکراوی ماددە هۆشبەرەکان لە خۆی دەگرێت، لەو ڕێژەیە (٢٥.٦٢٪)یان بەتۆمەتی بەکارهێنان و (٧٤.٣٨٪) یان بە تۆمەتی بازرگانییکردن زیندانیکراون. لە پلەی دووەمدا چاکسازی گەورانی سلێمانی دێت کە (٤٦٨) زیندانیکراوی ماددە هۆشبەرەکانی تێدایە لەو ڕێژەیەش (٤٢.٥٢٪) بە تۆمەتی بەکارهێنان و (٥٧،٤٨%)یان بە تۆمەتی بازرگانییکردن زیندانییکراون. ئەوەی لە داتاکانەوە هەستی پێدەکرێت ئەوەیە کە لە چاکسازی گەورانی هەولێر و سلێمانی ڕێژەی بازرگانی دەستگیرکراویان زیاترە لە بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر، ئەمەش دەرخەری زیادبوونی تۆڕەکانی دابەشکاری و بازرگانییە لە سنوری ئەم دوو پارێزگایە.

بە پێچەوانەوە، چاکسازی گەورانی دهۆک جیاوازە و زۆرینەی زیندانییەکان بەکارهێنەربوون کە دەکاتە ڕێژەی (٦٥،٨٣%)ی کۆی زیندانیکراوانی ئەو چاکسازییە، هەروەها کەمترین ئامار لە هەموو ڕوویەکەوە پیشان دەدات، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی کێشەکانی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکان لەم پارێزگایەدا بەراورد بە پارێزگاکانی دیکە سنووردارن. هەروەها زیندانیکراوی ژن ١ مێرمنداڵ، لە هەر سێ چاکسازی ژنان و منداڵانی پارێگاکان تۆمارکراون، هەولێر (٥٥) حاڵەت، سلێمانی (١٠) حاڵەت دهۆک (27) حاڵەت هەیە. ئەمەش تیشک دەخاتە سەر پەرەسەندنی ڕەهەندی ڕەگەز و تەمەن لە تاوانەکانی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکان.

نوێترین داتا لە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە (٢٠٢٥/٦/٢٦)دا لەلایەن وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی بەمشێوەیە خرایەڕوو: "لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان لە (٥٧١٠) سزادراو، (١٥٦٤)کەسیان بەهۆی ماددەی هۆشبەرەوە حوکمدراون، لەو ڕێژەیەش (٩١١) کەسیان بازرگان و(٦٥٣) کەسیان بەکارهێنەر بوون[١٠٢]، ئەمەش واتای ئەوەیە یەک لەسەر چواری سزادراوان، لە هەرێمی کوردستان لە سەر تاوانی ماددەی هۆشبەر دەستگیرکراون، کە دەکاتە ڕێژەی (٢٧،٠٣%)ی کۆی زیندانیکراوان.

هەروەها ئاماژە بەوەدرا" لە سەنتەرەکانی شیاندنەوە لە چاکسازییەکاندا (٧٦٥)سزادراو شیاندنەوەیان بۆ کراوە، لەو ژمارەیە (٥٠١) سزادراویان ساڵی پار و (٢٦٤) یان ئەم ساڵ شیاندنەوەیان بۆ کراوە"[١٠٣].

## بەشی دووەم: هۆکار و لێکەوتەکانی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان

ئەم بەشە تیشک دەخاتە سەر شرۆڤەکردنی هۆکار و کاریگەریی دەرئەنجامی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان لەهەرێمی کوردستان. لە تەوەری یەکەمدا، شیکارییەکی قووڵ لەبارەی ئەو هۆکارە بنەڕەتییانەی کە بەشدارن لە پەرەسەندنی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان دەخەینەڕوو. دواتر، لە تەوەری دووەمدا لێکۆڵینەوە لەو دەرئەنجامە جددیانە دەکەین، کە مەترسی مادده هۆشبەرەکان لەسەر تاک، خێزان و کۆمەڵگە درووستی دەکات.

### تەوەری یەکەم: هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان

لێرەدا، پشتبەست بە سەرچاوە و دیدی کەسانی تایبەتمەند، گرنگترین هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە چەند خاڵێکدا لە هەرێمی کوردستان دەخەینەڕوو:

## یەکەم: ناسەقامگیریی دۆخی سیاسی و ئەمنی

دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، کاریگەریی هەبوو لەسەر بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان. دواتر، هاتنی ئاوارەی بیانی لە دەوڵەتانی (سوریا، ئێران و خوارووی عێراق) هۆکاری دیکە بوون بۆ زیادبوونی بەکارهێنان و بازرگانیکردنی مادده هۆشبەرەکان. ئەم دۆخە لەگەڵ خۆیدا ناسەقامگیریی سیاسی، قەیرانی دارایی دروستکرد. ئەمەش هەمووی بوونە هۆکاری بنەڕەتی بڵاوبوونەوەی زیاتری مادده هۆشبەرەکان[(104)].

## دووەم: هەڵکەوتەی جوگرافی هەرێمی کوردستان

تێگەیشتن لە کێشەکانی مادده هۆشبەرەکان لە وڵاتانی دیکەدا، دەتوانێت تێڕوانینێکی بەنرخ سەبارەت بە دۆخی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمەکەمان دابین بکات. هەرێمی کوردستان، هاوسنوورە لەگەڵ وڵاتێکی گەورەی وەک ئێران، کە وڵاتی بەرهەمهێنەر و ئاڵوگۆڕی ماددەی هۆشبەرە. ئێران، بەهۆی بارودۆخی ئابووری و سیاسی نێو وڵاتەکە، بووەتە سەرچاوەی گەورەی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر.[(105)] هەرێمی کوردستان بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیاوە، بووەتە شوێنی گواستنەوە و ساغکردنەوە و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ ماددەکان. بۆ نموونە، بوونی (ئێران) لە تەنیشت (ئەفغانستان) و بوونی کوردستانیش لە تەنیشت (ئێران)، یەکێکە لە هۆکارەکانی بڵاوبوونەوە و ئاڵوگۆڕکردنی مادده هۆشبەرەکان. کەواتە، گۆاستنەوەی ناوچەیی و دراوسێیەتی وڵاتە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنەری مادده هۆشبەرەکان، بە هۆکاری هەرە گرنگی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان دەژمێردرێت.[(106)]

## سێیەم: کاریگەری بەرهەمهێنانی ماددەی هۆشبەر لە سوریا

پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە سوریا، یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی داهاتی ئەو ڕژێمە ئاشکرا بوو، کە خۆی لە بازرگانیکردن و بەرهەمهێنانی ماددەی هۆشبەردا دەبینییەوە. بەشێوەیەک، چەندین کارگەی شاراوەی هەبوون. لە ناو ماددەکانیشدا، (کەپتاگۆن) زۆرترین ڕێژەی بەر دەکەوت، کە ناوەندی سەرەکی لە ناوچەکانی نزیک دیمەشقی پایتەخت بوو.[(107)] لە کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠٢٤)، لە گەڵ ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە سوریا، بەڵگە و کارگەکانی ماددەی هۆشبەر ئاشکرابوون، ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بەم پرسە ، ئاماژە بەوە دەکات کە لە (٨٢٪)ی حەپی کەپتاگۆن کە لە ناوچەکەدا لە نێوان ساڵانی (٢٠١٩ -٢٠٢٣) بازرگانیيان پێوەکراوە، سەرچاوەکەیان سوریایە. بێگومان، هەرێمی کوردستان و عێراقیش کاریگەربوون بە دۆخی ماددەی هۆشبەر لە سوریا، حکومەتی عێراقی چەندینجار ئاماژەی بە دەستبەسەرداگرتنی ماددەی هۆشبەر کردووە، کە لە سوریاوە هاوردە کراون، چ بە مەبەستی بازرگانیکردن بێت لە ناو سنووری هەرێمی کوردستان و عێراق بێت، یاخود وەک ڕێڕەوێکی گواستنەوە بۆ دەوڵەتانی تر بە تایبەت بۆ سعودیە.[(108)]

## چوارەم: خراپی دۆخی ئابوری و بڵاوبوونەوەی بێکاریی

گرنگە وەک هۆکارێکی سەرەکی ئاماژە بەوە بدەین، کە خراپی دۆخی ئابووریی و بێکاریی لەگەڵ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، دوو کێشەی کۆمەڵایەتی جدین، ئالوودەبوون بە شێوەیەکی باو، پەیوەندی بە بێکاری و هەژارییەوە هەیە.[(109)] ئەو کەسانەی لە هەژاریدا دەژین، زیاتر تووشی ئالوودەبوون دەبن. لە لایەکی دیکەوە، ئەو کەسانەشی کە تووشی ئالوودەبوون دەبن، ئەگەری ئەوەیان زۆر زیاترە کە کۆتاییان بە هەژاریی بێت.[(110)] ئەمە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان، کە لەگەڵ قەیرانی دارایی لە دوای ساڵی (٢٠١٤)ەوە، لە هەرێمی کوردستان گەنجان زیاتر هانایان برد بۆ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، یان بەخەیاڵی زوو دەوڵەمەندبوون و بوون بە بازرگان. بۆیە، لەو وادە بەدواوە ئاستی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەیەکی زۆر زیادی کرد.[(111)]

## پێنجەم: نەبوونی هۆشیاری و زانیاریی دروست

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دیکەی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان لەلایەنی تاکەوە، نەبوونی هۆشیاری و زانیاریی دروستە سەبارەت بەم بابەتە. چونکە ڕێژەی لە (٩٠٪)ی بەکارهێنەران لەڕێگەی زانیاریی نادروست و هەڵخەڵەتێنەرەوە تووشی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەربوون.[112] یەکێک لە بەکارهێنەرەکان کە ئێستا لە چاکسازی گەورانی سلێمانییە لەم بارەوە گوتی، "لە قوتابخانەی ئامادەیی هاوڕێیەکەم بە بیانووی ئەوەی وزەی زیاتر لە کاتی یارییکردن بەدەست دەهێنم و هیلاک نابم، حەپی ماددەی هۆشبەری پێدام، دوای چەند جارێک لە بەکارهێنان، دواتر بووم بە بەکارهێنەری ماددەکانی دیکەی وەک کریستاڵ و هیرۆین و چارەنووسم گەیشت بە زیندان."[113]
ئەوەی سەلمێنراوە ئەوەیە، هەموو بەکارهێنەرێکی ماددە هۆشبەرەکان، بەردەوام هاوڕێی زیاتر پەیدا دەکات، خۆی نزیک دەکاتەوە لەو کەسانەی کە ئەگەری هەڵخەڵەتاندنیان هەیە، بۆ ئەوەی تووشیان بکات و تۆڕی پەیوەندییەکانی فراوانتر بکات.[114]

## شەشەم: لاوازی پەروەردەی خێزانی

توێژینەوەکان دەریانخستووە، کە خراپ مامەڵەکردن، پشتگوێخستن و پەروەردەی نادروست، لەدەستدانی دایک و باوک، زۆرجار دەبێتە هۆی تووشبوون بە نەخۆشییە دەروونییەکان، یان بەکارهێنەری ماددە هۆشبەرەکان لە تەمەنی گەورەییدا.[115] لە کاتێکدا کە پشتگیریی خێزان، یان هاوسەر زۆرجار کلیلی چاکبوونەوەن لە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، لەگەڵ ئەوەشدا، کەمی پشتیوانی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ پەرەپێدانی کێشەی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان. ئەو کەسانەی کە سیستەمی پشتیوانی کۆمەڵایەتی، یان خێزانێکی یەکگرتوویان هەیە، ئەگەری تووشبوونیان بە نەخۆشییە دەروونییەکان، یان بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان زۆر کەمترە.[116]
یەکێک لە بەکارهێنەرەکانی ماددە هۆشبەرەکان کە ماوەی زیاتر لە (٤) ساڵە وازی هێناوە، لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی هۆکاری توشبوونت چی بوو، ئەو گووتی، " یەکەمین هۆکاری توشبوونم پەراوێزخستنی خێزانەکەم و مامەڵەی توندی براگەورەکەم وای لێکردم بە لاڕێدا بڕۆم و هانا بۆ ڕێگەی نادروست بەرم، دوای ئەوەی توشبووم و نیشانەکانم تێدا دەرکەوت، هەر خێزانەکەم هاوکارم بوون بۆ ئەوەی وازبهێنم."[117] یەکێکی دیکە باسی لەوەکرد کە، "براکانم کاتێک زانیوویانە بەکارهێنەری ماددە هۆشبەرەکانم، بەتەواوی پەراوێزیان خستووم، لە کاردانەوەی ئەوەدا زیاتر هانام بۆ ئەم بابەتە برد."[118]

## حەوتەم: پلانی تۆڕەکانی دابەشکاریی و بە ئامانجگرتنی مێردمنداڵ و گەنجان

لە هەرێمی کوردستان بۆ دروستکردنی بازاڕی ماددە هۆشبەرەکان و زیاترکردنی تۆڕی بەکارهێنەران، باندەکانی دابەشکاریی یان ئەوانەی وابەستبوون، دەیانەوێت کەسانی دیکەش توش بکەن، کار لەسەر چەندین شوێن و چین و توێژی جیاواز دەکەن. بۆ نموونە، لە قوتابخانەکاندا هەوڵی لەم شێوەیە دراوە، یەکێک لە بەکارهێنەرەکان لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی فریودانی هاوپۆلەکەی کە گوایە بەکارهێنانی ئەم ماددەیە، وادەکات باشتر کۆنترۆڵی بەسەر وانەکاندا بشکێت، بوو بە بەکارهێنەری مادە هۆشبەرەکان.[119] لە ماوەکانی ڕابوردووشدا، لایەنی فەرمی ئەوەی پشتڕاستکردووەتەوە، کە تەنانەت لە ناو قوتابخانەی کچاندا دەستبەسەر ماددەی هۆشبەردا گیراوە.[120]

چەند ساڵێک لەمەوبەر، باندەکانی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان بۆ دروستکردنی تۆڕێکی فراوانی بەکارهێنەر، هانایان بردبوو بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم ماددەیە لە قوتابخانەکاندا[121]، بەتایبەتی لە نێوان پۆلی (٩ هەتا ١٢)، لەبەر ئەوەی ئەم چینە زیاتر حەزی بە سەرکێشی و تاقیکردنەوەی قەدەغەکراوەکان هەیە.[122]

### هەشتەم: حەزی خۆدەوڵەمەندکردن

حەزی خۆدەوڵەمەندکردن بە ماوەیەکی کەم و خێرا، یەکێکە لەو هۆکارانەی کە لە هەرێمی کوردستان ئاماژەی بۆ کراوە. بێکاری و قەیرانی دارایی، زۆرجار جیاوازیی چینایەتی لە ڕووی ئابوورییەوە لە کۆمەڵگەدا زیاد دەکات، کۆمەڵێک کە تووشی دارمانی ئابووری هاتوون، یان دەیانەوێت هاوشێوەی کۆمەڵێک کەس بگەن بە داهاتێکی بەرز، هانا دەبەن بۆ ڕێگەی هەڵە، لە ناویاندا بازرگانیکردن و گواستنەوەی مادده هۆشبەرەکان. ویستی بەدەستهێنانی پارەیەکی زۆر لە ماوەیەکی کەمدا، وای کردووە زۆر کەس لە هەرێمی کوردستان تێوەبگلێت. ئەم دۆخە، زیاتر لەگەڵ قەیرانی دارایی لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە دەستی پێکردووە.[123]

### نۆیەم: لاوازی ئاستی کەسایەتی

لاوازی کەسایەتی و نەبوونی بەهایەکی خودی بەرز، یەکێکە لە هۆکارەکانی دیکەی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان. ڕەهاگیریی نییە ئەگەر بگوترێت سەرجەمی ئەوانی تووش دەبن، بەدەست لاوازی کەسایەتییانەوە دەناڵێنن، توانای خۆکۆنترۆڵکردنیان نییە و بەردەوام لۆمەی کەسێتی خۆیان دەکەن و لە ناخدا هەست بە گرنگی و بەهای خۆیان ناکەن. بۆیە، بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕێن بەها بەدەستبهێننەوە، ئەوان بەئاسانی دەکەونە ژێر کاریگەریی تاقیکردنەوە نوێکان ئەگەر هەڵەش بن، وەک جگەرەکێشان، نێرگەلە، خووی خراپ و مادده هۆشبەرەکان.[124]

### دەیەم: تێوەگلانی کەسانێک کە ڕووبەڕووی یاسا ناکرێنەوە

لە هەرێمی کوردستان هۆکاری زۆر زیاتر هەیە هەندێک هۆکار هەیە هۆکاری سیاسین، "کەم نین ئەو قاچاخچی و بازرگانانەی خاوەنی پێگەی کۆمەڵایەتی، عەشایەری، حیزبی و سەربازیین کە خەریکی مامەڵەکردنن بەم بابەتەوە، ئەمە وا دەکات دواجار باند دروست ببێت، باندێک کە هێزە ئەمنییەکان دەسەڵاتییان نەبێت بەسەریاندا. ئەمەش وادەکات سەروەری یاسا نەمێنێت، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی دیکەی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان.[125]

### یانزەیەم: سەرکێشی تەمەنی هەرزەکاری و کاریگەریی هاوڕێ

یەکێکی دیکە لە هۆکارە سەرەکییەکان فشاری هاوڕێ و هاوتەمەنەکانە، ئەم پەیوەندییە بە بەردەوامی کاریگەری لەسەر ئەگەری پەرەسەندنی وابەستەیی بە جگەرەکێشان، نێرگەلە کێشان، ئەلکحول و مادده هۆشبەرەکانەوە هەیە، بەتایبەتی لە نێوان هەرزەکاران و گەنجاندا. زۆرێک لەو کەسانەی کە لە سەرەتاوە تووشی وابەستەیی بوون، سەرەتا لەلایەن هاوتەمەنەکانییانەوە هاندرابوون بۆ بەکارهێنانی ئەو ماددەیە.[126]

زۆرینەی ئەوانەی تووشی مادده هۆشبەرەکان دەبن، لە دەستپێکی تەمەنی گەنجیدان. بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە سلێمانی، بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر لە (١٧) ساڵەوە تۆمارکراوە، زۆرینەشیان لە نێوان تەمەنی (١٨ بۆ ٢٧) ساڵیدان.[127] چەندین هۆکاری مەترسی تاکەکەسی هەیە بۆ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، کە دەتوانرێت بەپێی گرووپی تەمەن پۆلێن بکرێن. بۆ نموونە، منداڵ و هەرزەکارانی خوار تەمەنی (١٨) ساڵ لە بەر چەند هۆکارێک ماددەکان تاقیدەکەنەوە، بۆ ئەوەی ئەزموونێکی نوێیان هەبێت، یان بۆ سەرگەرمی، زۆرن ئەو کەسانەی لەبەر حەزی تاقیکردنەوە دەبن بە بەکارهێنەری هەمیشەیی.[128]

## دوانزەیەم: کەموکوڕییەکانی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (٢٠٢٠)

بە تێگەیشتنی کەسانی تایبەتمەندی ئەم بوارە، یەکێک لە هۆکارەکانی تەشەنەسەندنی مادده هۆشبەرەکان لە دوای ساڵی (٢٠٢٠) وێڕای لایەنە ئەرێنییەکانی، بۆ یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2020 دەگەڕێتەوە.[129] بەجۆرێک وا دەردەکەوێت ئەم یاسایە بەشێوەیەکی دادپەروەر بەسەر هەموو بازرگانێکی ماددەی هۆشبەردا جێبەجێ ناکرێت "چونکە زۆرجار کەسانی خاوەن پێگەی سیاسی و دەسەڵاتدار لە پشتی بازرگانی ماددەی هۆشبەرەوەن، لە (٩٠%)ی ئەوانەی دەگیردرێن و ڕووبەڕووی یاسا دەکرێنەوە، هاوڵاتی و بازرگانانی ئاسایین، ئەوانی تر سەختە دەستگیربکرێن."[130] ئەمەش پرسی سەروەری یاسا دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

هەرچەندە ئەم یاسایە گۆڕانکاری زۆرباشی بەسەردا هێنراوە، بەتایبەتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ بەکارهێنەر وەک نەخۆش لە ناوەندی چارەسەری ئالوودەبووان، بەڵام بۆ بازرگانەکان بەراورد بە یاسای پێشتر(یاسای ژمارە ٦٨ی ساڵی ١٩٦٥)[131]، زیندانیکردن کەمکراوەتەوە و لەگەڵیشیدا سزای دارایی دانراوە، لە کاتێکدا سزایی دارایی بۆ کەسی بازرگانی ماددەی هۆشبەر، بابەتێکی قورس نییە.

تەنانەت لە جێبەجێکردنی یاساکەدا هیچ بازرگانێک (١٥) ساڵ زیندانیی نەکراوە. بەشێوەیەک لە ئێستادا لە چاکسازی گەورانی هەولێر، هیچ بازرگانێکی ماددەی هۆشبەر نییە کە (١٥) ساڵ سزادرابێت. سزاکان بەگشتی لە نێوان (٥ بۆ ١٠) ساڵدایە. ئەمەش سزایەکی کەمە بۆ بازرگانی ماددەی هۆشبەر، لەگەڵ دیاریکردنی سزای دارایی (پێبژاردن)، لەبەرامبەر کەمکردنەوەی سزادان[132]

کاتێک سزاکان توند نین، ئەوا لە دەرئەنجامدا ترسێکی ئەوتۆ نییە لە بەردەم بەکارهێنەر و بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان، ئەمەش وادەکات بابەتەکە لە تەشەنەی زیاتردا بێت.[133] هەروەها هەتا ئێستا گرەنتییەک نیە کە ئەو داهاتەی وەک سزا لە ڕێگەی پێبژاردنەوە لە بەکارهێنەران و بازرگانان وەردەگیردرێت، بەشێوەیەکی شەفاف بپارێزرێت و بۆ پرۆسەی خۆپارێزی و هۆشیاریی بەکاربهێنرێتەوە.[134]

وەک ئەوەی (دادوەر بیشوان تاهیر) ڕایگەیاند، " لە ساڵی (٢٠٢٥)دا، تەنیا لەیەک کەیسی دادگایکردندا، بڕی (٦٥)ملیۆن دینار پێبژاردن وەک سزا بەدەستهێنراوە ".[135] لەکاتێکدا بڕی ئەو داهاتە زۆرە و دەکرێت لە لە پرۆسەی شیاندنەوە و هەڵمەتی هۆشیاری لە کۆمەڵگەدا بەکاربهێنرێت.

لەم بارەوە پارێزەر (بەشار عەزیز) پێی وایە " بۆ یەکەمجارە لە هەرێمی کوردستان یاسایەکی هاوچەرخی بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەرەکان دەربچێت، ئالوودەبوون وەکو نەخۆشیی سەیربکات نەوەک تاوان، هەروەها لە چوارچێوەی ئەم یاسایەدا سزاکان توند کراون و هەموو ئەو مادانە جیاکراونەتەوە کە بە مادەی هۆشبەر دادەنرێن، لە چوارچێوەی ئەو خشتانەی کە لە یاساکەدا دەرکراون"، لەگەڵ ئەوەشدا پێی وایە"یاسای باش نابێتە ڕێخۆشکەر بۆ بڵاوبوونەوەی تاوانەکان، ئەگەر وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت، بەڵام جێبەجێنەکردنی زۆرجار بۆشایی یاسایی دروست دەکات."[136]

خوشێکی دیکەی یاساکە ئەوەیە ئەگەر کەسێک ماددەی هۆشبەر بگوازێتەوە، وەک بازرگان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، هەروەها لە پرۆژە یاساکەدا باسی بڕی دەستبەسەرداگرتنی ماددەی هۆشبەر نەکراوە، بۆ نمونە ئاماژە بەوە نەدراوە کە ئەگەر کەسێک (٥٠)کگم ی پێوە گیرا سزاکەی زیاترە لە کەسێک کە (٤٠)کگم پێوە دەگیرێت. تەنیا وەک عورفێکی دادوەریی ئەو کەسەی بڕێکی زیاتری پێوە دەگیردرێت سزاکەی قورستر دەکرێت، کە ئەمەش پێوستە لە یاساکەدا بەوردی دیاریی بکرێت.[137] پشتبەست بە زانیاریی کەسانی تایبەتمەندی بواری یاسایی دەکرێت کەموکوڕییەکانی یاساکە بەمشێوەیە دیاری بکەین:[138]

-کەمتر جێبەجێکردنی زیندانی هەتاهەتایی بۆ بازرگانانی ماددەی هۆشبەر.
-بوونی کەلێنی یاسایی کە ڕێگە بە کورتکردنەوەی ماوەی زیندانیکردن دەدات، لە بەرامبەر پێبژاردندا، بە تایبەتی لە ماددەکانی (٢٥، ٢٦ و ٣٠)دا.
- لە هەندێک باردا نەرمی لە سزادان و دەستوەردانی دەرەکی لە جێبەجێکردنی یاساکاندا هەیە.
-لەسەر بنەڕەتی بڕی دەستبەسەرداگرتنی مادده هۆشبەرەکان جیاوازی لەسزاکاندا نەکراوە.
-لە ئەگەری جێبەجێنەکردنی یاساکە وەک خۆی بۆشایی یاسایی دروست دەبێت.
-بەتەواویی جیاوازی ڕوون لە نێوان بەکارهێنەران، ئالوودەبووان، بازرگانان و گوازەرەوەکان نەکراوە.
- ئەو داهاتەی لە ئەنجامی پێبژاردنەکانەوە بەدەستدەهێنرێت، هیچ گرەنتیەک نیە کە پارێزراوبێت.

**چەند هۆکارێکی دیکەی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان[139]**

١. کرانەوەی سنووری هەرێمی کوردستان بەڕووی هاوڵاتیانی بیانی.
٢. کەمتەرخەمی ڕاگەیاندن، پیشاندانی ماددەی هۆشبەر لە فیلم و ڤیدیۆ کلیپەکاندا.
٣. دەستکەوتنی مادده هۆشبەرەکان بە ڕێگایەکی تاڕادەیەک ئاسان.
٤. خراپ بەکارهێنانی دەرمانی پزیشکی بەدەر لە ڕێنمایی پزیشکی.
٥. تووشکردنی کەسی بەرامبەر بە مەبەستی ناوزڕاندن.
٦. کەمتەرخەمی حکومەت و لایەنی پەیوەندییدار و وەزارەتەکان لە بەرەنگاربوونەوەدا

## تەوەری دووەم: لێکەوت و مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان

لەم تەوەرەدا، بەچەند خالێک باس لە مەترسی و لێکەوتەکانی مادده هۆشبەرەکان دەکەین:

### یەکەم: دابەشبوون و هەڵوەشانەوەی خێزان

ماددەی هۆشبەر یەکەم کاریگەری لەسەر خێزانە، تواناى ئەندامەکانی خێزان بۆ بە جێگەیاندنی ڕۆڵەکانیان لاواز دەکات.[140] بەشێوەیەک زۆر لایەنی ژیانی خێزانی دەخاتە مەترسییەوە، تا دەگات بە تێکچوون و هەڵوەشانەوەی خێزان.[141] بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، دەتوانێت سەرچاوە دارایی و سۆزدارییەکانی خێزانێک بەتەواوی تێکبدات. چونکە سەرچاوە بەردەستەکان بۆ بەردەستخستنی ماددەی هۆشبەر خەرج دەکرێن، نەک بۆ پێداویستییە سەرەتاییەکان.[142] لەگەڵ ئەوەشدا، هۆکاری سەرەکییە بۆ دابەشبوون و تێکچوونی شیرازەی خێزان.

## دووەم: دەرئەنجامە دەروونی و جەستەییەکان

لە ئەنجامی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکانەوە، کۆمەڵێک نیشانەی جەستەیی لە کەسی بەکارهێنەردا دەردەکەون، کە بریتین لە (کۆکەی بەردەوام، ماندوێتی و سووربوونەوەی چاوەکان). هەروەها، کۆمەڵێک کاریگەریی دیکەی زیانبەخش سەلمێنراوە، کە بریتین لە (نەخۆشییەکانی دڵ و خوێنبەرەکان، لەوانەش نارێکی لێدانی دڵ، یان جەڵتەی دڵ، گرژبوون، جەڵتەی مێشک، کێشەکانی هەناسەدان وەک شێرپەنجەی سییەکان، لاوازبوونی سیستمی بەرگری لەش، کەمخەوی و کەمبوونەوەی ئارەزووی سێکسی). گۆڕانکاری بەردەوام لە باری دەروونیدا، لەوانەش دڵەڕاوکێ و توڕەبوون.[143]

هەروەها، ئەو نیشانە دەروونییانەی کە ڕەنگە لە گەنجاندا زیاتر ببینرێن، بریتین لە (توڕەبوون، گۆڕانی کەسایەتی، گۆڕانی لەناکاوی باری دەروونی، ڕەفتاری نابەرپرسیارانە و خراپی بڕیاردان).[144] مادده هۆشبەرەکان، بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەری لەسەر جگەر و گورچیلە هەیە، وەک پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد، بەربڵاوترین ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە کریستاڵ (میتامفیتامین)، زۆرترین کاریگەری نەرێنیشی هەیە. بەجۆرێک، دوکەڵی ئەم ماددەیە لەسەر کۆئەندامی هەناسە، بە هەر بەشێکدا بڕوات لێکەوتەی نەرێنی بەجێدەهێڵێت. هەروەها، بە کوێشدا بێتەدەر کاریگەری نەرێنی دروست دەکات. لە دەرئەنجامدا، بەکارهێنەران توشی شێرپەنجەی دەمودان و خوێنبەربوونی ناوەکی دەکات، هەروەها تووشی پوکانەوەی مێشک و لە دەستدانی کۆنترۆڵ دەبن.[145]

هەروەها، کێشەکانی تەندروستی دەروونی وەک خەمۆکی، دواکەوتنی گەشەکردن، بێباکی، تەریکبوون و تێکچوونە دەروونی کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، زۆرجار پەیوەندییان بە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکانەوە هەیە. گەنجانی بەکارهێنەری مادده هۆشبەرەکان، مەترسی زیاتریان لەسەرە بۆ کێشەی تەندروستی دەروونی، لەوانەش خەمۆکی، کێشەی هەڵسوکەوت، تێکچوونی کەسایەتی، بیرکردنەوەی خۆکوژی، یان ڕەفتاری شەڕانگێزیی دژ بە کەسانی دەورووبەر.[146]

گرفتە دەروونییەکانی دیکە، بریتین لە دروستبوونی حاڵەتی وەسوەسە، واتە هەستەکانی تێکدەچێت، هەست بە بینینی بابەتی ناواقیعی دەکات، یان گوێی لە هەندێک دەنگ دەبێت کە لە واقیعدا وا نییە. هەروەها، هەست بە نامۆیی دەکات، یەکێکی تر لە زیانەکان توشی گومانی خراپ دەبێت، بۆ نموونە بەکارهێنەر زۆرجار وەهمی ئەوەی لا دروستدەبێت، کە هاوسەرەکەی خیانەتی لێدەکات، چاودێری توندی دەکات و زیانی پێدەگەیەنێت[147]

**هێڵکاری ژمارە (٩)**

**زیانەکانی بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان**




**سەرچاوە: چاوپێکەوتن لەگەڵ د.ئەفرام محەمەد پسپۆڕ و دکتۆرا لە نەخۆشیە دەروونییەکان، سلێمانی، ٢٠٢٥/٤/١٠**

## سێیەم: ڕەفتاری تاوانکاری و توندوتیژیی

پەیوەندییەکی زۆر لە نێوان بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و حەزی تاوانکاریدا هەیە.[148] بەشێوەیەکی ئەزموونی ئەوە سەلمێنراوە، کە ئەم دوو بابەتە پەیوەندییەکی بەهێزیان پێکەوە هەیە و زۆرجار کێشەی قوتابخانە و خێزان، بەشداریکردن لەگەڵ گرووپە نەرێنییەکانی هاوتەمەنەکان، نەبوونی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و دەستدرێژی جەستەیی، یان سێکسی دەهێنێتە ئاراوە.[149] بەکارهێنەران بەڕێژەیەکی بەرز لە کاری توندوتیژی و تاوانەوە دەگلێن.[150] باندەکان، بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان، لەشفرۆشی و زیادبوونی ژمارەی کوشتنی گەنجان لە کێشە کۆمەڵایەتی و تاوانکارییەکانن، کە زۆرجار پەیوەستن بە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکانەوە.[151] چونکە ماددە هۆشبەرەکان کاردەکەنە مێشک و عەقڵی مرۆڤ، مێشک وا لێدەکەن فەرمانەکانی بگۆڕێت و پرۆسەی بیرکردنەوەی گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەجۆرێک ئاڕاستەبکرێت کە ئەنجامدانی تاوانی لێبکەوێتەوە و پاڵنەرەکانی شەڕ و تاوانکاری چالاک بن، ئەمەش وادەکات کەسەکە تاوانی جۆراوجۆر ئەنجام بدات.[152] جگە لەوەش، بەکارهێنان و کردەوەکانی دیکەی پەیوەست بە ماددە هۆشبەرەکان، خۆیان تاوانن، تەنیا بەوەشەوە ناوەستن، بەڵکو سەر دەکێشن بۆ تاوانی دیکەی مەترسیدار، بۆ نموون کوشتن و سپی کردنەوەی پارە و تیرۆر.[153]

## چوارەم: مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی

دووژمنانی هەر نەتەوەیەک تەنها لە ڕێگەی داگیرکردنەوە هەوڵ نادەن نەتەوەیەکی دیکە لەناو ببەن، بەڵکوو ماددە هۆشبەرەکان چەکێکی ترە بۆ لەناوبردنی هەر نەتەوەیەک.[154] چونکە ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر کێشەی گەورەی ئەمنی لێدەکەوێتەوە، لەوانە درکاندنی نهێنی دامودەزگای ئاسایش و دەوڵەت، زانیاری پێدان بە دەوڵەتان بە تایبەت سەرچاوەی سامان و بەرژەوەندی نهێنی سەربازی، دروستبوونی باند و تۆڕی تاوانکاریی و چەکداریی. بێگومان، ماددەی هۆشبەر کاریگەری لەسەر ئاسایشی گشتی دەبێت، چونکە تاک پایەی کۆمەڵگەیە، ئەگەر ماددەی هۆشبەر لە کۆمەڵگەدا بڵاوبوویەوە، کۆمەڵگە تووشی دواکەوتن، بێکاری، ئاژاوەگێڕی دەبێتەوە، ئەمەش سەرەتایەکە بۆ نەمانی ئینتیمای نیشتیمانی.[155]

## پێنجەم: لە دەستدانی کار و خوێندن

کەسێک کە بەکارهێنەر یان ئالوودەبووی ماددە هۆشبەرەکانە، بە زەحمەت دەتوانێت لە شوێنی کاردا بەرپرسیارێتی خۆی بپارێزێت.[156] لە لایەکی دیکەوە، ڕەنگە ئەم کەسانە توانای کارکردنیان بە تەواوی دابەزێت و هەڵەی جددی بکەن بەهۆی کەمبوونەوەی توانای جەستەیی، یان مەعریفییان.[157] هەمووو ئەو خێزانانەی بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەریان هەیە، پشڕاستی ئەم ڕاستییە دەکەنەوە، کە تاکی بەکارهێنەر ناتوانێت لەسەر کارەکەی بەردەوام بێت، چونکە لایەنی دەروونی بە تەواویی لە کەسێکی ئاساییەوە دەگۆڕێت بۆکەسێکی ناسەقامگیر، پەراوێز و توند، هەروەها سیستمی خەوی تێکدەچێت، بەرۆژ دەخەوێت و بەشەو هەتا بەرەبەیان چالاکە، یان دوو ڕۆژ لەسەر یەک دەخەوێت، ئەمەش ئاستی وابەستەیی بە کارەکەیەوە ناهێڵێت.[158]

لە لایەکی دیکەوە، ئەو کەسانەی خوێندکارن و بەکارهێنەری ماددە هۆشبەرەکانن، ئەگەری وازهێنانیان لە خوێندن بەرێژەیەکی بەرزە. توێژینەوەیەکی بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزارییەکانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و تەندروستی دەروونی (SAMHSA)، لەسەر هەرزەکارانی پۆلی دوازدە (تەمەن ١٦ بۆ ١٨ ساڵ) ئەنجامدراوە، کە پێش تەواوکردنی خوێندن وازیان هێناوە. بەدڵنیاییەوە، ئەوە سەلمێنراوە کە ئەو هەرزەکارانەی ماددەی هۆشبەر بەکاردەهێنن، ئەگەری وازهێنانیان لە خوێندنی ئامادەیی، چوونە کۆلێژ یان بەدەستهێنانی بڕوانامەی کۆلێژ، کەمترە لە چاو ئەوانەی بەکاریناهێنن.[159]

## شەشەم: بەلاڕێدابردنی گەنج و هەرزەکار

لە ڕووی کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لە ژێر کاریگەری بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان گەنج و هەرزەکاران دەست دەکەن بە پێشێلکردنی یاسا. زیادکردنی هاوڕێی خراپ، داواکردنی پارەی زۆر، گرنگیدانی کەمتر بە جلوبەرگ، هەروەها پشتگوێخستنی لەناکاو لە ڕووخسار و جەستەدا، گۆشەگیریی و لادانی کۆمەڵایەتی.[160] خراپترین لێکەوتەی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان لە گەنجاندا ئەوەیە، توانای داهێنان و بەرەوپێشچوون دەکوژێت و دەستبەرداری خونەکانی دەبێت، زیاتر سەرگەرمی ئەنجامدانی تاوان و بابەتی لاوەکی دەبن. ئامادەنەبوون لە قوتابخانە/کۆلێژ و چالاکییەکانی تر، هەروەها زیادبوونی ئەگەری وازهێنان لە قوتابخانە/کۆلێژ، کێشەکانی پەیوەست بە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکانی گەنجانن.[161]

## حەوتەم: خەرجی زۆر لە پرۆسەی زیندانیکردندا

هەر بەکارهێنەر یان بازرگانێک کە دەستگیردەکرێت، خەرجی ئەم کەسە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت، ئەمەش دەبێتە بەهەردەردانی داهات و خەرجییەکی زۆر لە پرۆسەی چاکسازیی و شیاندنەوەدا،[162] لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان هەر زیندانییەک ڕۆژانە (٢٥) هەزار دینار تێچووی ژیانی لەسەر حکومەتی هەرێمە، ئەگەر بێت و ئەم بڕە پارەیە بۆ هەڵمەتی هۆشیاریی و خۆپارێزی بۆ هەر تاکێک تەرخان بکرێت لە کۆمەڵگەدا لێکەوتەکەی زۆر باشترە وەک ئەوەی لە زینداندا بۆی خەرج بکرێت.[163]

## هەشتەم: کۆمەڵێک لێکەوتە و مەترسی دیکە[164]

١. ئاستی سەقامگیریی و ئاسایش لە کۆمەڵگەدا تێکدەدات.
٢. دەبێتە هۆی زیاتربوونی تاوانی ڕێکخراو و لاوازکردنی دامەزراوەکان.
٣. تاکی گۆشەگیر و بێ بەرهەم، دروست دەکات.
٤. هەڵچوون، دڵەڕاوکێ، قبوڵنەکردنی ڕاستی، هەڵنەگرتنی بەرپرسیارێتی، لادانی کۆمەڵایەتی و شێوانی دەروون و هەستەکان بەدوای خۆیدا دەهێنێت.
٥. شکۆمەندی دەروون (عیزەتی نەفس)، بەها و کەسێتی مرۆڤ لە ناو دەبات

## بەشی سێیەم: ڕۆڵی حکومەتی هەرێم و هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان

لێدوانی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە، کە زۆر بە ڕژدی و بەرفراوانی کار لە سەر بەرەنگاربوونەوەی ئەم هەڕەشە مەترسیدارە دەکات و هەموو هەوڵێکی دەخاتەگەڕ، بۆ ئەوەی ڕێگە لە تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی زیاتری بگرێت. بەڵام هەتا ئەم ساتە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا لە چوارچێوەی بڕیاردایە و بەشێوەیەکی سنوردار هەنگاوی کرداری و گشتگیر نەنراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە هەڵسەنگاندنێک دەکەین بۆ ڕۆڵی حکومەتی هەرێم و ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان.

## تەوەری یەکەم: هەڵسەنگاندن بۆ ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکاندا

لە چوارچێوەی هەنگاوە کردارییەکاندا، لە ساڵی (٢٠٢٠)، یاسای ژمارە (١)ی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەر و کارتێکارە عەقڵییەکان لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان پەسەند کرا، سەرباری تێبینی و ڕەخنەکان، بەڵام بەراورد بە یاساکانی پێشتر وردتر و باشتر ڕێگاکانی بەرەنگاربوونەوەی خستووەتەڕوو.[165]
لەم بارەوە، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت، "دەبێت هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم هەماهەنگ و هاوکاربن بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە. ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکانمان پێکهێناوە، کە ژمارەیەک وەزارەت و دامودەزگای پەیوەندیداری تێدایە. لە لایەکی دیکەوە، لە پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ، بەشێک تایبەتکراوە بەو ڕاسپاردە نێودەوڵەتییانەی پەیوەستن بە بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان.[166] بەپێی ڕاگەیەندراوی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا، پلانێکی بەرەنگاربوونەوەی بەناونیشانی "ستراتیژییەتی نیشتیمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان." بە دروشمی "بە یەکەوە بەرەو کۆمەڵگەیەکی بەهێز و ساغڵەم" ڕاگەیاندووە.[167] هەتا ئەم ساتە لەسەر ئاستی حکومی دوو کۆنفرانس ئەنجامدراوە لە (١٥-١-٢٠٢٣) و (٢٩-٥-٢٠٢٤)[168]، بەشێوەی زارەکی ستراتیژیی بەرەنگاربوونەوە ڕاگەیەندراوە، کە لە چوار بواری سەرەکی پێکدێت[169]:

**هێڵکاری ژمارە (١٠)**

**ستراتیژییەتی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان**




**د. سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستی، کۆنفرانسی هەڵمەتی نیشتمانیی ڕووبەڕووبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان، هەولێر، ٢٠٢٥/٥/٢٩.**

حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەهەوڵدایە بۆ دروستکردنی سەنتەری هۆشیاری و شیاندنەوەی ئالوودەبوونی ماددە هۆشبەرەکان. ئەم سەنتەرە، لە بەرواری (٢٠٢٤/١١/٢٦)ەوە، لە لایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەسەر ڕووبەری (١٣) هەزار مەتر دووجا و لە هەولێر بەردی بناغەی دانراوە.[170] لەلایەکی دیکەوە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان، لە ناو چاکسازییەکاندا سەنتەری شیاندنەوەی ئالوودەبووانی دامەزراندووە، لەم بارەوە بەڕێوەبەری گشتی چاکسازییەکانی هەرێم دەڵێت، "کاریگەری سەنتەری شیاندنەوەی ئالوودەبوان گرنگ بووە، بەجۆرێک لە (٧٠٠) کەسی بەکارهێنەر (٥٠٠) دانیان کراونەتە ئەم پرۆگرامەوە، لەو ڕێژەیەش ژمارەیەکی زۆریان چاکبوونەوەتەوە و گەڕاونەتەوە بارودۆخی ئاسایی خۆیان." [171]

ئەمە بێجگە لەکردنەوەی خول و ڕاهێنانی تایبەت لەلایەن ڕێکخراوە بیانییەکان تایبەت بە ئەفسەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە کوردستان، کە ساڵانە لە چوارچێوەی ڕاهێنانەکاندا زانیاریی زانستییان پێدەدرێت. لە لایەکی دیکەوە، کەسانی تایبەتمەند لە هەرێمی کوردستانەوە بەشداری کۆنفرانس و ڕاهێنانی تایبەت بەم بوارە دەکەن.[172]

هەروەها، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان، بەشێوەی خۆکردی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوە یان هۆشیاریی، لە چوارچێوەی سیمینار، ڕاپۆرتی میدیایی، هۆشیاریی گشتی دەخەنەڕوو، لە کاریگەرترینیان (ڕێکخراوی NLP بۆ ڕاهێنان و ڕاوێژکاریی - لقی سلێمانی)ە، کە لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٩ هەتا ٢٠٢٢)، بە دروشمی (کۆمەڵگەیەک بەبێ ماددەی هۆشبەر) هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکانی ئەنجامداوە، کە تێیدا لەگەڵ نزیکەی (٦٠٠) مامۆستای ئاینی کۆبوونەوە و ئەوانیش لە مزگەوتەکانەوە هەڵمەتی هۆشیارییەکەیان فراوانتر کرد، بێجگە لە سازکردنی دەیان بەرنامەی تەلەفیزیۆنی، ڕاپۆرت و هەواڵی کاریگەر.[173] بەڵام ئەم هەوڵانە پێوستە وردتر و ڕێکخراوتر لە چوارچێوەی پلانی حکومەتی هەرێمدا جێگایان بۆ بکرێتەوە.



**وێنەی ژمارە (٢)**

**سەرچاوە: وێبسایتی ڕۆژنامەی هەولێر، ٢٠٢٥/٥/١٩، لەم لینکەوە بەردەستە: https://n9.cl/v24p7**

لەم وێنەیەدا بەڕێزان د.ئالان حەمە سعید وەزیری پەروەردە، د. سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی، د.بەشیر حەداد جێگری پێشووی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، د. جوتیار عادل سەرۆکی فەرمانگەی میدیا و زانیاری، د. دیندار زێباری ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەردەکەون، کە لە چوارچێوەی ستراتیژییەتی نیشتیمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان، لە (٢٠٢٥/٥/٢٩) ڕاسپاردە و پلانی داهاتووی خۆیان لە چوارچێوەی دامەزراوە و وەزارەتەکانیان خستەڕوو. هەر لەم کۆنفرانسەدا دەیان لایەنی دیکە لە حکومەتی هەرێمی کوردوستان و باڵیۆزو دبلۆماتکار و پیاوانی ئاینی و مامۆستایانی زانکۆ و پسپۆڕان بەشداریان تێداکردبوو.هەروەها بەرنامە و پلانی یەک ساڵەی هەڵمەتی نیشتیمانی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان خرایەڕوو. ئەم پرۆسەیە بە چاودێری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەچێت بەڕێوە و دەزگای خێرخوازی بارزانیش ڕۆڵی بەرچاو لەم هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەدا دەبینێت.[174]

بە پێی لێدوانی د. دیندار زێباری ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان "حکومەتی کەنەدا پرۆژەیەکی پشتیوانی دارایی بۆ هاوکاریکردنی حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتحادی ڕاگەیاندووە، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ دەبێت بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی حکومەتی هەرێم، لە بوارەکانی دابینکردنی پێداویستی لۆجیستی لە ئامێری پێشکەوتووی پشکنین، ئامێرە پزیشکییەکان، بە دیجیتاڵکردنی داتا، بەهێزکردنی خاڵەکانی پشکنین. هەروەها، باس لەوە کراوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەماهەنگی لەگەڵ نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مادده هۆشبەرەکان و تاوان (UNODC) لە ئاستێکی بەرزدایە".[175] لە لایەکی دیکەوە، مارک سرۆ، کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا، ستراتیژی وڵاتەکەی دەربارەی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە ناوچەکە خستووەتەڕوو. کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا ئاماژەی بەوە دا، یارمەتیدانی هاوبەشە هەرێمییەکانیان لە ڕووبەڕووبونەوەی بازرگانان و بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان لە ناوچەکە و دانانی ڕێبازێکی هەماهەنگ بۆ خستنەڕووی دەرمانی (کەپتاگۆن) وەک هەڕەشە، دوو سەرەکیترین ستراتیژی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە. [176]

حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار، بەردەوام باس لەوە دەکەن کە کار بۆ ئاستی سنووردانانی تەواوەتی مادده هۆشبەرەکان دەکەن، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان نەبێتە ناوەندێکی گواستنەوە. هەموو توانایەک دەخرێتەگەڕ، فرۆکەخانەکان و دەروازە نێودەوڵەتییەکان کۆنترۆڵ بکرێن و لەگەڵ پاسەوانانی سنووریش هەماهەنگی باش هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی دەروازە نافەرمییەکان. هەروەها، باس لە پەیوەندیی و هەماهەنگییەکی باش دەکرێت لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، کە لە ڕێگەی ئەم پەیوەندییەوە چەندین تۆڕی بازرگانی نێودەوڵەتی لەیەکتر هەڵوەشاوەتەوە.[177]

لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەدا، لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیووە سنوورێک دابنێت بۆ ئەوەی ماددەی هۆشبەر کەم بکاتەوە، هەرچەندە ڕێوشوێنە ئەمنییەکان توندتر کراونەتەوە، بەڵام ئەمە بەس نییە، پرۆسەیەکی هەمەلایەن و گشتگیر نییە و پێویستی بە هەوڵی زیاترە. لەم بارەوە، بەکر بایز قایمقامی پشدەر و شارەزا لە بواری مەترسی ماددەی هۆشبەرەکان، پێی وایە کە "حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندییدارەکان لە بابەتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکاندا، لە بەرگری نەرێنیدان، بە بەڵگەی ئەوەی ساڵانە ئامارەکانی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەرەوە لە هەڵکشاندایە.  بەجۆرێک نەیانتوانیووە هەتا ئێستا پرۆسەیەکی نیشتیمانی و سەرکەوتوو بۆ ئەم بابەتە ئەنجامبدەن، هەتا ئێستا لە سەر ئاستی (خێزان، قوتابخانە، زانکۆ، مزگەوت، ڕاگەیاندن و کۆمەڵگەی مەدەنی) پرۆسەیەکی هەمەلایەن و گشتگیر لەپێناو هۆشیاریی نیشتیمانی ئەنجام نەدراوە.[178]

## تەوەری دووەم: ڕێگاکانی کۆنترۆڵکردن و بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە سەر ئاستی پارێزگاکان

لە هەرێمی کوردستان، سەرجەم بەڕێوەبەرایەتی و بەش و بنکەکانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، لە سەر ئاستی پارێزگا و قەزاکان، بەشێوەیەکی سەرەکی گرنگی بە پرۆسەی دەستگیرکردنی بەکارهێنەر و بازرگانیکردن دەدەن و بەشێوەیەکی سنووردار هەڵمەتی هۆشیاریی گشتی بڵاودەکەنەوە. لە سەر ئاستی حکومەت و وەزارەتەکانیش، کۆمەڵێک ڕێکاری بەدواداچوون و ئاگایی پێشوەختە هەیە، ئێمە لەم تەوەرەدا باسی دەکەین.

### ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان چوار پایەی سەرەکییە[179]

1. هۆشیاری گشتی لەناو خەڵکدا.
٢. سەنتەری شیاندنەوە و چارەسەری بەکارهێنەران.
٣. بەدواداچوون و چاودێری لەسەر ئاستی ئاسایش، دادگا و سنوورەکان.
٤. بەدەستهێنانی هاوکاری نێودەوڵەتی.

هەتا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان، پلانێکی وردی نییە کە بەشێوەیەکی کرداری و سەرتاسەری ئەم چوار پایە سەرەکییە بگرێتەوە، ئەوەی ئێستا هەیە تەنیا چەند هەوڵێکی سنوورداره.[180]

### ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوە لە سنووری پارێزگای هەولێر و دهۆک

لە چوارچێوەی لیژنەیەکدا، هەڵمەتێکی گەڕان و پشکنین بۆ ئەو کافتریا و ڕێستۆرانتانە دەستپێکردووە، کە نێرگەلەی تێدا دەکێشرێت، بە مەبەستی پشکنین بۆ تووتنی نێرگەلەکە و پشکنینی کارمەندانی کافێکە.[181] پشکنینەکان دوو لایەن دەگرێتەوە، هەویر یان توتنی نێرگەلە، لەگەڵ ستافی کارمەندانی کافییەکان.[182] لەدوای پشکنینەکان، خاوەنی کافێ و ڕێستۆرانتەکانیش بەڵێننامەیان پێ پڕ دەکرێتەوە، کە نابێت هیچ کارمەندێکی کافێکە ماددەی هۆشبەر بەکار بهێنێت، یاخود بیکاتە ناو نێرگەلەکانەوە.[183]

هەروەها، لە سنووری دهۆک و هەولێر، لیژنەیەکی دیکە هەیە بۆ چاودێرییکردنی دەرمانخانەکان، بەپێی (ڕێنمایی سەندیکای دەرمانسازان، بەڕێوەبەرایەتی مادده هۆشبەرەکان و وەزارەتی تەندروستی).[184] لە سنووری پارێزگای هەولێر، زیاتر لە (٧٠٠) دەرمانخانە بەڵێننامەیان پێ پڕکراوەتەوە، بۆ ئەوەی دەرمانی هۆشبەری پزیشکی بەبێ ڕەچەتەی پزیشکی نەدرێت بە هیچ کەسێک.[185]

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە پارێزگای دهۆک ئاماژەیان بەوە داوە، کە "لە پرۆسەی دیاریکردنی بازرگان و تۆڕەکانی دابەشکاریی، بە پلەی یەکەم پشت دەبەسترێت بە سەرچاوەی هەواڵپیدان لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان. ئەمانەش ستراتیژیی کلاسیکین، ئێمە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا و جیهانگیریدا نارۆین، بۆیە پێوستە کارمەندانی بواری مادده هۆشبەرەکان بە زانیاریی و ئامێریی پێشکەوتوو ئاشنابکرێن. هاوشێوەی ئەو ڕێکار و ستراتیژانەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ڕابوردوودا گیراونەتەبەر، ئەگەر ماوەی یەک ساڵ ئەمە بکرێت، ئەوە بە دڵنایییەوە ماددەی هۆشبەر کۆنترۆڵ دەکرێت."[186] ئەوەی تێبینیکرا لە سەر ئاستی پارێزگای دهۆکیش، هەمان ڕیکارەکانی بەرەنگاربوونەوە پەیرەو دەکرێت، کە هەر خۆشیان وای دەبینن پێوستە ڕێکارەکان توندتر بکرێت. بۆیە، ئەم چەند ستراتیژە بۆ بەرەنگاربوونەوەیەکی کاریگەرتر پێشنیارکرا:[187]

١. سنوورەکانمان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بەهێزتر بکرێن.
٢. دەروازە نافەرمییەکان، لەڕێگەی کامێرا و خاڵی پشکینەوە کۆنترۆڵ بکرێت.
٣. هۆشیاریی گشتی لە ناو خەڵکدا بڵاوبکرێتەوە.
٤. مەترسیی ماددەی هۆشبەر بکرێتە بەشێک لە پلانی خوێندن.

لە سەر ئاستی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە، زیاتر تەرکیز لەسەر دەستگیرکردنی بەرکارهێنەر، تۆڕی دابەشکاریی و بازرگانی ماددەی هۆشبەرە. واتە لە چوارچێوەی ئەمنی دا، تەنیا پرۆسەی بەدواداچوون و دەستگیرکردن ئەنجامدەدرێت، کەمتر گرنگی بە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی گشتی دەدرێت. لەم بارەوە، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە پارێزگای سلێمانی وتی، "کە لە ساڵی (٢٠٢٤)دا، هەوڵە مەیدانییەکانمان زیاترکردووە و بۆ دەستگیرکردنی تۆڕەکانی دابەشکاریی ماددەی هۆشبەر، (کە ئەو بە وردەفرۆش ناویهێنان)، ئەم ستراتیژەش بە مەبەستی کەمکردنەوەی ماددەی هۆشبەر بووە، بۆ ئەوەی بەکارهێنەران ئاسان دەستیان پێی نەگات. ئەم ستراتیژەش، بە ڕێژەی لە (٧٠٪) ماددەی هۆشبەری لە سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە کەمکردووەتەوە."[188] پاشان وتی، "بەوردی چاودێرن بەسەر کۆمپانیاکانی گواستنەوە و گەیاندن، ئەوانەی لە سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەوە کەلوپەل دەگوازنەوە بۆ پارێزگاکانی دیکەی کوردستان و عێراق، یان ئەوانەی بۆ دەرەوەی وڵات و بەتایبەتی ئەوروپا کەلوپەل دەگوازنەوە. هەروەها، دەیان حاڵەت هەبووە کە ڕێگری لێکراوە بچێتە دەرەوە."[189]

هەروەها لە سنوری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە چرکردنەوەی چالاکی و ئۆپەراسیۆن لە لە ساڵانی (٢٠٢٣ بۆ ٢٠٢٤)، ئەنجامدراوە، لەو دوو ساڵەدا جیاوازتر لە ساڵانی دیکە برێکی یەکجار زۆر ماددەی هۆشبەر دەستی بەسەرداگیراوە، کە بە تەن پێوانە دەکرێت.[190]

هەروەها، لە سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە لە لایەن لیژنەی تایبەتەوە چاودێری هەیە بەسەر کافتریاکان، یانە شەوانەکان، دەرمانخانەکان. ئەوەی دەچێتە بواری هۆشیاری گشتی، بەشێوەیەکی یەکجار سنووردار کاری لەسەرکراوە، لە ماوەی یەکساڵدا (٤بۆ٥) سیمینار لە زانکۆی سلێمانی و زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی کراوە. لە سەر ئاستی قوتابخانەکانیش بەهەمان شێوە، بە مەبەستی ئەنجامدانی سیمینار تەنیا نوسراویان ئاراستەی وەزارەتی پەروەردە کردووە و چاوەڕوانی وەڵامن.[191] لە ڕاستیدا، هەڵمەتی هۆشیاریی پێوستە لە دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکان لە چوارچێوەی ستراتیژێکی گشتیدا کاری لەسەر بکرێت، چونکە ئاسایش و بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوە تەنیا دەتوانن پرۆسە مەیدانییەکان بۆ دەستگیرکردنی بازرگان و بەکارهێنەرەکان بەڕێوەبەرن.[192]

**وێنەی ژمارە (٣)**

ئەوەی لە وێنەکەدا دەبینرێت کتێب یان مەلزەمەیەکە کە ژمارەیان (٤٤) دانەبووە، سەرجەمیان بە ماددەی هۆشبەری جۆری (کریستاڵ) ڕووپۆشکراون، لەگەڵ چەند کەلوپەلیکی دیکەی وەک تەختەی تاوڵە، پسکیت، چوارچێوەی وێنەی قورئان، کومبار، هەوڵدراوە لە ڕێگەی کۆمپانیایی گەیاندنەوە بنێردرێن بۆ ئەوروپا.



ئەوەی گرفتە ئەوەیە، بۆ هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوە لە هەرێمی کوردستان تەنیا پشت بە توانای مرۆیی دەبەسترێت، پەیبردن یان درکپێکردنی کەسیی، لە دەرەوەی تەکنەلۆژیا و ئامێری زیرەک بۆ دیاریکردنی ماددەی هۆشبەر لە کەرەستەیەکدا. بۆ نموونە، حاڵەت هەیە ناوکی گوڵەبەڕۆژە، یان فستق دەرکراوە و لەشوێنی مادەی هۆشبەر دانراوە و توێکڵی گوڵەبەڕۆژە، یان فستقەکە بە چەسپ دراوەتەوە لەیەک. دەیان نموونەی دیکە هەیە، لە دۆخێکی لەم شێوەیەدا توانای مرۆیی درک بەمە ناکات. لە دەروازەکانەوە، بە دەیان ڕێگەی شاراوە ماددەی هۆشبەر دێتە کوردستان، بەناو بازگەکاندا تێدەپەڕێت، بۆیە پەیڕەوکردنی میکانیزمێک پشت بەست بە تەکنەلۆژیا و زانستی سەردەم، پێداویستییەکی گرنگ و کاری لە پێشینەیە.[193]

**وێنەی ژمارە (٤)**

یەکێک لە شاردنەوەکانی مادده هۆشبەرەکان کە توانا مرۆییەکان هەموو کات درکی پێناکەن



**سەرچاوە: ئەم وێنەیە لەلایەن (بەکر بایز)، قایمقامی قەزای پشدەر لە ساڵی (٢٠١٨) بڵاوکراوەتەوە.**

لە کۆتاییدا، جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردنە، ڕێگاکانی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان،ڕێکخراو، ستراتیژیی و گشتگیر نین. ئەوەی نەکراوە، هەبوونی پلانێکی نیشتیمانی یەکگرتوو و درێژخایەنە، کە کار بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان بکات. حکومەتی هەرێم هێشتا نەیتوانیوە بەدواداچوونە سەرەتاییە مرۆییەکان تێپەڕێت و تەکنەلۆژیای مۆدێرن و هاوبەشی باڵای نێودەوڵەتی بکاتە بەشێک لە هەنگاوە مەیدانییەکانی. بەبێ ڕێوشوێنی بەرپەرچدانەوەی دەستبەجێ و گشتگیر، وەک پەروەردەی گشتی و هۆشیاریی فراوان، دامەزراندنی ناوەندەکانی چارەسەر و شیاندنەوە، بەرزکردنەوەی توانای تەکنەلۆژیا لە سنوورەکان و چاکسازی لە پرۆگرامی خوێندن، ئەگەری زۆرە قەیرانی مادده هۆشبەرەکان خراپتر بێت.

## بەشی چوارەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

## باسی یەکەم/ میتۆدۆلۆژی و کۆکردنەوەی زانیاریی

### یەکەم: میتۆدۆلۆژی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی چۆنایەتی و چەندایەتی بەکارهاتووە. بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان، چاوپێکەوتن لە ڕێگەی پرسیاری کراوە و نیمچە پێکهاتەیی لەگەڵ بەشداربووانی نێو توێژینەوەکە ئەنجام دراوە. هەروەها، لە ڕێگەی دوو ڕاپرسییەوە، داتا و زانیاری ورد سەبارەت بە ڕەوشی ماددە هۆشبەرەکان لەناو هاوڵاتیانی ئاسایی و بەکارهێنەر و بازرگانانی مادده هۆشبەرەکەن لە چاکسازییەکان کۆکراوەتەوە پاشان، بەمشێوەیە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان پێکهاتووە لە کەسانی ئاسایی نێو کۆمەڵگە و هەروەها بازرگانان و بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر لە چاکسازییەکانی پارێزگاکانی (سلێمانی، هەولێر و دهۆک). بەمشێوەیە، نموونەی کۆمەڵگەی ڕاپرسییەکەمان لە جۆری هەڕەمەکی چینایەتییە.

### دووەم: کۆکردنەوەی زانیاری (Data Collection)

**١.ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی نیمچە پێکهاتەیی (semi-structured interviews):**

لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە سەرەکییەکان، لەوانەش بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەولێر و سلێمانی، بەشی مادده هۆشبەرەکان لە دهۆک و هەڵەبجە چاوپێکەوتنی ڕووبەڕووومان هەبووە. لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری چاکسازییەکانی پارێزگاکانی کوردستان (هەولێر، دهۆک و سلێمانی)، و بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان چاوپێکەوتنمان ئەنجامداوە، ئەمە بێجگە لەوەی لەگەڵ کەسانی تایبەتمەندی وەک پارێزەر، پزیشک، توێژەر، کەسانی ئەمنی، کۆمەڵناس، چالاکوان، دەروناس، سیاسەتمەدار لە هەرچوار پارێزگاکەی کوردستان چاوپێکەوتنمان هەبووە. کە بەشێکی چاوپێکەوتنەکان ڕووبەڕوو بووە و بەشەکەی دیکەی لەڕێگەی پەیوەندیی تەلەفۆنی یان ئیمەیڵەوە ئەنجامدراوە، کە هەموویان ژمارەیان زیاترە لە (٢٠) چاوپێکەوتن.

**٢. فۆکەس گرووپ (Focus Groups):**

کۆکردنەوەی زانیاریی و تێڕوانینەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵگە دەربارەی مادده هۆشبەرەکان، یان لەگەڵ پسپۆڕ، یاساناس، سیاسەتمەدار، پزیشک و توێژەرانی ئەم بوارە بۆ کۆکردنەوەی تێڕوانین و زانیارییە چۆنایەتییەکان، زۆر هاوکارمان بوو، توانیمان لەڕێگەی فۆکەس گرووپەوە دەستمان بگات بە کۆمەڵێک ڕاسپاردەی گرنگ کە لە توێژینەوەکەدا وەک نەخشەڕێگای بەرەنگاربوونەوە تۆمارمان کردوون.

**٣. چاودێریی مەیدانی (Field Observations):**

چاودێریکردنی ناوچەکانی بازرگانییکردن بەتایبەتی ناوچە سنورییەکان، دەروازە نافەرمییەکان، یان پەناگا ئارامەکان کە دەکرێت بەکارهێنەران کەڵکی لێ ببینن، یان کافتریا و شوێنەکانی کات بەسەربردن، پرۆسەیەکی چاودێری مەیدانی بوون کە لە دەوڵەمەندکردنی نەخشەڕێگاکەماندا هاوکاربوون.

**٤.پێداچوونەوە بە بەڵگەنامەکان (Document Review):**

شیکردنەوەی ڕاپۆرتەکان، لێدوانە فەرمییەکان، ئامارەکان و سیاسەتەکانی ئێستا کە پەیوەندییان بە بەکارهێنان و کۆنترۆڵکردنی مادده هۆشبەرەکانەوە هەیە، بوارێکی دیکەی کارکردمان بوون، بەجۆرێک توانیمان دەستمان بگات بە داتا و بەڵگەنامەی نوێ کە بۆیەکەمینجارە لەم بوارەدا بڵاوبکرێنەوە.

**٥. هەڵسەنگاندن بۆ لایەنی پەیوەندیدار:**

لەم نەخشەڕێگایەدا بە وردی هەڵسەنگاندنمان بۆ ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکاندا لە ماوەی ساڵانی (٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢١) کردووە. لەلایەکی دیکەوە هەڵسەنگاندنمان بۆ ڕێگاکانی کۆنترۆڵکردن و سنوردانانی ماددە هۆشبەرەکان لە سەر ئاستی پارێزگاکان لە چوارچێوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان ئەنجامداوە. لەم پرۆسەی هەڵسەنگاندنەدا زانیاریی زۆر نوێمان دەستکەوت کە لە نوسینی پێشنیار و ڕاسپاردەکاندا هاوکارمان بوو.

**باسی دووەم: ڕاپرسی و شیکردنەوەی زانیارییەکان**

**یەکەم: ڕاپرسییەکان (Survey)**

بۆ زانیاریی چەندایەتییەکان، یەکێک لە میکانیزمەکانی بەدەستهێنانی زانیاریی لەم توێژینەوەیدا ئەنجامدانی ڕاپرسی بوو لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، بۆ تێگەیشتن لە ڕادەی مەترسی و کاریگەری نەرێنی ئەم پرسە بەسەر کۆمەڵگەوە. بۆیە، پێوست بوو ڕوانگەی تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی ڕاپرسییەوە بەدەستبهێنین، کە تێیدا تێڕوانینی هاوڵاتیان دەربارەی هۆکارەکانی بەکارهێنان، ڕادەی هۆشیاری هەستپێکراو، ڕۆڵی حکومەت و لایەنی پەیوەندییدار بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان وەرگیراوە، بەشێوەیەک لە هەر چوار پارێزگای کوردستان بەناوچە سنورییەکانیشەوە (٥١٩) هاوڵاتی بەشداری ڕاپرسییەکەیان کرد.

هەرچی پەیوەندی بە ڕاپرسی دووەمەوەیە لە ناو چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر، دهۆک و سلێمانی)، لەگەڵ (١٤٩) بەکارهێنەری ماددە هۆشبەرەکان ئەنجامدرا، ڕوانگەی بەکارهێنەرانی ماددە هۆشبەرەکان وەرگیرا سەبارەت بە هۆکارەکان و مەترسییەکانی ماددە هۆشبەرەکان، چۆنیەتی بەدەستهێنان، تەمەن و باری خێزانی، کاریگەری سەنتەری شیاندنەوە لەناو چاکسازییەکان و زۆر پرسی دیکە کە هاوکارمان بوون لە بەدەستهێنانی زۆر زانیاریی گرنگ.

**دووەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیاریی مەیدانییەکانی تایبەت بە ڕاپرسی یەکەم**

ڕاپرسی یەکەم، لە هەرچوارپارێزگاکەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ (٥١٩) هاوڵاتی ئەنجامدراوە، کە تێیدا (١١) پرسیاری لە خۆیگرتووە لەوانە (تەمەن، ئاستی خوێندن، پیشە، شوێنی نیشتجێبوون، زانیاری دەربارەی ماددە هۆشبەرەکان و مەترسییەکانی، پاشان هۆکارەکانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، تا دەگات وەرگرتنی بۆچوونی هاوڵاتیان سەبارەت بە ڕۆڵی دادگاکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و هتد.)

**هێڵکاری ژمارە (١١)**

**خستنەڕووی تەمەنی بەشداربووانی ڕاپرسی یەکەم**



وەک لە هێڵکاری ژمارە (١١)دا دەردەکەوێت، زۆرینەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان تەمەنیان لە نێوان (٢٦-٣٥) ساڵان دایە، کە لە (١٤٦) هاوڵاتی بە ڕێژەی لە (٢٨،١٣٪) پێکدێت. ئەوانەشی لە نێوان (٢٥-١٨) ساڵاندان (١٤٥) هاوڵاتین کە دەکاتە (٢٧،٩٤٪)ی کۆی بەشداربووان. هەروەها تەمەنەکانی (٣٦-٤٥)، لە (١٤٣) هاوڵاتی بەڕێژەی (٢٧،٥٦٪)پێکهاتوون. بەشداربووانی سەروو (٤٥) ساڵانیش (٥٤) هاوڵاتین، کە دەکاتە (١٠،٤٠٪). هەروەها، کەسانی خوار تەمەن (١٨) ساڵان، کەمترین بەشداربووی توێژینەوەکەمانن کە بریتین لە(٣١) هاوڵاتی بە ڕێژەی بە (٥،٩٧%).

**هێڵکاری ژمارە (١٢)**

**خستنەڕووی پیشەی بەشداربووانی ڕاپرسی یەکەم**




هێڵکاری ژمارە (١٢)، تایبەتە بە پیشەی هاوڵاتیانی بەشداربوو، زۆرینەی بەشداربووان فەرمانبەری حکومیین بە ڕێژەی لە (٣٣،٧٢%) کە دەکاتە (١٧٥) بەشداربوو. دواتر کەسانی کاسب لە پلەی دووەمدا دێت کە (١٠٩) کەسە بە ڕێژەی (٢١٪). هەروەها (١٠٠) کەسیش پیشەی خوێندکار بووە کە ڕێژەی (١٩.٢٧٪) پێکهێناوە. کەمترین ڕێژەی بەشداربووان فەرمانبەرانی کەرتی تایبەت و کەسانی بێکار بوون، بەشێوەیەک فەرمانبەرانی کەرتی تایبەت (٧٠) کەس بە ڕێژەی (١٣.٤٨٪) بەشدارییان کردووە و کەسانی بێکاریش بە ڕێژەی لە (١٢.٥٪) کە دەکاتە (٦٥) بەشداربوو کەمترین ڕێژەیان پێکهێناوە.

**هێڵکاری ژمارە (١٣)**

**شوێنی نیشتەجێبوونی بەشداربووانی ڕاپرسی یەکەم بەپێی شوێنی جوگرافی**




ئەم هێڵکارییە تایبەتە بە شوێنی نیشتەجێبوونی هاوڵاتیان بەپێی شوێنی جوگرافی، هەولێر بەڕێژەی (٢٩،٤٨٪)، دهۆک بەرێژەی (٢١،٩٦٪)، سلێمانی بەڕێژەی (٢٥.٩٩٪) و هەڵەبجە بەڕێژەی (٢٢.٥١٪) بەشدارییان کردووە. ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە لە پارێزگا گەورەکانی وەک (هەولێر و سلێمانی) نمونەی زیاتر بەراورد بە پارێزگاکانی (دهۆک و هەڵەبجە)وەرگیراوە، ئەمەش نیشانەی ڕەچاوکردنی پێوەرێکی ئەکادیمییە لە کۆکردنەوەی داتاکاندا، کەلەسەر بنەڕەتی ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکان دیارییکراوە.

**هێڵکاری ژمارە (١٤)**

**مەترسییەکانی ماددە هۆشبەرەکان**




وەک لە هێڵکاری ژمارە (١٤)دا دەردەکەوێت، سەبارەت بەوەی ئایا وەک هاوڵاتییەک زانیاریت دەربارەی ماددە هۆشبەرەکان و مەترسییەکانی لە کۆمەڵگەدا هەیە، زۆرینەی بەشداربووانی توێژینەوەکەمان لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی لە (86.71%) بە بەڵێ وەڵامیان دابوویەوە، لە بەرانبەردا بە ڕێژەی لە (13.29%) بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات، هۆشیاری هاوڵاتیان سەبارەت بە پرسی ماددە هۆشبەرەکان لە ئاستێکی باڵدایە و زانیارییان دەربارەی مەترسییەکانی لە ناو کۆمەڵگەدا هەیە.

**هێڵکاری ژمارە (١٥)**

**هۆکارە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان**




لە پرسیارێکی تردا کە ئاراستەی هاوڵاتیان کراوە، تایبەتە بە هۆکارە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان، کە لە هێڵکاری ژمارە (١٥)دا بە ڕوونی دەبینرێت. لە (٤٢،٣٩%)ی بەشداربووان، کە دەکاتە (٢٢٠) کەس، پێیان وایە هۆکاری سەرەکی بریتییە لە کاریگەری هاوڕێی خراپ و چاولێکەریی، کە ئەمە دواتر لە ڕاپرسی دووەم لەگەڵ بەکارهێنەرانی ماددە هۆشبەرەکان لە چاکسازییەکاندا پشتڕاستکرایەوە. ڕێژەی لە (٢١،١٩%)یش کە دەکاتە (١١٠) بەشداربوو، پێی وایە بێکاری و قەیرانی دارایی هۆکارە بۆ ئەوەی خەڵکی پەنا بباتە بەر بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان. لە بەرانبەردا، ڕێژەی لە (١٨،٣٠%) کە دەکاتە (٩٥) کەس پێی وایە کەمی هۆشیاری،(٩٤) کەس کە دەکاتە ڕێژەی (١٨.١١%)دەستخستنی ئاسانی ماددەی هۆشبەر هۆکاری سەرەکی بەکارهێنانییەتی.

هەر سەبارەت بە هۆکاری سەرەکی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان، شارەزای بواری کۆمەڵناسی و مامۆستای زانکۆ (سارا کمال) وتی، "بەپێی تیۆرەکەی (باندۆرا) کە باسی هۆکاری هاوتەمەن دەکات لەسەر ئەوکارانەی کە تاکێک ئەنجامی دەدات. دەڵێت، هاوتەمەنەکانی کەسەکە خەریکی چین، ئەویش بەو ئاراستەیەدا دەڕوات. کەواتە یەکێک لە هۆکارەکان، فێربوونی کۆمەڵایەتییە، واتە لەو ژینگەیەی کە تێیدایت فێری ئەو کردارانە دەبیت کە تاکێک یاخود چواردەورەکەت ئەنجامی دەدات."

**هێڵکاری ژمارە (١٦)**

**ڕۆڵی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هاندانی خەڵکی بۆ بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان**




یەکێکی تر لەو پرسیارانەی کە ئاراستەی بەشداربووانی توێژینەوەکە کراوە، ڕۆڵی میدیا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئینتەرنێتە لە بروودان و هاندانی هاوڵاتیان بۆ بەکارهێنان و بازرگانییکردن بە مادده هۆشبەرەکانەوە. بەپێی هێڵکاری ژمارە (١٦)، وەک دەبینرێت ڕێژەی لە (٤٤،٣٢%)ی بەشداربووان کە دەکاتە (٢٣٠) کەس، پێیان وایە تا ڕادەیەکی مامناوەند میدیا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئینتەرنێت ڕۆڵیان هەیە لە هاندانی خەڵکی بۆ ئەوەی پەنا بۆ بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان ببەن. لەگەڵ ئەوەشدا، (٩٧) بەشداربوو بە ڕێژەی لە (١٨،٦٩%) پێیان وایە بە پێچەوانەوە، ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیا کاریگەری نییە لەسەر خەڵکی بۆ ئەوەی پەنا بۆ ماددەی هۆشبەر ببات. هەروەها، ڕێژەی لە (٣٦،٩٩%)ی بەشداربووانیش کە دەکاتە (١٩٢) کەس پێیان وایە، بەڵێ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئینتەرنێت و میدیا بە ڕادەیەکی زۆر، کاریگەریان لە هاندانی گەنجان بۆ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان هەیە.

**هێڵکاری ژمارە (١٧)**

**ئایا هیچ حاڵەتێکت بینیووە یان بیستووە سەبارەت بە بازرگانیکردن و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر**




لە هێڵکاری ژمارە (١٧) دەردەکەوێت، سەبارەت بەوەی کە ئایا هیچ حاڵەتێک لە بازرگانییکردن و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرت بیستووە یان بینیووە. زۆرینەی بەشداربووان (٣٤٨) بەشداربوو کە دەکاتە ڕێژەی لە (٦٧،٠٥%)، بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە. لە بەرانبەردا، ڕێژەی لە (٣٢،٩٥%) کە دەکاتە (١٧١) کەس بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە. ئەمەش نیشانی دەدات، کە مەترسی مادده هۆشبەرەکان پرسێکی جدییە و پێویستە کاری پێویست ئەنجام بدرێت بۆ بەرەنگاربوونەوە.

**هێڵکاری ژمارە (١٨)**

**کاریگەرترین مەترسییەکانی ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان**




یەکێکی تر لە پرسیارەکان کە لە هێڵکاری ژمارە (١٨)دا دەبینرێت، تایبەت بوو بە کاریگەرترین مەترسییەکانی ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان. لە (٤٥،٢٨%)ی بەشداربووان کە دەکاتە (٢٣٥) کەس، پێیان وابوو، کاریگەرترین مەترسی ماددە هۆشبەرەکان بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی خێزان و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگە. بە هەمان شێوە، (١١٢) بەشداربووبە ڕێژەی لە (٢١،٥٨%)، پێیان وابوو بەهۆی ماددە هۆشبەرەکانەوەی ڕێژەی تاوان ڕوو لە زیادبوون دەکات، چونکە کەسی بەکارهێنەر کاتێک توانای دابینکردنی ماددەکەی نامێنێت، ناچار پەنا دەباتەبەر (دزیکردن و یان کردەی توندوتیژیی). لە بەرانبەردا، لاوازکردنی توانای گەنجان و ناسەقامگیری باری ئەمنی، بە ڕێژەی لە (٢٥،٨٢%) و (٧،٣٢%) یەک لە دوای یەک، وەک کاریگەرترین مەترسی ماددە هۆشبەرەکان لە لایەن بەشداربووانەوە ئاماژەی پێکراوە.

**هێڵکاری ژمارە (١٩)**

**ڕۆڵی دادگاکان لە بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان**



له پرسی ماددەی هۆشبەردا، دادگاکان دەتوانن ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر ببینن له ڕووبەڕووبوونەوەی بەکارهێنەران و بازرگانان، هەروەها سنووردارکردنی دیاردەکە. وەک له هێڵکاری ژمارە (١٩)دا دەبینرێت، له (٤٨،٠٥%)ی بەشداربووان کە دەکاتە (٢٦٢) کەس، پێیان وایە، دادگاکان تا ڕادەیەک کاریگەرن له بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان، واتە دەتوانن سنوورێک بۆ بەکارهێنەران و بازرگانان دابنێن. له بەرانبەردا، (١٣٤) بەشداربووی توێژینەوەکە بە ڕێژەی له (٢٥.٨٢%) پێیان وایە، کە دادگاکان ناتوانن ڕۆڵی خۆیان سەربەخۆیانە بگێڕن و کاریگەرییان نییە له بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان. بەپێچەوانەوە (٢٣،٧٠٪) بەشداربووان کە دەکاتە (١٢٣) کەس، پێیانوایە دادگاکان سەربەخۆن و کاریگەرن له جێبەجێکردنی یاساکاندا.

**هێڵکاری ژمارە (٢٠)**

**ڕۆڵی حکومەت له ڕووبەڕووبوونەوەی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان**




وەک له هێڵکاری ژمارە (٢٠)دا دەبینرێت، کە تایبەتە بە ڕۆڵی حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان له سنووردارکردن و کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، بەشێکی زۆری بەشداربووانی ڕاپرسییەکە بە ڕێژەی له (٥٦،٠٧%) کە دەکاتە (٢٩١) کەس، پێیان وابوو حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان تا ڕادەیەک کاریگەرییان هەیە له کەمکردنەوە و سنوردانان بۆ بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان، هەروەها پێیانوایە پێوستە حکومەت لەم بابەتەدا بە ڕۆڵی زیاتری خۆی هەڵبستێت. له لایەکی ترەوە، ڕێژەی له (٢٨%)ی بەشداربووان کە دەکاتە (١٤٧) کەس پێیان وایە، کە هەوڵەکانی حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان کاریگەرییان نییە و نەیانتوانیووە له بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکاندا بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن. بەپێچەوانەوە بەڕێژەی (١٥،٦١٪) کە دەکاتە (٨١) کەس، پێیانوایە حکومەت له بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکاندا ڕۆڵی کاریگەری هەیە.

**هێڵکاری ژمارە (٢١)**

**هەڵکەوتەی جوگرافی هەرێمی کوردستان و کاریگەری لەسەر پرسی مادده هۆشبەرەکان**




هێڵکاری ژمارە (٢١)، باس لە پرسێکی هەستیاری وەک هەڵکەوتەی جوگرافی هەرێمی کوردستان و هاوسنووربوونی لەگەڵ (عێراق، ئێران، تورکیا و سوریا) دەکات، تا چەند ئەم دەوڵەتانە کاریگەرییان هەیە لە بڵاوبوونەوەی زیاتری مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان. زۆرینەی بەشداربووان بە ڕێژەی لە (٨١،١٢%) کە دەکاتە (٤٢١) کەس پێیان وایە، هاوسنووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی کاریگەری زۆری هەیە لەسەر بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان. هەروەها، (٢٦) بەشداربووش بە ڕێژەی لە (٥،٠١%)، پێیانوایە بە پێچەوانەوە، هاوسنووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ دراوسێکانی، کاریگەری ئەوتۆی نییە لەسەر بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان. هەروەها بەڕێژەی (١٣،٨٧%)، کە دەکاتە (٧٢) کەس هیچ زانیارییەکی لەم بارەوە نیە.

لە ئەنجامدا، بەپێی بۆچوونی هاوڵاتیانی ئاسایی بەشداربووی ڕاپرسی یەکەمی توێژینەوەکەمان، ڕێژەی زۆرینە بەپێی ئامارەکان پێمان دەڵێت، کە تا ڕادەیەکی زۆر بە ئاگان دەربارەی پرسی ماددەی هۆشبەر، هەروەها پێیان وایە میدیا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان پێوستە بە ڕۆڵی زیاتری خۆیان هەڵبستن لە دروستکردنی هۆشیاری، پاراستنی سنوورەکان، دروستکردنی سەنتەری چارەسەری تایبەت بە بەکارهێنەران، توندکردنی سزاکان بۆ بازرگانان، لە پێناو پاراستنی تاک، خێزان و کۆمەڵگەکەمان لە مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان.

### ٢.٤ خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییە مەیدانییەکانی تایبەت بە ڕاپرسی دووەم

ڕاپرسی دووەم، تایبەت بە بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان. ئەم ڕاپرسییە لە چاکسازی گەورانی پارێزگای هەولێر، سلێمانی و دهۆک، بەبێ چاکسازی ژنان و منداڵان ئەنجامدراوە. لە چاکسازی گەورانی سلێمانی (٥٧) بەکارهێنەر، بەهەمان شێوە لە چاکسازی گەورانی هەولێر (٥٧) بەکارهێنەر و لە چاکسازی گەورانی دهۆکیش (٣٥) بەکارهێنەر، کە سەرجەمی دەکاتە (١٤٩) بەکارهێنەر بە نمونە وەرگیراون. لەم ڕاپرسییەدا (١٢) پرسیار ئاراستەی بەکارهێنەران کراون دەربارەی (تەمەن، ئاستی خوێندەواری و شوێنی نیشتەجێبوون، تا دەگات بە چۆنییەتی دەستگەشتن بە ماددەکە و پاشان ئەو جۆرەی کە بەکاریدەهێنن، هەروەها هۆکاری بەکارهێنان و ئەو مەترسییانەی کە لەسەر لایەنی تەندروستی، دەروونی و کۆمەڵایەتییان دروستی کردووە).

### هێڵکاری (٢٢)
### خستنەڕووی تەمەنی بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان




وەک لە هێڵکاری (٢٢)دا دەردەکەوێت، کە تایبەتە بە تەمەنی بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان. زۆرینەی بەکارهێنەران بە ڕێژەی لە (٢٧،٠٤%) کە دەکاتە (٦٠)کەس، تەمەنیان لە نێوان (٢٦-٣٥) ساڵان دایە. لە بەرانبەردا، (٤١) بەشداربوو بە ڕێژەی لە (٢٧،٥٢%) تەمەنیان لە نێوان (١٨-٢٥) ساڵان دایە.  ئەم ژمارانە ئەوە دەردەخات، گەنجان کە بە سەرمایەی مرۆیی کۆمەڵگە دەناسێندرێن، بە ئاسانی کراونەتە ئامانجی بازرگانان و تۆڕەکانی دابەشکاریی. لە بەرانبەردا، ڕێژەی (١٨،٧٥%) تەمەنیان لە نێوان (٣٥-٤٥) ساڵان دایە، ئەوەی دەمێنیتەوە وەک کەمترین ڕێژە بریتیە لە (٨،٧٢%) کە تەمەنیان لە (٤٥) ساڵ بەرەو سەرە و لە (٤،٧٠%)یش تەمەنیان لە خوار (١٨) ساڵییەوەیە.

(سەروەر کەریم)، چارەسەرکاری دەروونی لە ڕێکخراوی وچان لە بارەی تەمەنی بەکارهێنەرانەوە وتی، "زۆرینەی بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان لەتەمەنی گەنجیدان، بە نزیکەیی لە نیوان تەمەنی(٢٠ بۆ ٣٥) ساڵیدان. هەرچەندە، ئێستا بەکارهێنان لەنێو نەوجەوانان و هەرزەکارانیش لە هەڵکشاندایە."

**هێڵکاری (٢٣)**

**خستنەڕووی باری خێزانداری بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان**




هێڵکاری ژمارە (٢٣) تایبەتە بە شوێنی نیشتەجێبوونی بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان، کە بەپێی شوێنی چاکسازییەکان دیارییکراوە. ڕێژەی لە (٣٨،٢٦%)یان کە دەکاتە (٥٧) بەشداربوو لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجەن[*]، بەهەمان شێوە بەرێژەی(٣٨.٢٦%) نیشتەجێی پارێزگای هەولێرن. لە بەرانبەردا، ڕێژەی لە (٢٣،٤٩%)ی بەکارهێنەران و بازرگانان کە دەکاتە (٣٥) کە لە پارێزگای دهۆکن.

### هێڵکاری ژماره (٢٥)

### خستنەڕووی ئاستی خوێندنی بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان




له هێڵکاری ژماره (٢٥)دا، ئاستی خوێندنی بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان خراوەتەڕوو. زۆرینەی بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان کە دەکاتە (٥٩) بەشداربوو بە ڕێژەی لە (٣٩،٦٠%)، بڕوانامەی ئامادەیی و لە (٣٢،٨٩%) کە دەکاتە (٤٩) کەس بڕوانامەی بنەڕەتییان هەیە. لە بەرانبەردا، (٢٥) بەشداربوو بە ڕێژەی لە (١٦،٧٨%) کەسانی نەخوێندەوارن. هەڵگرانی بڕوانامەی پەیمانگا، زانکۆ و خوێندنی باڵا پێکەوە (١٣)یە کە ڕێژەی (٨،٧٢ %)ی بەکارهێنەران پێکدەهێنن. لێرەدا ئەوە دەبینرێت، کە مەترسی مادده هۆشبەرەکان هەموو چین و توێژەکانی گرتووەتەوە، هەم کەسانی خوێندەوار و هەمیش کەسانی نەخوێندەوار. بەڵام جێگەی تێبینی گرنگە، زۆرینەی ئەوانەی بەکارهێنەرن ئاستی خوێندەوارییان لە ئاستی پێویستدا نییە، لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە پەروەردە و هۆشیاری پێشوەختە دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە ئاراستەکردنی گەنجان و هەبوونی داهاتوویەکی ڕوون.

### هێڵکاری ژماره (٢٥)

### بەکارهێنانی جۆری ماددەی هۆشبەر



هێڵکاری ژمارە (٢٦)، بەکارهێنانی جۆری ماددەی هۆشبەر لەلایەن بەکارهێنەرانەوە دەردەخات. زۆرینەی بەکارهێنەران بە ڕێژەی لە (٣٤،٢٣%) کە دەکاتە (٥١) کەس ماددەی هۆشبەری جۆری کریستاڵ (Methamphetamine) بەکاردەهێنن. دوای کریستاڵ، حەشیش و هیرۆیین زۆرترین بەکارهێنەری هەیە بەرێژەی لە (١٩،٤٦%) و (١٨،١٢%) کە هەردووکیان پێکەوە دەکاتە (٥٦) بەکارهێنەر. پاشان، کۆکاین(٦.٧١٪)، تلیاک (١٠،٠٧٪)، ماریوانا(٧،٣٨٪) و ترامادۆڵ (٣،٣٦٪) کەمترین بەکارهێنەریان هەیە. بەڵام ئەوەی زۆر مەترسیدارە ئەوەیە زیاتر لە نیوەی بەکارهێنەران زیاتر لە جۆرێکیان وەک (کریستاڵ، حەشیش و هیرۆین) بەکارهێناوە. ئەم ئامارانە ئەوە دەردەخات، کە دەستکەوتن، هەرزانی نرخ و زۆری هەر یەک لەو ماددانە، وایکردووە ڕێژەی بەکارهێنانیان زۆر بێت.

**هێڵکاری ژمارە (٢٧)**

**چۆنییەتی دەستکەوتنی ماددەی هۆشبەر بۆ یەکەمجار**




لەم هێڵکارییەدا وەک دەبینرێت، زۆرینەی بەکارهێنەران لە (٦٧،١١%) کە دەکاتە (١٠٠) کەس، ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە لە ڕێگەی هاوڕێیەکیانەوە سەرەتا ماددەی هۆشبەریان دەستکەوتووە و بەکاریانهێناوە. کەواتە، هاوڕێی خراپ ڕۆڵێکی هێجگار کاریگەر دەبینێت لە تێوەگلانی کەسانی نزیک و هاوڕێکانی تری بۆ ئەوەی تووشی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان ببێت. لە دوای هاوڕێ، ئەو کەسانەی بازرگانن، یاخود تۆڕی دابەشکاری ماددەی هۆشبەر لە لایەن (١٨) بەکارهێنەرەوە دیاریکراوە، کە دەکاتە ڕێژەی لە (١٢،٠٨%) و هەروەها کافتریا و شوێنە گشتییەکان بە ڕێژەی لە (١٠،٠٧%) کە دەکاتە (١٥) کەس، ڕۆڵیان هەبووە بۆ ئەوەی بەکارهێنەرێکی ماددەی هۆشبەر بۆ یەکەمجار ماددەکە دەستبخات. هەروەها، قوتابخانە و زانکۆکان(٤،٧٠٪)، پاشان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئینتەرنێت(١،٣٤٪)، یاخود ڕێگای دیکە (٤،٧٠٪) کەمترین بەشداربووانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لەم ڕێگایانەوە بۆ یەکەمجار ماددەی هۆشبەریان دەستکەوتووە.

**هێڵكاری ژماره (٢٨)**

**هۆكاری سەرەكی بەكارهێنانی ماددەی هۆشبەر لەلایەن بەكارهێنەرانەوە**




هێڵكاری ژماره (٢٨)، تایبەت بە هۆكاری سەرەكی بەكارهێنانی ماددەی هۆشبەر لەلایەن بەكارهێنەرانەوە، ئەوە دەردەخات كە زۆرینەی بەشداربووانی توێژینەوەكە (٥١) كەس، بە ڕێژەی لە (٣٤،٢٣%) لە ڕێگەی هاوتەمەن و هاوڕێكانییانەوە فێربوون. هاوڕێ و هاوتەمەن، وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، كاریگەری زۆری هەیە لەسەر تووشبوون بە مادده هۆشبەرەكان. لە بەرانبەردا، زانیاری ناڕاست و هەڵە سەبارەت بە بەكارهێنانی مادده هۆشبەرەكان، بە ڕێژەی لە (٢٠،١٣%) كە دەكاتە (٣٠) كەس و بێكاری و قەیرانی دارایی و حەزی تاقیكردنەوە هەر یەكەیان بە ڕێژەی لە (١٦،٧٨%) كە دەكاتە (٥٠) بەكارهێنەر، هەروەها هۆكارەكانی وەک كێشەی خێزانی و لاوازیی پەروەردەیی (٨،٧٢٪) و هۆكاری دیكە (٣،٣٦٪)، هۆكاری توشبوونی بەشداربووانی ڕاپرسییەكەمان بوون.

**هێڵکاری ژماره (٢٩)**

**هۆشیاری بەکارهێنەر پێش بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر**




هێڵکاری ژماره (٢٩)، تایبەته بە خستنەڕووی ئاگایی و هۆشیاری بەکارهێنەران لە مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان پێش ئەوەی بەکاریبهێنن. وەک دەبینرێت، زۆرینەی بەکارهێنەران کە دەکاتە (٨٧) کەس بە ڕێژەی لە (٥٨،٣٩٪) ئاماژەیان بەوە کردووە، کە پێش بەکارهێنان هیچ ئاگایی و هۆشیارییەکیان نەبووە سەبارەت بە مەترسی و کاریگەرییە نەرێنییەکانی مادده هۆشبەرەکان، ئەمەش ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاری و خۆپارێزی لە کۆمەڵگەکەماندا دەکاتە بابەتێکی گرنگ و پێوست. لە بەرانبەردا، ڕێژەی لە (٢٠،١٣%)ی بەشداربووان کە دەکاتە (٣٠) کەس ئاماژەیان بەوە کردووە، کە بەتەواوی ئاگاداری مەترسییەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان بوون، لەلایەکی دیکەوە (٢٤) بەکارهێنەر بە ڕێژەی (١٦،٢١٪) پێش بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر تاڕادەیەک ئاگاداری مەترسییەکانی بوون. هەروەها کەمترین ڕێژەی بەشداربووان لە (٥،٣٧٪)، ئاماژەیان بەوە کردووە کە پێش بەکارهێنان زانیاری نادروستیان هەبووە سەبارەت بە مەترسی و کاریگەرییەکانی مادده هۆشبەرەکان.

**هێڵکاری ژماره (٣٠)**

**بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و ئەو گرفتانەی بۆ بەکارهێنەری دروست دەکات**



هێڵکاری ژمارە (٣٠)، ئەو گرفت و کێشانە دەخاتەڕوو، کە بەهۆی ماددە هۆشبەرەکانەوە دروست دەبێت. کێشەی کۆمەڵایەتی بەرزترین ڕێژەی بەرکەوتووە، (٤٣) بەکارهێنەر بە ڕێژەی لە (٢٨،٨٦%)، لە دوای ئەویش کێشەی تەندروستی (دەروونی و جەستەیی) بە ڕێژەی لە (٢٢،٨٢%) کە دەکاتە (٣٤) بەکارهێنەر و کێشەی دارایی بە ڕێژەی لە (٢٢،١٥%)یش کە دەکاتە (٣٣) کەس. لێرەوە دەردەکەوێت، ماددە هۆشبەرەکان هۆکارێکی سەرەکین بۆ تێکدانی شیرازەی خێزان، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ جیابوونەوەی هاوسەران و قوربانی سەرەکی ئەم پرۆسەیەش ئەندامەکانی تری خێزانن. دواتر بە ڕێژەی (٨،٧٢٪)ی بەکارهێنەران توشی لادان و تاوانی دیکە بوون. ئەمە بێجگە لەوەی (٢٣) بەکارهێنەر بەڕێژەی (١٥،٤٤٪) لە کۆی بەشداربوانی ڕاپرسییەکە توشی هەموو ئەو گرفتانەی پێشتر بوون.

سەبارەت بە کاریگەری ماددە هۆشبەرەکان لەسەر بارودۆخی دەروونی و جەستەیی بەکارهێنەر، (د. ئەفرام محمد)، پسپۆڕ لە نەخۆشییە دەروونییەکان وتی، "بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر ئەگەری خۆکوشتنی شەش هێندەی کەسانی ترە، یان پەنابردنە بەر کوشتنی کەسانی دیکە. جگە لەوەش، لای بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر، حالەتەکانی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ زیاترە. هەروەها، سێ هێندە لادانی سێکسی و گرفتە سێکسییەکانیان هەیە، تەنانەت حەزی سێکسکردن لەگەڵ کەسانی مەحرەم و نزیکیان هەیە."

**هێڵکاری ژمارە (٣١)**

**خستنەڕووی وەڵامی بەکارهێنەران سەبارەت بەوەی چەندجار بەهۆی ماددەی هۆشبەرەوە دەستگیرکراون**




هێڵکاری ژمارە (٣١)، وەڵامی بەکارهێنەران دەخاتەڕوو، سەبارەت بەو پرسیارەی ئایا پێشتر بەهۆی ماددەی هۆشبەرەوە دەستگیرکراویت، لەوەڵامی بەشداربوواندا دەردەکەوێت، ڕێژەی لە (%٥٧) کە دەکاتە (٦٠) کەس یەکجار دەستگیرکراوە، لە بەرانبەردا، ڕێژەی لە (%٤٣)ی بەشداربووانی توێژینەوەکەمان کە دەکاتە (٤٥) بەکارهێنەر زیاتر لە جارێک لەسەر بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەستگیرکراون. هەروەها ڕێژەی (٢٩،٥٣٪)ی بەکارهێنەران کە دەکاتە (٤٤) کەس پێشتر بەهۆی ماددەی هۆشبەرەوە دەستگیرنەکراون.

**هێڵكاری ژماره (٣٢)**

**ڕۆڵی زیندانیكردن له‌ چاره‌سه‌ری وازهێنان له‌ مادده‌ی هۆشبه‌ر**




زۆرینه‌ی به‌شداربووان كه‌ ده‌كاته‌ (١٠٠)كه‌س به‌ ڕێژه‌ی له‌ (٦٧،١١%)، له‌ وه‌ڵامی پرسیاری ئه‌وه‌ی، ئایا زیندانیكردن هۆكارێكی یارمه‌تیده‌ره‌ بۆ ئه‌وه‌ی واز له‌ مادده‌ی هۆشبه‌ر بهێنیت؟ پێیان وایه‌، نه‌خێر، زیندانیكردن نه‌یتوانیوه‌ وا له‌ كه‌سی ئالووده‌بوو بكات واز له‌ مادده‌ی هۆشبه‌ر بهێنێت. چونكه‌ شاره‌زایان پێیانوایه‌ كه‌ به‌كارهێنه‌ری مادده‌ هۆشبه‌ره‌كان، نابێت وه‌ك تاوانبار تماشا بكرێن، به‌ڵكو ئه‌وان نه‌خۆشن و ده‌بێت چاره‌سه‌ری تایبه‌ت وه‌ربگرن. له‌ به‌رانبه‌ردا، كه‌مینه‌یه‌ک له‌ به‌شداربووان به‌ ڕێژه‌ له‌ (٢٠،٨١%) كه‌ ده‌كاته‌ (٣١) كه‌س پێیان وایه‌، به‌ڵێ زیندان چاره‌سه‌ره‌ بۆ وازهێنان له‌ مادده‌ هۆشبه‌ره‌كان. له‌لایه‌كی دیكه‌وه‌ یه‌كێک له‌ به‌كارهێنه‌ران له‌ چاكسازی گه‌ورانی سلێمانی وتی، " لێره‌ خه‌ڵكی زۆرم ناسیووه‌ له‌بازرگان و به‌كارهێنه‌ر، بۆیه‌ هۆكاره‌ بۆ ئه‌وه‌ی هه‌ركاتیک ئازادبووم په‌نا به‌رمه‌ به‌ر كڕینی به‌ ئاسانی. ته‌نانه‌ت به‌ مه‌به‌ستی بازرگانییكردن كڕین و فرۆشتنی پێوه‌ بكه‌م." ئه‌مه‌ش ئاماژه‌ی ئه‌وه‌یه‌ كه‌ چاكسازییه‌كان له‌ هه‌رێمی كوردستان نه‌یانتوانیووه‌ وه‌ک پێویست له‌ مامه‌ڵه‌كردن له‌گه‌ڵ كه‌سی مادده‌ هۆشبه‌ره‌كان سه‌ركه‌وتوو بن.

هه‌روه‌ها له‌م باره‌یه‌وه‌، چاره‌سه‌ركاری ده‌روونی (هه‌ستیار علی)، سه‌باره‌ت به‌ ڕۆڵی چاكسازییه‌كان وتی، "به‌پێی ئه‌و ئه‌زموونه‌ی هه‌مانه‌، پێمانوایه‌ كه‌ به‌كارهێنه‌ری مادده‌ هۆشبه‌ره‌كان به‌ته‌نها به‌ندكردنی له‌ناو چاكسازییه‌كاندا ناتوانێت هیچ سودێک به‌ سزادراو بگه‌یه‌نێت. به‌ به‌ڵگه‌ی ئه‌وه‌ی كه‌ ئێمه‌ ڕێژه‌ی گه‌ڕاوه‌ی سزادراوانی به‌كارهێنه‌ری مادده‌ی هۆشبه‌رمان زۆر زۆر زیاتره‌، به‌ به‌راورد به‌ مادده‌كانی تر، ئه‌م گه‌ڕانه‌وه‌ی سزادراوه‌ بۆ ناو چاكسازییه‌كان و دواتر گه‌ڕانه‌وه‌ی بۆ ناو كۆمه‌ڵگه‌ و دووباره‌ گه‌ڕانه‌وه‌ی بۆ ناو چاكسازی، ده‌رخه‌ری ئه‌وه‌یه‌ له‌ڕاستیدا به‌ته‌نها چاكسازی سودی نییه‌ بۆ كه‌سانی ئالوده‌بوو."

**هێڵکاری ژمارە (٣٣)**

**خستنەڕووی باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی کەسێک واز لە ماددەی هۆشبەر بهێنێت**




وەڵامی بەشداربووان لە هێڵکاری ژمارە (٣٣ )دا، سەبارەت بە باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی کەسێک واز لە ماددەی هۆشبەر بهێنێت بەم شێوەیە. زۆرینەی بەشداربووان بە ڕێژەی لە (٦٩،٨٠%) کە دەکاتە (١٠٤) کەس پێیان وایە، باشتر وایە بەمەبەستی وازهێنان لە دەرەوەی زیندان کەسانی بەکارهێنەر یان ئالوودەبوو ڕاهێنان و چارەسەر وەربگرن. کەواتە، سەرباری هەبوونی چاکسازییەکان، ئالوودەبووانی ماددە هۆشبەرەکان پێویستییان بە کردنەوەی سەنتەری تایبەت بە شیاندنەوە هەیە، کە کۆمەڵێک پرۆگرام، ڕاهێنان، چالاکی پەروەردەیی، ڕۆشنبیریی، وەرزشی و هونەری لە خۆ بگرێت، هەروەها سەنتەری پیشەییان پێویستە کە تێیدا فێری کارامەیی و لێهاتوویی جیاواز بکرێن. پاشان، لە (١٤،٧٧%)ی بەشداربووان کە دەکاتە (٢٢) بەکارهێنەر پێیان وایە، هۆشیارکردنەوەی خێزان و کۆمەڵگە کاریگەری هەیە لە چارەسەری کەسانی تووشبوو. لە بەرانبەردا، هەندێکی تریان بەڕێژەی (١٥،٤٤٪) پێیان وایە، کەسانی ئالوودەبوو زیندانی بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چارەسەری دەروونی و تەندروستی وەربگرێت.

**ئەنجامی ڕاپرسییەکان**

١. بەپێی وەڵامی هەر دوو ڕاپرسییەکە، بێکاری و قەیرانی دارایی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان . هەروەها گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە گەنجان و هەرزەکاران قوربانی سەرەکی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکانن.

٢. بەپێی دەرئەنجامی ڕاپرسی دووەم، هاوڕێی خراپ ڕۆڵێکی هێجگار گەورەی هەیە لە بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە نێو گەنجان و هەرزەکاراندا. بەشێوەیەک (٦٧٪)ی ئەو بەکارهێنەرانەی ڕاپرسیمان لەگەڵ ئەنجامداون، لە ڕێگەی هاوڕێکانیانەوە توشی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بوون.

٣. بەرێژەی (٥٨٪)، بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان لە چاکسازییەکاندا، پێش بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان زانیارییان دەربارەی مەترسی و لێکەوتەی خراپی ئەم مادانە نەبووە، ئەمەش گرنگی هەڵمەتی هۆشیاریی زیاتر دەکات.

٤. پشت بەست بە وەڵامی بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان لە چاکسازییەکاندا هەموویان گرفتی (دارایی، کۆمەڵایەتی، دەروونی و جەستەیی)یان، لە ئاکامی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکانەوە بۆ دروست بووە.

٥. بە بۆچوونی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان کاریگەرترین مەترسیی مادده هۆشبەرەکان، بریتیین لە هەڵوەشاندنەوەی خێزان و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگە، زیادبوونی ڕێژەی تاوان، دواتر لاوازکردنی تواناى گەنجان و ناسەقامگیریی ئەمنی.

٦. بەپێی وەڵامی بەشداربووانی ڕاپرسیی یەکەم دەردەکەوێت، هاوسنووربوونی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی (عێراق، ئێران، سوریا و تورکیا)، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بازرگانییکردن و بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر.

٧. بەپێی دەرئەنجامی ڕاپرسی دووەم، ئەو کەسانەی بڕوانامەی پەیمانگا، زانکۆ و بەرەو سەرەیان هەیە، کەمتر تووشی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان دەبەن. بە پێچەوانەوە، ئەوانەی خوێندەوارییان نییە، یان تەنها قۆناغی بنەڕەتی یان ئامادەییان خوێندووە، زیاتر تووشی مادده هۆشبەرەکان دەبن.

٨. زۆرینەی بەکارهێنەری مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان، زیاتر لە هەر جۆرێکی دیکە ماددەی هۆشبەری کریستاڵ (Methamphetamine) بەکار دەهێنن، بەبەڵگەی ئەوەی (٥١٪)ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکەمان لە چاکسازییەکان بەکارهێنەری ئەم ماددەیە بوون، هۆکارەکەشی بۆ هەرزانی نرخ و ئاسانی دەستکەوتنی دەگەڕێتەوە. لە دوای ئەویش ماددەکانی (حەشیش، هێرۆین و تلیاک) دێن.

٩. بەرێژەی (٥٦٪)ی بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان (سەڵت)ن، هەروەها زۆرینەیان تەمەنیان لە نێوان (٢٦-٣٥) ساڵان دایە. ئەمەش واتای ئەوەیە ئەم چینەی کۆمەڵگە پێویستیان بە هۆشیاریی زیاترە.

١٠. زۆرینەی بەکارهێنەران لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان بەرێژەی(٦٧٪) پێیانوایە زیندانیکردن ڕێگای چارەسەر نییە بۆئەوەی کەسێک واز لە ماددەی هۆشبەر بهێنێت، بەڵکو پێویستە سەنتەری تایبەت بە شیاندنەوە دابمەزرێت و لە ڕێگەی پرۆگرام و بەرنامەی تایبەتەوە کەسانی بەکارهێنەر یان ئالوودەبوو دووبارە بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگە.

١١. زیاتر لە نیوەی ئەو بەکارهێنەرانەی بەشداریی ڕاپرسییەکەی ئێمەیان کردووە، زیاتر لە جارێک لەسەر مادده هۆشبەرەکان دەستگیرکراون، ئەمەش واتای ئەوەیە سزادان و زیندانیکردن نەیتوانیووە، بڕیاری وازهێنانیان پێبدات. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سنورداری بەرنامە و پرۆگرامی چاکسازییەکان، هەروەها خێزان و تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ کەسانی بەکارهێنەر یان ئالوودەبوو، کە ناتوانن وەک پێویست هاوکاریان بن لە وازهێنان لە مادده هۆشبەرەکان.

١٢. زۆرینەی هاوڵاتیانی بەشداربووی ڕاپرسیی یەکەم پێیان وایە، حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان پێویستە هەوڵەکانیان باشتر بکەن، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان، چونکە وەک پێووست ڕۆڵ نابینن لە بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکاندا، هەروەها پێیان وایە سنوورەکان زیاتر کۆنترۆڵ بکرێن و یاساکانی تایبەت بە مادده هۆشبەرەکان بۆ بازرگانان قورستر بکرێن.

**دەرئەنجامی توێژینەوە**

١: هەڵکشانی داتاکانی بەکارهێنان و بازرگانییکردن بە مادده هۆشبەرەکانەوە قەیرانێکی جیهانییە و پێویستی بە وەڵامدانەوەی نێودەوڵەتی هەیە، لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیشدا لە ساڵی(٢٠٢٠ تا ٢٠٢٤) بەکارهێنان و بازرگانییکردنی مادده هۆشبەرەکان گۆڕانکاری بەرچاوی لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەکارهێنەر، بازرگانییکردن و گواستنەوە بەخۆیەوە بینیووە، ساڵانە داتاکان بەشێوەیەکی مەترسیدار لە بەرزبوونەوەدان.

٢: پشت بەست بەو داتا و زانیاریانەی پێیگەیشتین، دەتوانین بەمشێوەیە وەڵامی پرسیاری یەکەمی توێژینەوەکەمان بدەینەوە: لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە (١٠٠)هەزار بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر هەیە، ئەمەش واتای ئەوەیە پرسی ماددەی هۆشبەر دیاردەیەکی مەترسیدارە، بێجگە لە بوونی تۆڕەکانی ساغکردنەوە و دابەشکردنی مادده هۆشبەرەکان کە بە نهێنی و هەستیاریی کار دەکەن، هەروەها هێڵی گواستنەوەیە بۆ دەرەوەی هەرێم بەرەو تورکیا و پارێزگاکانی دیکەی خوارووی عێراق هەیە، دیاردەی بازرگانیکردنی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیش لەخۆی دەگرێت، ئەوەی پەیوەندی بە بەرهەمهێنانەوە هەیە لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە هەوڵی سنورداری چاندن و بەرهەمهێنان هەیە، تا ئەوەی گەیشتووە بە دامەزراندنی کارگە، بەڵام پێش ئەوەی بەرهەم بگاتە ئاستی بەبازاڕکردن و ساغکردنەوە لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە پێی زانراوە و دەستی بەسەرداگیراوە.

٣: لە وەڵامی پرسیاری دووەمیشدا گەیشتین بەو دەرئەنجامەی کە سەرباری کۆمەڵێک هەوڵ کە باسکراوە، لە ئێستادا (٢٠٢٥/٦/١)، ستراتیژیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، ڕێکخراو، گشتگیر نیە. کەموکوڕی سەرەکی نەبوونی پلانێکی نیشتیمانی یەکگرتوو و درێژخایەنە، کە لە سەرتاسەری کوردستان کار بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان بکات.

٤: هەرچی پەیوەندی بە وەڵامی سێیەمی پرسیاری توێژینەوەکەمانەوە هەیە دەتوانین بڵێین: مەترسی مادده هۆشبەرەکان بابەتێکی نیشتمانییە و پەیوەندی بە پارێزگایەک یان ناوچەیەکەوە نیە، ئێمە لەم توێژینەوەدا بە شرۆڤەکردنی زانیاریی و داتا بەدەستهاتووەکان گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە چالاکییەکانی پەیوەست مادده هۆشبەرەکان لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمارکراون، بەبێ ئەوەی تەنیا لەیەک پارێزگا و ناوچەی دیاریکراودا چڕ بووبێتەوە، هەروەها ناوچە سنورییەکان و سەنتەری شارە گەورەکان چالاکییەکانی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکانی زیاتر تێدایە، لەلایەکی دیکەوە بوونی ماددەی هۆشبەر لە پارێزگایەک بە دڵنیاییەوە هەڕەشەیە بۆ پارێزگا و ناوچەیەکی دیکە، بۆیە گرنگە کەیسی مادده هۆشبەرەکان وەک پرسێکی نیشتیمانی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

٥: ئەوەی لەسەر ئاستی پارێزگاکانی کوردستان ئەنجامدەدرێن بریتییە لە پرۆسەی دەستگیرکردنی بەکارهێنەر، بازرگان و تۆڕەکانی دابەشکاری و سەجەمی ئەوانەی لەم کەیسەوە دەگلێن. لەلایەکی دیکەوە پرۆسەی چاودێرییکردن و سنوردانان پێکدێت لە پشکنین و چاودێرییکردنی کافتریا، یانە شەوانەکان، دەرمانخانەکان، کۆمپانیاکانی گواستنەوە و گەیاندن. ئەوەشی پەیوەندی بە بواری هۆشیاری گشتییەوە هەیە، بەشێوەیەکی یەکجار سنووردار کاری لەسەرکراوە، هەڵمەتی هۆشیاریی پێوستە لە دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکان لە چوارچێوەی ستراتیژێکی گشتیدا کاری لەسەر بکرێت، چونکە ئاسایش و بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوە، تەنیا دەتوانن پرۆسە مەیدانییەکان بۆ دەستگیرکردنی بازرگان و بەکارهێنەرەکان بەڕێوەبەرن.

٦: کۆمەڵێک ئاستەنگ هەیە کە وادەکات بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان سەخت بێت، لە گرنگترینیان ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنی پەیوەندییدار هەتا ئێستا لە پرۆسەی بەرەنگابوونەوە و کۆنترۆڵکردندا نەیتوانیووە ستراتیژە کلاسیکییەکان تێپەڕێنێت و تەکنەلۆژیای مۆدێرن و ئامێری زیرەک بکەنە بەشێک لە ئۆپەراسیۆن و چالاکییە مەیدانیەکانیان. بەجۆرێک هەتا ئێستا سەرچاوەی هەواڵپیدان لە ناوخۆ و دەرەوەی

کوردستان لەگەڵ توانا مرۆییەکان تەنیا میکانزمی کلاسیکی بەرەنگاربوونەوەن، لەم پرۆسەیەدا حکومەتی هەرێم و لایەنی پەیوەندییدار و ئاسایش لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا و زیرەکی دەستکردا نارۆن، بۆیە پێوستە کارمەندانی بواری مادده هۆشبەرەکان بە زانیاریی و ئامێریی پێشکەوتوو ئاشنابکرێن.

٧: هۆکارە سەرەکییەکانی بەکارهێنان و بازرگانییکردن بە مادده هۆشبەرەکانەوە لە هەرێمی کوردستان بریتین لە: ناسەقامگیریی دۆخی سیاسی و ئەمنی، هەڵکەوتەی جوگرافی هەرێمی کوردستان، خراپی دۆخی ئابوری و بڵاوبوونەوەی بێکاریی، نەبوونی هۆشیاری و زانیاریی دروست سەبارەت بە مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان، لاوازی پەروەردەی خێزانی، پلانی تۆڕەکانی دابەشکاریی، حەزی خۆدەوڵەمەندکردن، لاوازی ئاستی کەسایەتی، تێوەگلانی کەسانێک کە ڕووبەڕووی یاسا ناکرێنەوە، سەرکێشی تەمەنی هەرزەکاری و گەنجان، هاورێی خراپ، کەموکوڕییەکانی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (٢٠٢٠)، کەمتەرخەمی حکومەت و لایەنی پەیوەندییدار و وەزارەتەکان لە بەرەنگاربوونەوەدا.

٨: لێکەوتە و مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان بریتین لە: دابەشبوون و هەڵوەشانەوەی خێزان، لێکەوتەی خراپی دەروونی و جەستەیی، ڕەفتاری تاوانکاری و توندوتیژیی، مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی، لە دەستدانی خێزان، کار و خوێندن، بەلارێدابردنی گەنج و هەرزەکار، خەرجی زۆر لە پرۆسەی زیندانیکردندا، هەڵنەگرتنی بەرپرسیارێتی، قبوڵنەکردنی ڕاستی، لادانی کۆمەڵایەتی و شێوانی دەروون و هەستەکان.

٩: لە هەرێمی کوردستان، سەرجەم بەڕێوەبەرایەتی و بەش و بنکەکانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، لە سەر ئاستی پارێزگا و قەزاکان، بەشێوەیەکی سەرەکی گرنگی بە پرۆسەی دەستگیکردنی بەکارهێنەر و بازرگانان دەدەن، بە ئاستێکی چالاک تێیدا سەرکەوتوون. بەڵام بەبێ ڕێوشوێنی بەرپەرچدانەوەی دەستبەجێ و گشتگیر، وەک پەروەردەی گشتی و هۆشیاریی فراوان، دامەزراندنی ناوەندەکانی چارەسەر و شیاندنەوە، بەرزکردنەوەی توانای تەکنەلۆژیا لە سنوورەکان و چاکسازی لە پرۆگرامی خوێندن، ئەگەری زۆرە قەیرانی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان خراپتر بێت.

١٠: لە هەرێمی کوردستان، هەتا ئێستا زیاتر لە (١٥) جۆری ماددەی هۆشبەر، تۆمارکراون، ساڵانەش جۆرەکان زیاتر دەبن، نوێترینیان جۆری (کەپتاگۆن)ە، باوترین ماددەی هۆشبەرییش لە هەرێمی کوردستان کریستاڵ (Methamphetamine)ە و لە دوای ئەویش (حەشیش، هێرۆین و تلیاک) دێن.

١١: بەپێی ئەو بەدواداچوونە مەیدانیانەی بۆ چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامماندا‌وە گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە باردۆخی چاکسازییەکان وەک پێوست نیە، بەپێی ستانداردی دیاریکراو هەر چاکسازییەک دەتوانێت (٩٠٠ بۆ...١٠٠٠) کەس لە خۆی بگرێت، بەڵام لە ئیستادا نزیکەی دوو هێندە لەو ڕێژەیە لە هەر چاکسازییەکدا هەیە، هەروەها ئەو کەسانەی بەهۆی تاوانی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکانەوە زیندانییکراون ڕێژەی (٢٧.٥٣٪)ی کۆی زیندانیکراوان پێکدەهێنن، ئەمەش پێویستی بە گرنگیپێدانی زیاترە. بەربەستە سەرەکییەکان لە چاکسازییەکاندا بریتین لە کەمی ستافی تایبەتمەند لە کارمەند، توێژەر و پزیشک، هەروەها نەبوونی پێداویستی پزیشکی و پرۆگرامی چارەسەری تەواو بۆ ئالوودەبووان، سنورداری شوێن بۆ دروستکردنی سەنتەری شیاندنەوەی بەهێز، کەمی هۆڵ و زۆری ڕێژەی زیندانیان، وایکردووە دووبارە پێوستی بە ڕێکخستنەوە و بنیاتنانەوە هەبێت.

لێرەدا بەوردی نەخشەڕێگای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لەڕێگەی نوسینی ڕاسپاردەی تایبەتەوە دەخەینەڕوو. ڕاسپاردەکان تایبەتن بە دەسەڵاتی (جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری) و سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندییدارەکان، کە دەتوانن ڕۆڵی کاریگەر لە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوە، هۆشیارکردنەوە و خۆپارێزیدا ببینن:

## دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت)

١: لە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی حکومەتی هەرێمدا، ستراتیژییەکی نیشتمانی پێنج ساڵە بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، بەپێی یاسا کارپێکراوەکان و بە هەماهەنگی سەرجەم وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەندییدارەکان ڕابگەیەندرێت. لە لایەکی دیکەوە، پێویستە حکومەتی هەرێم دامەزراوەیەکی ئاست بەرز و تایبەتمەند دابمەزرێنێت کە تایبەت بێت بە بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، بە هەماهەنگی لەگەڵ هەموو وەزارەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان. ئەم دامەزراوەیە پێویستە بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی(٢٠٢٠) ی مادده هۆشبەرەکان و مادده دەروونییەکان کاربکات، و وەک دەسەڵاتی ناوەندی بۆ پلاندانان، چاودێریکردن و جێبەجێکردن کاربکات. هەروەها کار بکرێت بۆ دروستکردنی سەنتەری ئەزموونیی شیانەوە لەهەموو پارێزگا و قەزاکانی کوردستان کە خزمەتگوزارییەکانی بۆ بەکارهێنەر و ئالوودەبووان بێبەرامبەر بێت.

٢: پێویستە حکومەتی هەرێم بە فەرمی داوای هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٠) پەرلەمانی کوردستان بکات، چونکە هەندێک لە بڕگەکانی ئێستای بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان و پرسی ئالوودەبوون کاریگەر نین.

٣: پێویستە حکومەتی هەرێم دڵنیابێت لە جێبەجێکردنی توند و بێلایەنانەی یاسای مادده هۆشبەرەکان لە دادگاکاندا، ئەمەش لەڕێگەی دامەزراندنی لیژنەیەکی تایبەتەوە دەبێت کە بەردەوام چاودێری دۆسییەکانی مادده هۆشبەرەکان لە دادگاکاندا بکات و پێوستە گەرەنتی ئەوە بکات کە هیچ تاکێک، بەتایبەتی بازرگانانی گەورە، بەبێ گوێدانە پێگە یان پەیوەندی سیاسی، لە لێپێچینەوە بەخشراو نیین..

٤: پێویستە حکومەتی هەرێم لیژنە یان ئەنجومەنێکی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و دەسەڵاتدار پێکبهێنێت بۆ بەدواداچوون بۆ ئەو ڕاپۆرت و دەنگۆیانەی باس لە تێوەگلانی بەرپرسانی حکومی، کارمەندانی ئەمنی، یان لایەنە سیاسییەکان لە بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکاندا دەکەن. پێویستە هەموو لێکۆڵینەوەکان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا و لە سەرووی دەستوەردانی سیاسیەوە ئەنجام بدرێن بۆ گەڕاندنەوەی متمانەی گشتی.

٥: حکومەتی هەرێم پێویستە سەرجەم وەزارەتە پەیوەندیدارەکان (ناوخۆ، پەروەردە، ڕۆشنبیری، ئەوقاف، گواستنەوە و گەیاندن، خوێندنی باڵا و تەندروستی) ڕاسپێردێت، کە هەڵمەتی بەردەوامی هۆشیاری و خۆپارێزیی دژی مادده هۆشبەرەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ڕێکبخەن. لە ڕێگەی ئامادەکردنی پاکێجی ڕاهێنان، ڕاپۆرت، ڤیدیۆ و کەرەستەی ڕێنمایی تایبەت سەبارەت بە خۆپاراستن لە مادده هۆشبەرەکان، ئەم کەرەستانە پێویستە بەسەر هەموو دامەزراوە گشتییەکاندا دابەش بکرێن و بە چەندین شێوە بەردەست بکرێن بۆ ئەوەی دەستڕاگەیشتن و تێگەیشتن لێیان ئاسان بێت. بەجۆرێک لە قوتابخانە، زانکۆ، مزگەوت، دەزگاکانی ڕاگەیاندن، پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا کەڵک وەربگرن بۆ گەیشتنی زانیارییەکان بەسەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە. لێرەدا، دەکرێت سود لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەربگیرێت و پێویستە بە شێوەیی فەرمی بەشداربن و پشتگیریان بکرێت بۆ فراوانکردنی هەوڵەکانی هۆشیاریی گشتی.

٦: هەڵکشانی داتاکانی بەکارهێنان و : پێویستە سندوقێکی تایبەت لە چوارچێوەی بودجەی حکومەتی هەرێمدا دروست بکرێت بۆ پشتگیرییکردنی هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، لەوانە ئۆپەراسیۆنەکانی جێبەجێکردن، ناوەندەکانی چارەسەرکردن، بەرنامەکانی هۆشیاری گشتی، بنیاتنانی توانای دامەزراوەیی. دەکرێت بەشێک لە داهاتی ئەم بودجەیە لە پێبژاردنەکانی بەکارهێنەر و بازرگانەکان پێکهاتبێت، وەک ئەوەی لە ماددەی (٤٥)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی تایبەت بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان ئاماژەی پێکراوە، کە تەنها پێویستی بە ڕێنماییەکی وەزارەتی تەندروستیە کە لەساڵی(٢٠٢٢) دەبوایە دەرکرایە و تا ئێستا نەکراوە. هەروەها حکومەت پێداگر بێت لەوەی ئەم پێبژاردنە لە پرۆسەیەکی ڕووندا پاشەکەوت دەکرێت و دەخرێتەوە خزمەتی پرۆسەی بەرەنگاربوونەوە و شیاندنەوە.

٧: پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان دڵنیابن لەوەی کە بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان وەک ئەولەویەتێکی یەکگرتووی نیشتمانی بمێنێتەوە، وەک ئامرازێک بۆ ڕکابەریی سیاسی، ئەجێندای حزبی، یان تاوانبارکردنی نێوان پارێزگاکان کورت نەکرێتەوە. پێویستە ئەم پرسە بە ڕوانگەیەکی هەمەلایەن، بێلایەن و سەرتاسەری و دوور لە دەستوەردان و دابەشبوونی سیاسی چارەسەر بکرێت.

٨: پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەماهەنگی و پەیوەندییە دامەزراوەییەکانی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق بە تایبەتی لە بواری بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکاندا بۆ ئاستێکی قوڵ و باڵا گەشە پێبدات. بەمەبەستی ئاڵوگۆڕی زانیاریی هەواڵگریی، ئۆپەراسیۆنی ئەمنی هاوبەش، چونکە چوارچێوەی یاسایی و ڕێکاری یەکگرتوو، کاریگەریی هەوڵەکانی کۆنترۆڵکردنی مادده هۆشبەرەکان بە شێوەیەکی بەرچاو باشتر دەکات. ئەم هاوکارییە، نەک تەنها بۆشاییە ئەمنییەکانی نێوان هەردوو حکومەت دادەخات بەڵکو وەڵامدانەوەی گشتگیرتر و خێراتر بۆ بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە سنوورە ناوچەیی و نیشتمانییەکاندا مسۆگەر دەکات.

٩: پێویستە حکومەتی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بەپەلە کار بکات بۆ دامەزراندنی چاکسازی نوێ لەو ناوچانەی کە ژمارەی دانیشتووانیان لە زیاد بووندایە. هەروەها کار بکرێت بۆ ڕێکخستنەوەی چاکسازییەکانی ئێستا، کە وەک پێویست ناتوانن ژمارەی زۆری زیندانییەکان بەشێوەی ستانداردی دیاریکراو لەخۆبگرن. سەرەڕای ئەوە، حکومەت پێویستە ستراتیژییەکی هەمەلایەنە بۆ سەنتەرەکانی شیاندنەوە لە چاکسازییەکانی هەرێم دابڕێژێت و دڵنیابێت لەوەی کە بە پێداویستییە گونجاوەکانی وەک پرۆگرام، ئامێر، ستافی شارەزا و سەرچاوەی سەرەکی دیکە ڕێکخراون، لەبەرئەوەی لە ئێستادا ناوەندەکانی شیاندنەوەی چاکسازییەکان پێویستیان بە ڕێکخستنی زیاترە.

١٠: پلانێک دابنرێت کە لە هیچ بارودۆخێکدا موچەی کارمەندانی ئاسایش و بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوە مادده هۆشبەرەکان و کارمەندانی چاکسازییەکانی هەرێم دوانەکەوێت، هەروەها ئەو بڕە پارەیەی وەک هاندان دانراوە بۆ هێزە ئەمنییەکان لە بەرامبەر دەستبەسەرداگرتنی مادده هۆشبەرەکان یان دەستگیرکردنی بەکارهێنەر و بازرگانان خەرج بکرێت، کە بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٠) بڕیاری لەسەر دراوە، ئەم بڕە پاداشتە ماددییە لە عێراق بە پێی هەمان یاسا خەرج دەکرێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا نەکراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

## دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان) (*)

١: یەکێک لە ئەرکە بنەرەتی و پێشینەییەکانی دامەزراوەی پەرلەمان لە بەرەنگار بوونەوەی مادده هۆشبەرەکان پێوستە خۆی لە هەموارکردن و پێداچوونەوەی گشتگیر بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی مادده هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان دا ببینێتەوە، ئەوەش لەڕێگەی لیژنە تایبەتمەندەکانییەوە بە هاوکاری دامودەزگاکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەری.

٢: پێوستە پەرلەمانی کوردستان یاسا و بڕیاری تایبەت بە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان دەربکات، بۆ دامەزراندنی ستراتیژێکی یەکگرتوو لە سەرانسەری هەموو وەزارەتەکان، بەڕێوەبەرایەتی و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان. یاسا و بڕیارەکان پێویستە میکانیزمەکانی خۆپاراستن، سزادان، چاکسازیی لەخۆبگرێت.

٣: بەدامەزراوەییکردنی چاودێریی پەرلەمانی لەڕێگەی دروستکردنی لیژنەی هەمیشەیی پەرلەمانی یان لیژنەی لاوەکی کە تەنها سەرنجی لەسەر خۆپاراستن لە مادده هۆشبەرەکان، جێبەجێکردن و سیاسەتی چاکسازی بێت. ئەم لیژنەیە پێویستە، ئەم کارانە بکات:

-ساڵانە چاودێری جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی(2020)لەسەر ئاستی کوردستان بکات.

-ئەنجامدانی دانیشتنی بەردەوام لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی ناوخۆ، تەندروستی، داد، پەروەردە، و گواستنەوە.

-پێداچوونەوە بە تەرخانکردنی بودجە و کارایی بەرنامەکانی حکومەت بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان.

-دەرکردنی ڕاسپاردە و ڕاپۆرتە پابەندکەرەکان کە لە پەرلەمانەوە گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت.

-داوا لە سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان بکرێت کە زانیاری و ڕاپۆرت و ڕاهێنان لەسەر مەودا و کاریگەری بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان وەربگرن.

٤: دەرکردنی  بڕیار و ڕێنمایی تایبەت بە داواکردنی ڕاپۆرتی ساڵانە/ وەرزی لە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، سەبارەت بە کەیسەکانی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکان، دەستگیرکردن، سزادان، و پرۆسەکانی هۆشیاریی و چاکسازیی. ئەم ڕاپۆرتانەش، خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت لە دانیشتنە ئاساییەکانی پەرلەمان دا.

٥: لە ڕێگەی یاساوە دەرفەتی زیاتر بڕەخسێندرێت بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و گروپە خۆبەخشییەکەکانی جێبەجێکردنی یاسا و دامەزراوە پەروەردەییەکان، بەجۆرێک زیاتر لە ئێستا بەهێز بکرێن و پارەداربکرێن بۆ بەشداریکردنی زیاتر لە هەڵمەتەکانی خۆپارێزی و هۆشیاری. بۆ بەدیهێنانی ئەم داوکاریانە، سەرۆکایەتی پەرلەمان دەتوانێت داوا لە ئەندام پەرلەمانەکان بکات کە بەشێوەیی ماددی و مەعنەوی بەشداری ئەم پرۆسەیە بکەن. بەشێوەی ماددی، بەڕێژەی (٤٪) موچەی مانگانەی ئەندام پەرلەمانەکان (١٠٠ ئەندام) بخرێتە سندوقێکەوە بۆ مەبەستی پارەدارکردنی پرۆسەکانی بەرەنگاربوونەوە، کە دەکاتە نزیکەی (٢٨) ملیۆن دیناری مانگانە. سەبارەت بە کاری مەعنەوەی و چالاکی بەرجەستە، هەر یەک لە ئەندام پەرلەمانەکان بە پێی شوێنی جوگرافیی خۆیان بەشدار بن یان چالاکیی ئەنجام بدەن، لە بابەتی پەیوەندییدار بە پرۆسەی ڕووبەڕوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان دا.

## دەسەڵاتی دادوەری (دادگا و داواکاری گشتی)

١: ئەنجوومەنی دادوەری و داواکاری گشتی و دادوەرە باڵاکان پێویستە داکۆکی بکەن بۆ هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی(٢٠٢٠)ی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان.

٢: پێویستە لە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی دادوەری ڕۆڵێکی ناوەندی بگێڕێت لە بەرجەستەکردنی سەربەخۆیی و یەکپارچەیی دادپەروەری، پاراستنی سەروەری یاسا بەبێ دەستوەردانی سیاسی و کەسی، بە مەبەستی دڵنیابوون لەوەی کە بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان، بەتایبەتی ئەوانەی بەشدارن لە تۆڕە تاوانکارییە بەرفراوانەکان یان ڕێکخراوەکاندا، بە خێرایی و بەبێ دەستێوەردانی سیاسی، پەیوەندیی خێڵەکیی، یەکلاکردنەوەی شاراوە، کەمکردنەوە و دواخستنی سزاکانیان سزا بدرێن. هەروەها ئەو کەیسانەی کە بازرگانانی پلە باڵایان تێدایە، پێویستە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا و بەبێ لایەنگری و گەندەڵی دادوەری یان بەرتیلدان لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت. بۆ ئەم مەبەستە، باشترین ڕێکار ئەوەیە ڕێنمایی ڕوونی دژە دەستوەردان دابنرێت و بە ئاشکرا لەلایەن ئەنجومەنی دادوەرییەوە پشتگیری بکرێت.

٣: بەپێی یاسا کارپێکراوەکان پێویستە دادگاکان ناو، وێنە و وردەکاری تەواوی بازرگانان و باندە گەورەکانی مادده هۆشبەرەکان ئاشکرا بکەن، بۆئەوەی هەم وەک ڕێگریکردن و هەم وەک نیشاندانی لێپرسینەوە کار بکات. هەروەها پێوستە لە چوارچێوەیەکی یاسایی و فەرمیدا ئەنجامی کەیسەکان لە ڕێگەی ماڵپەڕە دادوەرییەکان یان بەیاننامەی ڕۆژنامەوانییەوە بڵاوبکرێتەوە.

٤: پێوستە وردەکاری مادده و بڕگەکانی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٠) ی تایبەت بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان، بۆ ڕای گشتی بڵاوبکرێتەوە و هەموو کەسێک لە سزاکانی ئەم بوارە تێبگات.
٥: دامەزراندنی هۆبە یان یەکەیەکی تایبەتمەند لەناو دەسەڵاتی دادوەریدا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکانی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکان بە خێرایی، یەکدەنگی و شارەزایی باڵا.

## وەزارەتەکانی کاروباری پێشمەرگە و ناوخۆ

١: ڕۆژی (١٢)ی ئایار پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، بڕیاری خۆهەڵوەشاندنەوەی لە چوارچێوەی پرۆسەی ئاشتیی لە تورکیا ڕاگەیاند، ئەمەش دەستپێکی قۆناغێکی نوێ بوو. بەو پێیەی قۆناغی داهاتوو بریتییە لە داماڵینی چەک لە (پەکەکە)، ڕەنگە بۆشایی ئەمنیی لە ناوچە سنوورییەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەواندا دروست ببێت. بۆئەوەی ئەو ناوچانە نەبنە ڕێڕەوی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان و کارە نایاساییەکانی دیکە، زۆر گرنگە کە وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی ناوخۆ و هێزە ئەمنییە پەیوەندیدارەکانی دیکەی کوردستان، بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق و هێزەکانی پاسەوانی سنوور، بە خێرایی هەنگاو بنێن بۆ پەرەپێدان و جێبەجێکردنی پلانێکی هاوبەش بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری ئەو ناوچانە.

٢: بەهێزکردنی ئاسایش بەدرێژایی سنوورەکان لەگەڵ ئێران، تورکیا، سوریا و پارێزگاکانی عێراق، بە جێگیرکردنی تەکنەلۆژیا و سیستەمی پێشکەوتووی وەک: سیستەمی سۆنار، ئامێری چاودێری ورد، کەرەستەی تایبەتمەندی دۆزینەوەی مادده هۆشبەرەکان. لەلایەکی دیکەوە پێویستە گرنگییەکی تایبەت بە چاودێریکردن و ڕێکخستنی دەروازە سنوورییە نافەرمییەکان بدرێت، کە ژمارەیان زیاترە لە (٢٠) دانە، ئەم خاڵە لاوازانە بوونەتە دەروازەی قاچاخی مادده هۆشبەرەکان و مەترسییەکی جددی لەسەر ئاسایشی ناوچەکە، پێویستە ئەم ناوچە سنوورییانە، بە تایبەتی ئەوانەی لەگەڵ ئێران هاوبەشن، بخرێنە ژێر ڕێوشوێنی ئەمنی بەرزترەوە، بۆ دڵنیابوون لە کۆنترۆڵی بەردەوام و دۆزینەوەی پێشوەختەی چالاکییە نایاساییەکان.

٣: دابینکردنی ئامێر و کەرەستەی پێشکەوتوو، سەگی ڕاهێنراو، لە بازگەکان و زیندانەکان و ڕێڕەوە لاوەکییەکان و ناوچە گوماناوییەکان، بۆ ئاشکراکردنی ماددەی هۆشبەر، لەگەڵ بەهێزکردنی خاڵەکانی پشکنین و یەکەکانی گومرگ و بازگەکانی سەرسنوور.

٤: دانانی چاودێری توند بۆ کافتریا، یانە شەوانەکان و شوێنەکانی کات بەسەربردن. هەروەها لێکۆڵینەوەی ورد لەگەڵ هاوڵاتییانی ئێرانی و سوریی بە بەکارهێنانی سیستەمی هاوبەشیپێکردنی هەواڵگری و سکرینکردنی بایۆمەتری ئەنجامبدرێت.

٥: پشکنینی وەرزی بۆ بینا چۆڵەکان یان تەواونەکراوەکان لە سەرانسەری پارێزگاکان، قەزاکان و ناحییەکان ئەنجام بدرێت، یاخود خاوەنەکانیان پابەند بکرێن بەوەی ڕێگەن نەدەن چۆڵ بکرێن،چونکە ئەم شوێنانە زۆرجار وەک پەناگەی کاتی بۆ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، یان بنکەی دابەشکردن لەلایەن بازرگانان و تۆڕەکانی دابەشکارییەوە بەکاردەهێندرێت.

## بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە سەر ئاستی پارێزگاکان

١: ئەنجامدانی خولی ڕاهێنانی پێشکەوتووی ناچاری بۆ ئەفسەر و کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەیان لەم بوارانە:

-تایبەتمەندی و جۆری مادده هۆشبەرەکان

-تەکنیکە نوێکانی بازرگانییکردن بە مادده هۆشبەرەکانەوە

-نیشانەکانی ڕەفتار و دەروونی بەکارهێنەران

-ناسینەوەی بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان

-دۆزینەوەی مادده شاراوەکان بە بەکارهێنانی ڕێگەی نوێ

٢: دابینکردن و بەگەڕخستنی تەکنەلۆژیای مۆدێرن بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاسایش و بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە سەر ئاستی پارێزگاکان، بۆ دۆزینەوەی مادده هۆشبەرەکان، پێویستە ئەزموون و لێهاتوویی مرۆڤ بە ئامرازە تەکنەلۆژییە مۆدێرنەکان تەواو بکرێت، لەوانە:

-ئامێری پۆرتەبل بۆ دیاریکردنی دەرمان (Portable drug detection)

-چاودێری ئاسمانی ڕێگاکانی قاچاخچێتی مادده هۆشبەرەکان لە ڕێگەی (Drones & UAVs)

-سکانکردنی بار، پۆست، یان ئۆتۆمبێلەکان بۆ دۆزینەوەی مادده هۆشبەرە شاراوەکان.

-سیستەمی ڕاپیسکانی پێشکەوتوو لە فرۆکەخانەکاندا (Rapiscan Systems)

-سیستەمی ناسینەوەی تابلۆی ئۆتۆمبێل (LPR)

-کیتی تاقیکردنەوەی کیمیایی (Chemical testing kits)

-سکانەری نیوترۆن (Neutron scanners)

-سەگی بۆنکەری مادده هۆشبەرەکان (Drug-Sniffing Dogs).

-دانانی ئامێری شوێنپێهەڵگرتن (GPS) بۆ ئۆتۆمبێلە گوماناوییەکان.

-دۆزینەوەی خانە شاراوەکانی ناو ئۆتۆمبێل بە بەکارهێنانی هەستەوەری کارۆموگناتیسی (Electromagnetic Sensors).

-سیستەمی ناسینەوەی دەموچاو وەک (Clearview AI)

٣: ڕێکخستنی میکانزمێک کە بەشداریکردنی کۆمەڵگە و هاوڵاتیان لە کۆکردنەوەی زانیاریی و هەواڵگریدا زیاد بکرێت، لە حاڵەتی بینینی کەسانی گوماناوی و بازرگانان یان ڕاپۆرتدانی دروست لە لایەن هاوڵاتیانەوە، ئەم چەند ڕێگەیە گرنگە:

-پێدانی ڕێزلێنان و دەربڕینی سوپاس و پێزانین بۆ ئەوکەسانەی هاوکارن.

-لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراودا خەڵاتی دارایی بدرێت بەو کەسانەی زانیاریی پشتڕاستکراوە دەدەن بەلایەنی پەیوەندییدار.

-گرەنتی سەلامەتی و پاراستنی ناسنامەی ئەو کەسانە بکرێت کە ڕاپۆرت دەدەن.

-بەردەستخستنی کەناڵی پەیوەندی نهێنی وەک (هێڵی گەرم، ئاپی کۆدکراو)، لە پێناو ڕاپۆرتکردنێکی پارێزراو.

٤: پێویستە بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکانی پارێزگاکان ڕۆڵێکی چالاکانە بگێڕن لە دیزاینکردن، سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی هۆشیاری و خۆپاراستن لە مادده هۆشبەرەکان.

## وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی

١: هەلی کاری زیاتر دەستەبەر بکرێت، کەرتی تایبەت ناچار بکرێت بە وەرگرتنی دەستی کاری زیاتری ناوخۆ. لە لایەکی دیکەوە ناوەندەکانی دۆزینەوەی کار زیاتر بکرێت و پشتگیریی ئەو کەسانە بدرێت کە پرۆژەی بچووکیان هەیە.

٢: پێویستە هێنانی کرێکارانی بیانی بۆ ناو هەرێمی کوردستان بە توندی ڕێکبخرێت، لەگەڵ پشکنینی مانگانە و جێبەجێکردنی مەرجی توندتر بۆ دڵنیابوون لە دژەنەکردنی مادده هۆشبەرەکان

٣: چاودێریی دۆخی زیندانیان بکرێت بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی زیندانییە ئالوودەبووەکان نەک تەنها سزا دەدرێن، بەڵکو لە ڕێگەی بەرنامەی دروست و زانستییەوە شیاندنەوەیەکی دروست و کاریگەریان بۆ ئەنجامدەدرێت.

٤: باشترکردنی بەرنامەکانی چاکسازی دوای زیندانییکردن، بە گرنگیپێدان بە ڕاوێژکاری دەروونی، ڕاهێنانی پیشەیی، و یەکگرتنەوەی کۆمەڵایەتی، دەستەبەرکردنی کار بۆ ئەو کەسانەی بەکارهێنەری مادده هۆشبەرەکان بوون و لە زیندان ئازادکراون.

٥: لەپێناو هۆشیارکردنەوەی زیاتری کۆمەڵگا و گەنجان، پێوستە سود لە چیرۆکی ئەو بەکارهێنەرانە وەربگرن کە وازیان لە ماددەی هۆشبەر هێناوە، دەکرێت وەک باڵویز/نمونەی هاندەر لە هەڵمەتەکانی هۆشیاریی چیرۆکی تایبەتی خۆیان باس بکەن لە ئەزمونیان لە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، لێکەوتە و زیانەکانی، بەتایبەتی لە قوتابخانە و زانکۆکان، یاخود لە ڕێگەی کورتە ڤیدیۆ، سیمنار و سۆشیال میدیاوە ئەزمونیان بڵاوبکرێتەوە.

٦: گرنگیدان بە پەروەردەی خێزانی و هۆشیارکردنەوەی دایکان و باوکان لە ڕێگەی بەرنامە و پرۆگرامی تایبەت. بەجۆرێک لە ڕێگەی لایەنی تایبەتمەندەوە سەرجەم خێزانەکان ناچاربکرێن، بە وەرگرتنی خولی تایبەت بە ئاشنابوون بە مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان و هۆکارەکانی توشبوون و خۆپارێزیی. پێویستە ئەم خولانە بە هاوکاری قوتابخانە، زانکۆ و بنکە تەندروستییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێشکەش بکرێن. ئەم پرۆگرامی هۆشیارییە پێوستە ئەم بوارانە لەبەر چاو بگرێت:

-هۆکار و نیشانەکانی ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان

-نیشانە سەرەتاییەکانی ڕەفتاری مەترسیدار لە گەنجاندا

-ستراتیژییەکانی خۆپارێزی لە ماڵەوە

-کاریگەریی و لێکەوتە خراپەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان

-چۆنێتی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی یارمەتی و پشتگیری

٧: کارکردن بۆ نەهێشتنی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، سزای جەستەیی، پشتگوێخستنی سۆزداری لە دامەزراوە و ماڵەکاندا، کە هۆکاری سەرەکیین بۆ بەلاڕێدابردنی منداڵ، هەروەها کار بکرێت بۆ پشتگیریکردنی ئەو خێزانانەی کە کەسی بەکارهێنەری مادده هۆشبەرەکان لە ماڵیاندا هەیە.

٨: ئەنجامدانی پرۆگرامی هاوبەشی هۆشیاریی لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، و دامەزراوە ئاینیی و پەروەردەییەکان بۆ فراوانکردنی هەڵمەتی خۆپارێزی و پشتگیریکردنی هەوڵەکان.

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازییەکانی هەرێم

وەک بەڕێوەبەرایەتییەکی سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، لێرەدا کۆمەڵێك ڕاسپاردەی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازییەکانی هەرێم دەخەینەڕوو:

١: پێویستە یەکەکانی چاکسازیی و سەنتەرەکانی شیاندنەوەی ئێستا هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت، دابڕێژرێنەوە و بەهێز بکرێن، چونکە چاودێرییە مەیدانیەکان دەریانخستووە کە ئەم شوێنانە کەموکوڕی هەیە و لە ئاستی پێوستدا نین، بۆ ئەمەش پێوستە حکومەتی هەرێم هاوکاریان بێت.

٢: پێویستە گرنگی زیاتر بە جیاکردنەوەی پۆلە جیاوازەکانی زیندانییەکان بدرێت. ئەو کەسانەی کە هیچ تاوانێکی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکانیان نییە، نابێت لەگەڵ بەکارهێنەران یان بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان تێکەڵ بکرێن، بۆئەوەی ڕێگری لە کاریگەری نەرێنی یان بەرکەوتنیان لە گەڵ کەیسی دیکەدا بکرێت. سەرەڕای ئەوەش، نابێت ڕێگە بدرێت بەکارهێنەران و بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان خۆیان بەرکەوتنی بێ سنووریان لەگەڵ یەکتردا هەبێت. پێویستە لە گروپی بچووک و کۆنترۆڵکراودا دابنرێن و لە نزیکەوە چاودێری بکرێن، بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڕەفتارەکانی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکان لەناو ژینگەی زیندانەکاندا.

٣: باشتر وایە مۆڵەتی چوونەوە بۆ ماڵ، بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان لە چاکسازییەکانی هەرێم نەگرێتەوە، زۆر گرنگە کە ئەو جۆرە کەسانە بە ئاشکرا لەو شایستەییە دوور بخرێنەوە، بەهۆی مەترسی زۆری هەڵهاتن و ئەگەری خراپ بەکارهێنانی ئەم مافە یاساییە، بەتایبەتی کە ئەزموونی هەڵهاتنی زیاتر لە (١٠) بازرگانی ماددەی هۆشبەر بەم ڕێگایە لە ڕابردوودا هەبووە. لێرەدا، دەکرێت بڕیار و ڕێنمایی تایبەت بە ڕۆشتنەوەی زیندانیان بۆ ماڵەوە هەموار بکرێتەوە تا دادگاکان کاری پێبکەن.

٤: وەک پەیمانگای پیشەیی مامەڵە لەگەڵ چاکسازییەکاندا بکرێت، کە تێیدا هەلی کاری پیشەیی بڕەخسێندرێت و سود لە کارامەیی و توانا جەستەیی و هزرییەکانی زیندانیان وەربگیردرێت.

٥: ڕێکخستنی پرۆگرامی ڕاهێنان، سیمینار و بەرنامەی کەلتووری بەردەوام، کە گرنگی بە گەشەپێدانی کەسی و خۆپاراستن لە مادده هۆشبەرەکان دەدات.

٦: بە شێوەیەکی ورد کۆنترۆڵی ئاسایشی ناوخۆیی و دەرەکی چاکسازییەکان بکرێت، بۆ ڕێگریکردن لە قاچاخچێتی و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لەناو زیندانەکاندا. پێویستە گەڕانی بەردەوام، تەکنەلۆژیای نوێ، چاودێری و سەگی بۆنکەر لە خاڵەکانی چوونە ژوورەوە و لەناو زیندان بەکاربهێنرێت.

٧: پەرەپێدانی سیستەمێک بۆ ڕەچاوکردنی کەمکردنەوەی سزا بۆ ئەو زیندانیانەی کە گۆڕانکاری ڕاستەقینەی ڕەفتار نیشان دەدەن و پابەند دەبن بە پرۆسەی شیاندنەوە و ڕاهێنانکردن و چیتر مەترسی بۆ کۆمەڵگا دروست ناکەن. ئەمەش دەبێت لە ژێر چاودێری و هەڵسەنگاندنی ورد لەلایەن پسپۆڕانی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە ئەنجام بدرێت.

٨: نمایشکردنی پۆستەری وێنادار لەناو چاکسازییەکاندا کە ئەو شێواز و فێڵە جیاوازانە ئاشکرا بکەن کە بۆ دزەپێکردنی مادده هۆشبەرەکان بۆ ناو زیندانەکان بەکارهێنراون. ئەم هۆشدارییە کارمەندانی زیندان و هاوڵاتیانی سەردانیکەر لە جددیەتی ئەو پرسە ئاگادار دەکاتەوە. سەرەڕای ئەوەش، ستافی چاکسازی دەبێت ڕاهێنانی بەردەوام لەسەر چۆنیەتی ئاشنابوون بە تەکنیکەکانی شاردنەوە، پلانەکانی تری پەیوەست بە قاچاخچێتی مادده هۆشبەرەکان وەربگرن.

## وەزارەتی تەندروستی

١: لیژنەی تەندروستی لە ئاستی وەزارەتی تەندروستی، بە هاوبەشی لەگەڵ لیژنەکانی قایمقامییەت، بەردەوام سەردانی کافێ و دەرمانخانەکان بکەن و پشکنین بۆ کەرەستە و کارمەندانی ئەو شوێنانە بکرێت و لەژێر چاودێری توندا بن، بەتایبەتی لەو شوێنانەی نزیک قوتابخانە یان زانکۆکانن.

٢: پێکهێنانی لیژنەیەکی هەمیشەیی تەندروستی لەناو وەزارەتی تەندروستی بۆ هەموو بوارەکانی پەیوەست بە دەرمان، کۆکردنەوەی زانیاری، خۆپارێزی و هاوکاری نێوان وەزارەتەکان. ئەم لیژنەیە پێویستە کەسانی پسپۆڕ لە بواری دەروونی، پزیشکی ئالوودەبوون، تەندروستی گشتی و پەتا لەخۆبگرێت.

٣: سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان هاوکاربێت لە بەرزکردنەوەی سیستەمی چاودێریکردن لە نۆرینگە و دەرمانخانەکاندا، هەروەها وەزارەتی تەندروستی وردتر لە جاران ڕێنمایی تایبەت بە ڕەچەتەی پزیشکی لە دەرمانخانەکان ڕێکبخاتەوە، بەمشێوەیە:

-ڕێگریکردن لە فرۆشتنی بێ مۆڵەتی دەرمانی کۆنترۆڵکراو یان ئالوودەبوون.
-دڵنیابوون لەوەی ڕەچەتەکان لەلایەن پزیشکی مۆڵەتپێدراو و پسپۆڕی گونجاوەوە نووسراون.
-ناساندنی بەدواداچوونی ڕەچەتەی دیجیتاڵی بۆ دیاریکردنی شێوازەکانی خراپ بەکارهێنان.
-ئەو دەرمانخانانەی کە ڕێساکانی ڕەچەتە پێشێل دەکەن بەتوندی سزا بدرێن.
- ڕێسای توند جێبەجێ بکرێت بەرامبەر ئەو پزیشکانەی دوور لە پسپۆڕی خۆیان ڕەچەتەی دەرمانی دەروونی یان پەیوەندیدار بە ئالوودەبوون دەنوسن.

٤: ناردنی پزیشک، پەرستار و ستافە تایبەتمەندەکان بۆ دەرەوەی کوردستان، بۆ ڕاهێنان لەسەر پزیشکی ئالوودەبوون و دەروونی و مۆدێلی پێشکەوتووی چاکسازیی. چونکە کەیسی ماددە هۆشبەرەکان کەیسێکی تایبەتە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ کۆمەڵگەی ئێمە نوێیە.

٥: لە ئەگەری نەبوونی سەنتەری شیاندنەوەدا پێوستە وەزارەتی تەندروستی چەند پزیشکێکی پسپۆر بۆ دادگاکانی هەرێمی کوردستان دابین بکەن، کە بەگوێرەی خشتەیەکی ڕۆژانە هەر دادوەرێک ڕۆژانە بتوانێت بەکارهێنەر یان ئالودەبوویەکی ماددەی هۆشبەری بۆ بنێرێت.

٦: چالاکردنی یاسای تایبەت بەرەنگار بووەنەوەی ماددە هۆشبەرەکان، بەتایبەت ئەو بڕگەیەیی کە ئاماژە بەوە دەکات وەزیری تەندروستی و لایەنی پەیوەندیداری ناو وەزارەت دەتوانێت پارەی سندوقی ماددە هۆشبەرەکان بەکاربهێنێت بۆ مەبەستی ڕووبەڕوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان. هەرچەندە لەم بارەوە وەزیری تەندروستی ئاماژەی بەوەداوە کە ڕێکارەکانی پەیوەست بەم بابەتە لای ئەو تەواوبووە و پێوستە وەزارەتی دارایی هەنگاوی دواتر بنێت.

## وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا

١: کردنەوەی سەنتەری زانستی تایبەت لەسەر ئاستی زانکۆ و پەیمانگاکان، کە گرنگی بە توێژینەوەی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکان و ستراتیژی خۆپارێزی لەسەر ئاستی زانکۆ و کۆمەڵگە دەدات، ئەم سەنتەرە دەبێت وەک ناوەندێک بۆ توێژینەوەی زانستی، ڕاوێژکاری خوێندکاران، هەڵمەتی هۆشیاری، و هاوکاری لەگەڵ وەزارەتەکانی تر و ڕێکخراوە ناحکومییەکان کار بکات.

٢: پێداچوونەوە بە مەنهەجی نیشتمانیدا بکرێت بۆ ئەوەی هۆشیاری مادده هۆشبەرەکان وەک بابەتی ناچاری لە سەرانسەری هەموو ئاستەکانی قوتابخانەکان (سەرەتایی تا ناوەندی)، هەروەها لە کۆلێژ و زانکۆکاندا جێگیر بکرێت. ئەم ناوەڕۆکە پێویستە دیدگای زانستی، یاسایی، دەروونی و ئایینی لەخۆبگرێت، کە بەپێی تەمەن و ئاستی تێگەیشتنی خوێندکاران بگونجێندرێت.

٣: دانان و ڕاهێنانی ستافی تایبەتمەند لە هەموو قوتابخانە و کۆلێژێک (لانی کەم یەک مامۆستا یان توێژەر)، کە بەرپرسیاربن لە پێشکەشکردنی بەرنامەی هۆشیاری بەردەوام، لە ڕێگەی سیمینار و چالاکییەکان و گفتوگۆ لە قوتابخانە و زانکۆکان. ە نوێترین پێشهاتدا وەزیری پەروەردە بڕیاری داوە سێ ڕۆژی سەرەتای دەوام لە سەرجەم قوتابخانەکان تەرخانبکرێت بۆ هۆشیاریی دژ بە مادده هۆشبەرەکان، دەکرێت ئەمە یەکێک بێت لە هەنگاوە کردارییە گرنگەکان.

٤: جێبەجێکردنی پشکنینی مادده هۆشبەرەکان بۆ خوێندکارانی پۆلی دوانزە، بەتایبەتی پێش چوونیان بۆ زانکۆ و پەیمانگاکان، یان کاتی دامەزراندن لە هەر کەرتێکی حکومی یان گشتی، بە ئامانجی پێدانی چارەسەر و مامەڵەی دروست لەگەڵ ئەوانەی بەکارهێنەرن، بۆئەوەی نەتوانن کاریگەریی نەرێنیان لەسەر خوێندکارانی دیکە هەبێت.

٥: بێجگە لە هۆشیاکردنەوەی خوێندکاران، هەموو قوتابخانە و زانکۆیەک پابەند بکرێت بەوەی لانیکەم یەک بۆنەی ساڵانە سەبارەت بە خۆپاراستن لە مادده هۆشبەرەکان ڕێکبخات، وەک سیمینار، پانێڵ، سیمپۆزیۆم، یان هەڵمەتی هۆشیاری بە سەرۆکایەتی کەسانی پیشەیی لەو بوارەدا.

٦: زانکۆ و قوتابخانەکان لە ڕێگەی پرۆگرامی هۆشیارییەوە هانی تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگە لە سەرجەم چین و توێژەکان بدەن، بۆئەوەی بەشداری پرۆگرامەکانی هۆشیاری بکەن. بێجگە لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، ڕێکخراوە ناحکومییەکان، و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی و خۆپارێزیی.

٧: هاندانی خوێندکارانی بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرا بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر بابەتەکانی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکان وەک بەشێک لە پڕۆژە ئەکادیمییەکان.

٨: پێشکەشکردنی هاندان، پارمەتییەکان، یان خەڵات بۆ ئەو توێژەر، مامۆستا و ڕاهێنەرانەی لەسەر ئاستی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، بەشداریی کاریگەریان هەیە لە پرۆسەی نوسین، توێژینەوە، چالاکی و هەڵمەتی هۆشیاریی دژ بە مادده هۆشبەرەکان.

## وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

١: جێبەجێکردنی ڕێساکان بۆ سنووردارکردن یان قەدەغەکردنی فیلم، بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان، ڤیدیۆکلیپەکان و ناوەڕۆکی ئۆنلاین کە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان یان کحولییەکان سەرنجڕاکێش دەکەن یان پەرەی پێدەدەن.

٢: داوا لە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی مۆڵەتپێدراو بکەن وەک وێستگەکانی تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە و پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکان کە بە بەردەوامی هەڵمەتەکانی هۆشیاری لەسەر مەترسییەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان بڵاودەکەنەوە. ئەم هەڵمەتانە پێویستە سەرنجیان لەسەر دەرئەنجامە دەروونی، کۆمەڵایەتی، تەندروستی و خێزانییەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان بێت و لە ڕووی زانستیی و ئەزموونییەوە باس بکرێن.

٣: کردنەوەی ناوەندیی بەرهەمهێنانی میدیایی لە ژێر چاودێری وەزارەتی ناوبراو، بۆ پەرەپێدانی بابەتی هۆشیاری پیشەیی، لەوانە کورتە فیلم، پەیامی ڤیدیۆیی، ناوەڕۆکی سۆشیال میدیا، و ئینفۆگرافیک. ئەم سەنتەرە پێویستە بەردەوام وەک دابینکەرێکی ناوەڕۆکی متمانەپێکراو بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن، قوتابخانەکان، ناوەندەکانی گەنجان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کار بکات.

٤: هاندانی گەنجان، هونەرمەندان و سەرکردەکانی کۆمەڵگاکە کار لەسەر هۆشیاری مادده هۆشبەرەکان بکەن، بە پێشکەشکردنی یارمەتییەکان، ئامێرەکان و زانیاریی پێویست.

٥: دەستپێکردنی بەرنامەی هۆشیاری تایبەت لە قەزا و ناحییەکان، بە ئامانجگرتنی ئەو ناوچانەی کەمتر دەستیان بە زانیاری و سەرچاوەکان دەگات.

٦: خولی ڕاهێنانی پیشەیی و پەرەپێدانی کارامەیی کراوە لە ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان، وەک دروستکردنی تیمی وەرزشی، گروپە کولتوورییەکان و کۆمەڵە هونەرییەکان، وەک ستراتیژییەکی چالاکانە لە سەرانسەری شارەکان و ناوچە گوندنشینەکاندا بۆ بەشداریکردنی گەنجان لەم جۆرە خولانە و دووخستنەوەیان لە ڕەفتارە زیانبەخشەکان.

٧: تێکەڵکردنی بابەتەکانی دژە مادده هۆشبەرەکان لە فێستیڤاڵەکان، پێشانگە هونەرییەکان، کۆنسێرتەکان و بۆنە کولتوورییەکان، هاندانی هونەرمەندان، نووسەران و نمایشکاران بۆ بەشداریکردن لە هەڵمەتی نیشتمانی دژە مادده هۆشبەرەکان.

٨: پێشکەشکردنی خەڵات و ناساندنی گشتی بۆ ئەو کەسانەی کە بەرهەمی داهێنەرانە بەرهەم دەهێنن، کە بە شێوەیەکی کاریگەر هۆشیاری بەرز دەکەنەوە و کاریگەریی ئەرێنیان لەسەر ڕەفتاری گشتی هەیە.

٩: زۆرجار فرۆشتنی مادده هۆشبەرە کۆدکراوەکان لە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیادا دەردەکەوێت، لەڕێگەی وشەی کۆدکراوی وەک "مۆلی" (MDMA) یان "420" (حەشیش) پۆست دەکرێن و بەکارهێنەران لەم زمانی کۆدە تێدەگەن، یاخود بازرگان و تۆڕەکانی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی مادده هۆشبەرەکان ئەپی نامە ناردنی کۆدکراو (بۆ نموونە، تێلێگرام) و پۆستە جیۆتاگکراوەکان*(Geo-Tagged Posts) بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی خۆیان لە دۆزینەوە بپارێزن. ئەم پرۆسەیە داوای ڕێوشوێنی بەرپەرچدانەوەی بەپەلە دەکات، لەوانە:

·چاودێریکردنی سۆشیال میدیا بە AI بۆدیارییکردنی پۆستە گوماناوییەکان.

·سودبینین لە ستافی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان کە لە بواری پزیشکی دادوەری دیجیتاڵیدا ڕاهێنراون.

·هەڵمەتەکانی هۆشیاری گشتی بۆ پەروەردەکردنی گەنجان لەسەر مەترسییەکانی بازاڕی دەرمانی ئۆنلاین.

## وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن

١: چاودێری وردی کۆمپانیاکانی گەیاندنی تایبەت و گشتی کە لە ناوخۆ و نێودەوڵەتیدا کاردەکەن، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە لەلایەن تۆڕەکانی بازرگانیکردنی مادده هۆشبەرەکانەوە بەکارناهێنرێن.

٢: جێبەجێکردنی ڕێکاری توندی پشکنین و پشتڕاستکردنەوە بۆ پۆستە و کەلوپەلە گواستراوەکان، بەتایبەتی ئەوانەی دەنێردرێت بۆ دەرەوەی وڵات.

٣: بەهێزکردنی ئاسایش و چاودێری ورد لە تێرمیناڵی پاس و وێستگەکانی تاکسی و ناوەندەکانی تری گواستنەوەی نێوان شارەکان بۆ ڕێگریکردن لە گواستنەوەی نهێنی ماددەی هۆشبەر.

٤: دانانی سیستەمی بەدواداچوون، تۆمارکردن و ناسینەوە بۆ ماتۆڕسکیلەکان، بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانیان لە دابەشکردنی مادده هۆشبەرەکان، چونکە کۆمەڵێک لە کەسانی دەستگیرکراو کە تێوەگلاون لە بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکانەوە، ماتۆڕسکیلیان بەکارهێناوە.

٥: پەرەپێدانی سیستەمێکی تەکنەلۆلۆژیای پێشکەوتوو و دیجیتاڵی بە مەبەستی بەدواداچوونی بار و کەلوپەلەکان کە جوڵەی کاڵاکان لە سەرانسەری وڵات تۆمار دەکات، بۆ یارمەتیدانی دۆزینەوەی ڕێگا نارێکەکان و کەلوپەلی گوماناوی، دەکرێت ئەمە بکرێتە مەرجی کۆمپانیاکانی گەیاندن.

٦: وێنەگرتنی سەرجەم ئەو کەلوپەل و پۆستانەی دەنێردێن بۆ پارێزگاکانی دیکەی عێراق و دەرەوەی وڵات، لەگەڵ پڕکردنەوەی فۆڕمێک کە لەلایەن ئاسایشەوە دیزاین کرابێت بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەی کەلوپەل پۆست دەکەن بە ئاگا بن.

٧: بۆ بەهێزکردنی ڕێوشوێنە ئەمنییەکان و دەستەبەرکردنی لێپرسینەوەی تەواو، پێویستە هەموو ئەو کاڵا و پۆستانەی کە بۆ پارێزگاکانی تری عێراق یان شوێنە نێودەوڵەتییەکان دەنێردرێت، ئەم ڕێکارانەی خوارەوە ئەنجامبدرێت:
·هەموو کەلوپەل و کەرەستەیەک، پاکەتێک، یان بارکردنێک دەبێت پێش ناردنی وێنەی بگیردرێت.
·وێنەکان پێویستە بە ڕوونی ناوەڕۆک و پاکەت و ئاماژەکردن پیشان بدەن بۆ پشتڕاستکردنەوە.
·پێویستە فۆڕمێکی ستاندارد، کە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی پارێزگاکانەوە دیزاین کراوە، بۆ هەر بارکردنێک پڕبکرێتەوە.

٨: چارەسەرکردنی ئەم پرسە پێویستی بە هاوکاری نێوان دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێم، کۆمپانیا تەکنەلۆژییەکانە، بۆ تێکدانی تۆڕەکانی بازرگانیکردن مادده هۆشبەرەکان.

## وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی

١: ڕێکخستنی ڕاهێنان و سیمیناری بەردەوام بۆ ئیمام، وتارخوێن و مامۆستایانی ئاینی بە مەبەستی زانیاریی پێدان دەربارەی دۆخی ئێستای مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان.

٢: دەستپێکردنی هەڵمەتی ساڵانەی هۆشیاری دژی مادده هۆشبەرەکان لەسەر ئاستی هەرێم لە مینبەرەکانی مزگەوتەکانەوە، هاوتەریب لەگەڵ بۆنە ئاینییە سەرەکییەکان و ڕۆژانی هەینی.

٣: دڵنیابوون لەوەی کە بابەتەکانی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکان بە بەردەوامی لە وتاری هەینی مزگەوتی شار و گوندەکاندا جێگیر دەکرێن. واتا هەفتانە بۆ چەند خولەکێک هەڵمەتی هۆشیاریی بەڕێوە بچێت.

٤: جگە لە سەرکردە ئاینییەکان، ڕێگە بدەن چالاکوانان، شارەزایانی دەروونناسی، تەندروستی و بەکارهێنەر و ئالودەبوانی ڕزگاربوو،بۆ چەند خولەکێک هۆشیاری گشتی پێشکەش بکەن، بەتایبەتی ڕۆژانی هەینی و لە مزگەوتە گەورەکاندا.

٥: دروستکردن و دابەشکردنی بروشەر، پۆستەر و کورتە پەیامی ڤیدیۆیی کە مەترسییە ئایینی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان ڕوون دەکەنەوە. ئەم ماددانە لە مزگەوت و ناوەندە ئاینیەکان بەردەست بکرێن.

٦: پێکهێنانی یەکەی تایبەت لەناو وەزارەتی ئەوقاف بۆ هەماهەنگی پەیامە ئاینیەکانی دژ بە مادده هۆشبەرەکان، بەدواداچوونی کاریگەرییەکان و هاوکاریکردن لەگەڵ وەزارەت و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان بۆ دڵنیابوون لە هەڵمەتێکی هۆشیاریی دروست.

٧: دابینکردنی داتای ورد، توێژینەوەی کەیسی ژیانی ڕاستەقینە و ستراتیژییەکانی خۆپاراستن بۆ ئەوەی وتاری و ڕێنماییەکانیان کاریگەر و هاوتەریب بن لەگەڵ هەوڵە نیشتمانییەکاندا.

## هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتییەکان

١: دامەزراندنی هاوکاری ڕاستەوخۆ لەگەڵ نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مادده هۆشبەرەکان و تاوان (UNODC) و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی دیکەی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری تەکنیکی، بودجە و ڕاهێنان.

٢: پێکهێنانی ڕێککەوتنی دوولایەنە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە کە ئەزموونیان هەیە لە خۆپاراستن لە مادده هۆشبەرەکان، وەک ئێران، پورتوگال، هۆڵەندا و کەنەدا.

٣: بانگێشتکردنی پسپۆڕانی نێودەوڵەتی بۆ هەڵسەنگاندنی ستراتیژی ئێستا و دابینکردنی نەخشەڕێگایەک بۆ سیاسەتی یەکگرتووی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان.

٤: دروستکردنی بەرنامەیەک بۆ ناردنی تیمی تایبەتمەند بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە بە سەرکەوتوویی قەیرانەکانی مادده هۆشبەرەکانیان بەڕێوەبردووە، بە مەبەستی بەشداریکردن لە پڕۆگرام و ڕاهێنانی تایبەت بەم بوارە.

## References


1. World Health Organisation. 2022. Improving Prevention and Treatment for Drug Use Disorders. Geneva: WHO. https://n9.cl/witfz
2. Kandel, Denise B. Adolescent Development and Drug Use: Implications for Prevention and Treatment (New York: Springer, 2002), 12-14.
3. Erich Goode, Drugs in American Society, 9th ed. (New York: McGraw-Hill Education, 2012), 3–6.
4. United Nations Office on Drugs and Crime. 2021. World Drug Report 2021. Vienna: United Nations. https://n9.cl/18hva
5. Robert M. Julien, Claire D. Advokat, and Joseph E. Comaty, A Primer of Drug Action, 12th ed. (New York: Worth Publishers, 2010), (110–112) (132–134).
6. Hart, Carl L., and Charles Ksir. Drugs, Society, and Human Behavior. 17th ed. (New York: McGraw-Hill Education, 2018), 103–106.
7. Ibid, 299–302.
8. United Nations Office on Drugs and Crime, World Drug Report 2023: Booklet 3 – Drug Market Trends: Cannabis, Opioids, Cocaine, Amphetamine-type Stimulants, New Psychoactive Substances (United Nations, 2023), https://n9.cl/ihfmy
9. Singer, Merrill. Drugging the poor: Legal and illegal drugs and social inequality. Waveland Press, 2007.
10. Boland, P. (2008). British drugs policy: Problematizing the distinction between legal and illegal drugs and the definition of the `drugs problem'. Probation Journal, 55(2), 171-187. https://n9.cl/r87nl
11. European Monitoring Centre for Drugs and Drug Addiction. European Drug Report 2023: Trends and Developments. Luxembourg: Publications Office of the European Union, 2023.
12. United Nations Office on Drugs and Crime. A Century of International Drug Control. Vienna: United Nations Publications, 2009. https://n9.cl/8ilw9
13. John, M. L., I. J. J. Otene, and G. E. Antenyi. "An overview of drug abuse: Causes, effects, and control measures." Asian Journal of Medicine and Health 21.11 (2023): 263-8.
14. [1]: Cheema, Ramish. "Top 20 Countries with Highest Drug Consumption." Yahoo Finance, 21 June 2023, https://n9.cl/tygfi
15. Harper, Nathan, and Nathan Tempra. "Drug trafficking in the Golden Triangle: The Myanmar problem and ASEAN effectiveness." Jurnal Sentris 1.1 (2019): 116-124.
16. Talpur, Anushka, and Tony P. George. "A review of drug policy in the Golden Crescent: Towards the development of more effective solutions." Asian Journal of Psychiatry 12 (2014): 31-35.
17. Labate, Beatriz Caiuby, and Thiago Rodrigues. "The impacts of the drug war on Indigenous Peoples in Latin America: An overview." Journal of psychedelic studies 7.1 (2023): 48-57.
18. CFR.org Editors. Mexico's Long War: Drugs, Crime, and the Cartels. Council on Foreign Relations, 21 Feb. 2025, https://n9.cl/9w0jr
19. UNODC. World Drug Report 2012. United Nations, 2012, https://n9.cl/qn532
20. United Nations Office on Drugs and Crime. UNODC World Drug Report 2024: Harms of World Drug Problem Continue to Mount amid Expansions in Drug Use and Markets. 26 June 2024, https://n9.cl/azuka
21. See: UNODC, World Drug Reports, 2015–2024, https://n9.cl/qn532
22. Jenner, Matthew S. "International drug trafficking: A global problem with a domestic solution." Indiana Journal of Global Legal Studies 18.2 (2011): 901-927.

23. هدیل تومان محمد. "الابعاد الاجتماعية والاقتصادية لتعاطي المخدرات في المجتمع الواسطي." مجلة آداب المستنصرية 48.105 (2024): 227-248.
24. سداد مولود سبع، انتشار ظاهرة المخدرات فى العراق و تداعياتها اجتماعيا، مجلة حمورابى للدراسات( ٥٢-السنة الثالثة عشر- ٢٠٢٤)، ص 42- 69.
25. هەمان سەرچاوە.
26. آمنة السلامي، الداخلية تحدد المحافظات الأكثر انتشارا للمخدرات،وكالة الأنباء العراقية ، ٢٠٢٢، https://ina.iq/161620--.html
27. "أثارت جدلاً واسعاً... ردود أفعال الديوانية حول تصريحات محافظها بشأن تعاطي المخدرات،" بغداد اليوم، ٣١ أكتوبر ٢٠٢٠، https://rb.gy/sjfyga
28. بۆ کۆکردنەوەی ئەم داتایانە گەڕاوینەتەوە بۆ بڵاوکراوەی فەرمی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی عێراق و پەیمانگای پزیشکی دادوەری (طب عدلی) عێراقی.

29. Al-Aalem Al-Jadeed. "Official 'Alarming' Statistics of Seized Drugs and Those Involved Since the Beginning of 2024." Al-Aalem, May 27, 2024. https://n9.cl/9oifw Kurdistan24.
30. "Iraq's Escalating Drug Crisis: A Nation at a Crossroads." Kurdistan24, published around March 2025 (3 months ago). https://n9.cl/c6eq0
31. The New Region. "Iraq Arrests Over 14,000 on Drug-Related Charges in 2024." The New Region, December 28, 2024. https://n9.cl/lc56kp
32. United Nations. (1961). Single Convention on Narcotic Drugs, 1961, as amended by the 1972 Protocol. United Nations Treaty Series, vol. 520, p. 151. (UNODC): https://n9.cl/lyyjq
33. United Nations. (1971). Convention on Psychotropic Substances, 1971. United Nations Treaty Series, vol. 1019, p. 175. (UNODC): https://n9.cl/t21c8b
34. United Nations. (1988). United Nations Convention Against Illicit Traffic in Narcotic Drugs and Psychotropic Substances, 1988. United Nations Treaty Series, vol. 1582, p. 95. https://n9.cl/iqplk
35. United Nations Office on Drugs and Crime. World Drug Report 2023: Booklet 5 – Drug Policy and Country Data. Vienna: United Nations, 2023. https://n9.cl/qctqm9
36. International Narcotics Control Board (INCB). Annual Report 2022. Vienna: United Nations, 2023. https://n9.cl/qesq8g

***بۆردی نێودەوڵەتی کۆنترۆڵی مادده هۆشبەرەکان ((INCB: دەزگایەکی سەربەخۆ و نیمچە-دادوەرییە، کە چاودێری جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات بۆ کۆنترۆڵکردنی مادده هۆشبەرەکان. دڵنیاییدەدات بە دەوڵەتان لە هاوسەنگی نێوان دەستگەیشتن بە دەرمانە پێویستەکان و کۆنترۆڵی خراپ بەکارهێنانیان دەکات.**

37. Kurdistan Regional Government. "KRG Prime Minister: Combating the Use of Drugs Is Not Only the Government's Responsibility, but Also a Collective Responsibility." GOV.KRD, October 15, 2023. https://n9.cl/dsdw1o

38. هاوکار ڕەفیق، هەڕەشەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان و ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوە، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەیی ئایندەیی، ژمارە ١٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١، https://n9.cl/swu58
39. مەهدی بەدری، هۆشبەرەکان وبڵاوبوونەوەی لە ئێران وکوردستاندا، هەولێر: چاپخانەی خانی، 2007، ل 9.
40. سیروان کاوسی، ئەفیون و تلیاک، زنجیرە لێکۆڵینەوە، سەنتەری ئاشتی بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، سلێمانی،٢٠١٢، ل٥٩.
41. ڕێبین حەسەن، چاوپێکەوتن لەگەڵ فرسەت دۆڵەمەڕی، بەڕێوەبەری گشتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشیگشتی لە هەولێر، هەفتەنامەی میدیا، (٣٠٥)، بەرواری ٢٠٠٧/٩/٤، ل٤.
42. چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال ئەمین بەگ، بەرپرسی هۆبەی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان لە پارێزگای سلێمانی، هەفتەنامەی میدیا، ژمارە ٣٠٥، بەرواری ٢٠٠٧/٩/٤، ل٤.

43. Karimi, Khaled, Poneh Shahriyari, and Aram Asadabdolkarim. "The lived experience of drug misuse among Kurdish youth (Case study: the Solaimanye province)." Sociology of Culture and Art 2.2 (2020): 58-33.

44. سۆران حوسێن، ڕۆژانە زیاتر لە 8 کەس بە تۆمەتی مادەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان دەستگیر دەکرێن، وێبسایتی ڕووداو، 2025-05-11، https://n9.cl/ffjbkz

45. ڕێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆ، کۆنفرانسی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، هەولێر، ٢٩/٥/٢٠٢٥.

46. ڕاگەیاندنی فەرمی ڕێکخراوی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، لە هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ٢٠١٧ هەتا ٢٠٢١.

47. ڕاگەیاندنی فەرمی، ڕێکخراوی NLP بۆ ڕاهێنان و ڕاوێژکاریی، لە ساڵی ٢٠٢٣.

48. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیحسان عبدولرەحمان بەڕیوەبەری گشتی چاکسازییەکانی هەرێم، سەبارەت بە دۆخی ماددەی هۆشبەر و ستراتیژەکانی بەرەنگاربوونەوە لە چاکسازییەکان و کۆمەڵگەدا، ١٥/٣/٢٠٢٥.

49. هەمان سەرچاوە.

50. چاوپێکەوتنی تەلەفیزیۆنی لەگەڵ نەقیب ئەرکان بیبانی، ئەفسەر لە بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەرەکان، کوردستان ٢٤، ٢٩/١٢/٢٠٢٥، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: https://n9.cl/9w5cv

51. ئەم داتایانە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکانی پارێزگای هەولێر (٢٦/٣/٢٠٢٥) و سلێمانی (٢١/٤/٢٠٢٥) وەرگیراون.

52. بۆ بینینی چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان، سەردانی ئەم پەیجە بکە: https://n9.cl/7xilz

53. هەستیار قادر، تۆڕێکی نێودەوڵەتی مادەی هۆشبەر دەستگیرکران، ڕووداو، 2025-04-07، https://n9.cl/zv9i04

54. تفكيك شبكة للمتاجرة بالمخدرات في أربيل كانت تستعين بالنساء وتستهدف الأطفال و الاغنياء، شفق نيوز، ١٧/٤/٢٠٢٥،

55. مالیک محەممەد، مادده هۆشبەرەکان: هەوڵدەدرا هەرێمی کوردستان بکرێتە ناوەندی ساخکردنەوەی کەپتاگۆنی سووریا، وێبسایتی ڕووداو، 14-12-2024.

56. چاوپێکەوتن لەگەل هۆبەی داتا و ئامار لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشەرەکان لە پارێزگای سلێمانی، ٢١/٤/٢٠٢٥.

57. ڕاگەیاندراوی فەرمی دەزگای ئاسایشی هەرێم، ١٥/٤/٢٠٢٥، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: https://n9.cl/5jskc

58. ڕاگەیاندراوی فەرمی بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان، ١٩/٣/٢٠٢٥، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: https://n9.cl/6q2d3u

59. ئەم داتایانە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکانی پارێزگای هەولێر (٢٥/٣/٢٠٢٥) و سلێمانی (٢١/٤/٢٠٢٥) وەرگیراون.

60. United Nations Office on Drugs and Crime (UNODC). Drug Trafficking Dynamics across Iraq and the Middle East: Trends and Responses. Analysis Report. July 22, 2024. P 19.

61. هەمان سەرچاوە، ل ٢٠.

62. United Nations Office on Drugs and Crime (UNODC). Drug Trafficking Dynamics across Iraq and the Middle East: Trends and Responses. Analysis Report. July 22, 2024. P

63. سلێمانی یەکێکە لەو ناوچانەی بازرگانی ماددەی هۆشبەری تێیدا بەربڵاوە، کوردستان ٢٤، ١١/١١/٢٠٢٤، https://n9.cl/stasc

64. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەقید سەلام عەبدولخالق، لێپرسراوی ڕاگەیاندنی دەزگای ئاسایشی هەرێم، سلێمانی. ١١/٦/٢٠٢٥.

65. هەمان سەرچاوە.

66. مادده هۆشبەرەکان، شەڕی داهاتووی هەرێمی کوردستان و عێراق، بەرنامەی ڕووداوی ئەمڕۆ، لە کەناڵی ڕووداو، ٤/١/٢٠٢١.

67. چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال ئەمین بەگ، سەرچاوەی پێشوو.

68. United Nations Office on Drugs and Crime (UNODC). Drug Trafficking Dynamics across Iraq and the Middle East: Trends and Responses. Analysis Report. July 22, 2024. P22.

69. هەمان سەرچاوە.

70. ضبط معمل لصناعة المواد المخدرة بعملية أمنية خارج حدود السليمانية، https://n9.cl/pdf8y2

71. بڵاوکراوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی ماددەهۆشبەرەکان، هەولێر، ٢٠٢١.
72. چاوپێکەوتن لەگەڵ نەقیب کەیوان بیبانی، ئەفسەر لە بەریوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان، هەولێر، ٢٠٢٥/٣/٢٥.
* پێشتر ئەم بەشانە پێیان دەگوترا بنکە، بەڵام بەمدواییانە ناوەکانیان لە بنکەوە گۆڕا بۆ بەش، هەروەها بەشی کەرکوک نوێیە و لە پرۆسەی دامەزراندن دایە.
73. ئەم زانیارییە وەرگیراوە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەولێر، بەشی ڕاگەیاندن، لە بەرواری ٢٠٢٥/٤/١٨.
74. ئەم زانیاییە وەرگیراوە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە سلێمانی، هۆبەی یاسایی، ٢٠٢٥/٤/٢١
75. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان، هەولێر، (بە مەبەست ئاماژە بە ناوەکەی نەدراوە)، ٢٠٢٥/٣/٢٦.
76. هەمان سەرچاوە.
* : هەرچەندە لە گرافیکی سەرەوەدا لە چوارچێوەی داتاکانی پارێزگای دهۆک و هەولێر ئاماژە بە داتاکانی دهۆکیش دراوە، بەڵام لێرەدا وەک کەیسکی سەربەخۆ و بەجیا خراوەتە ڕوو.
77. چاوپێکەوتن لەگەڵ هۆبەی داتا و ئامار لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشەرەکان لە پارێزگای سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو.
78. چاوپێکەوتن لەگەڵ سەروەر کەریم، چارەسەرکاری دەرونی لە ڕێکخراوی وچان، سلێمانی، ٢٠٢٥/٩/٤.
79. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەم پرسە بڕوانە: Winslow, Bradford T., Kenton I. Voorhees, and Katherine A. Pehl. "Methamphetamine abuse." American family physician 76, no. 8 (2007): 1169-1174.
80. Northrop, Nicole A., and Bryan K. Yamamoto. "Methamphetamine effects on blood-brain barrier structure and function." Frontiers in neuroscience 9 (2015).
81. ساميا حەسەن، (26/6/2020)، زیاتر لە 10 هەزار بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان هەن، https://bit.ly/3vFEPb8
82. شوان سابیر، پارێزەر و ئەندام لە تورِی دادپەروەری بۆ بەندییەکان لە عێراق، کەناڵی ئاسمانی ڕووداو، ٢٠١٩/٢/٢٨، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: https://n9.cl/4yyzd2
83. for more information see: Pergolizzi Jr, Joseph, Jo Ann K. LeQuang, Eugene Vortsman, Peter Magnusson, Salah N. El-Tallawy, Morgan Wagner, Rania Salah, and Giustino Varrassi. "The emergence of the old drug captagon as a new illicit drug: A narrative review." Cureus 16, no. 2 (2024).
84. چاوپێکەوتن لەگەڵ نەقیب کەیوان بیبانی، ئەفسەر لە بەریوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان، هەولێر، ٢٠٢٥/٣/٢٥.
85. هەمان سەرچاوە.
86. بۆ دیاریکردنی جۆری مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکی سەرەکی پشتمان بەستووە بە ڕاگەیاندراوی فەرمی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەرەکان/ هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکانی/ سلێمانی سەر بە دەزگای ئاسایشی هەرێم.
87. هاوکار ڕەفیق، تیرۆری ڕەش، کیمابارانکردنێکی لەسەرخۆ، (٢٠١٧/١٧/١)، https://shorturl.at/MnZ1N
88. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکانی دەزگای ئاسایشی هەرێم، لە پارێزگای سلێمانی، لەگەڵ پسپۆڕی پزیشکی٢٠٢٥/٤/٢١.
89. تەرزە عەبدوڵا، کوردستان: ساڵ بەساڵ ڕێژەی بەکارهێنەرو بازرگانی ماددەی هۆشبەر لەزیادبووندایە، وێبسایتی ئاوێنە، ٢٠٢٤/٥/٢٦، https://n9.cl/sfoaq
90. ئەم داتایانە وەرگیراون لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە پارێزگای سلێمانی، لە بەرواری ٢٠٢٥/٤/٢١.
91. هەمان سەرچآوە.
92. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەقید سەلام عەبدولخالق، سەرچاوەی پێشوو.
* : ئەم هێڵکارییە لە توێژینەوەیەکی(UNODC) وەرگیراوە، وەک خۆی دانراوەتەوە و ئاماژە بە ساڵی (٢٠٢٤) نەدراوە.
93. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکارهێنەر و بازرگانی ماددەی هۆشبەر، لە چاکسازی گەورانی سلێمانی، ٢٠٢٥/٤/٢٢.

94. چاوپێکەوتن لەگەڵ عقید هاوار مەجید، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە پارێزگای سلێمانی، ٢١/٤/٢٠٢٥.
95. چاوپێکەوتن لەگەڵ حەکیم عبدولله، توێژەر لە چاکسازی گەورانی هەولێر، ٢٦/٤/٢٠٢٥.
96. چاوپێکەوتن لەگەڵ کوێستان محمد عبدولا، وەزیزی کاروباری کۆمەڵایەتی، سلێمانی، ٢٩/٦/٢٠٢٥
97. چاوپێکەوتن لەگەڵ هەستیار علی سعید، چارەسەرکاری دەروونی، پێشتر وەک توێژەر لە چاکسازی گەورانی سلێمانی کاری کردووە، ١٢/٤/٢٠٢٤.
98. چاوپێکەوتن لەگەل ئیحسان عبدولرەحمان، بەڕێوەبەری گشتی چاکسازییەکانی هەرێم، سەرچاوی پێشوو.
99. چاوپێکەوتن لەگەڵ مافپەروەر کاروان رحمن محمد، بەڕێوەبەری یاسایی لە چاکسازیی گەورانی هەولێر، ٦/٦/٢٠٢٥.
100. چاوپێکەوتن لەگەل ئیحسان عبدولرەحمان، بەڕێوەبەری گشتی چاکسازییەکانی هەرێم، سەرچاوی پێشوو.
101. لە نوسینی ئەم چەند خاڵەدا سودمان بینی لەم:
-چاوپێکەوتن لەگەل کوێستان محمد عبدولا، وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی، سەرچاوەی پێشوو.
-لێدوانی ئیحسان عبدولرەحمان،بەڕێوەبەری گشتی چاکسازییەکانی هەرێم، بۆ ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان، لە ١/٧/٢٠٢٥.
-چاوپێکەوتن لەگەڵ نیهاد سەعید، لێپرسراوی توێژەران، لە چاکسازی گەورانی هەولیر، ٢٦/٤/٢٠٢٥.
102. لێدوانی کوێستان محمد، وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی، لە کۆنفرانسی نەخشەڕێگای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان، سلێمانی، ٢٦/٦/٢٠٢٥.
103. هەمان سەرچاوەی پێشوو.
104. چاوپێکەوتن لەگەل بەشی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە پارێزگای دهۆک، لە بەرواری ٢٧/٣/٢٠٢٥.

105. Aliverdinia, Akbar, and William Alex Pridemore. "An overview of the illicit narcotics problem in the Islamic Republic of Iran." Eur. J. Crime Crim. L. & Crim. Just. 16 (2008): 155.
106. سەرچاوەی پێشوو، ل: ٥٧.
107. The Guardian. “Syrian Rebels Seize Vast Haul of Banned Drug Captagon, Country’s Largest Export.” The Guardian, December 12, 2024. https://n9.cl/h48dr
108. United Nations Office on Drugs and Crime (UNODC), Drug Trafficking Dynamics across Iraq and the Middle East: Trends and Responses, July 2024, https://shorturl.at/tksPx
109. Galvão, Ana Erika Oliveira, Luísa Saavedra, and Miguel Cameira. “Economic and Sociocultural Poverty in Drug Abuse: From Individual to Sociopolitical Responsibility.” Saúde e Sociedade 27, no. 3 (2018): 820–833. https://n9.cl/e7fui
110. Crowe AH, Bilchik S. Consequences of youth substance abuse in Drug Identification and Testing Summary 1998. [cited 2011 17 November] Available from: https://n9.cl/47at3

111. چاوپێکەوتن لەگەل بەشی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە پارێزگای دهۆک، سەرچاوەی پێشوو.
112. نەقیب ئەرکان بیبانی، پاکێجی سیمینار تایبەت بە هۆشیاریی دەربارەی مەترسی مادده هۆشبەرەکان، هەولێر ٢٠٢٢.
113. چاوپێکەوتن لەگەڵ یەکێک لە بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان لە چاکسازی گەورانی سلێمانی، ٢٢/٤/٢٠٢٥.

114. Lundborg, Petter. "Having the wrong friends? Peer effects in adolescent substance use." Journal of Health Economics 25.2 (2006): 214-233.
115. Oni, O.O. (2008): Family structure and treatment of mad patients in Yoruba households, Ekiti District, Nigeria. Australian National University, Canberra, Australia.
116. Stacey, M. (2006): The health service consumer: a sociological misconception. Sociological Review Monograph 22, The Sociology of the NHS. Blackwell.

117. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکارهێنەرێکی مادده هۆشبەرەکان لە کوردستان، کە لە ئێستادا وازی هێناوە، لە ٢٠٢١/٤/٦.
118. چاوپێکەوتن لەگەڵ یەکێک لە بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان لە چاکسازی گەورانی سلێمانی، ٢٠٢٥/٤/٢٢
119. هەمان سەرچاوە.
120. لە خوێندنگای کچان بازرگانی بە مادەی هۆشبەرەوە گیراوە، NRT، ٢٠١٨/١٠/٢٣، https://n9.cl/y2ki2
121. لێدوانی فەرمی عەمید جلال ئەمین، بەڕێوەبەری پێشوویی بەشی بەرەنگاربوونەوەی ماددەهۆشبەرەکان، لە ٢٠١٧/٦/٢٦.
122. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەفسەرێک، لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە پارێزگای سلێمانی، نەیویست ناوەکەی ئاشکرا بکرێت، ٢٠٢٥/٤/٢١.
123. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکر بایز، قایمقامی قەزای پشدەر و شارەزا لەبواری مەترسی مادده هۆشبەرەکان، ٢٠٢٥/٤/١٠.
124. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەفسەرێک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەولێر، نەیویست ناوەکەی ئاشکرا بکرێت، ٢٠٢٥/٣/٢٦.
125. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکربایز،سەرچاوەی پێشوو.

126. Edward, O. & Arif, M. (2016), Clients' Control and Medical Practice, American Journal of Sociology.
127. داتای وەرگیراو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکانی پاریزگای سلێمانی، هۆبەی داتا و ئامار، لە ٢٠٢٥/٤/٢١
128. چاوپێکەوتن لەگەڵ وەهاب عزیز محمد ئەمین، بەڕێوەبەری چاکسازیی گەورانی سلێمانی، ٢٠٢٥/٤/١٣
129. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: یاسای ژمارە (١)ی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەرو کارتێکەرە ئەقڵییەکان، هەرێمی کوردستان،ساڵی ٢٠٢٠.
130. چاوپێکەوتن لەگەڵ د.سانا کەمال، ڕۆڵی دادگا و یاساکان لە بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، ٢٠٢٥/٤/٧.
131. قانون المخدرات رقم (68) لسنة 1965، https://n9.cl/b48ia
132. چاوپێکەوتن لەگەڵ حەکیم عبدوللە توێژەر لە چاکسازی گەورانی هەولیر، ٢٠٢٥/٤/٢٦.
133. چاوپێکەوتن لەگەڵ نیهاد سەعید، سەرچاوەی پێشوو.
134. چاوپێکەوتن لەگەڵ مافپەروەر کاروان رحمان محمد، بەڕێوەبەری یاسایی لە چاکسازی گەورانی هەولێر، ٢٠٢٥/٦/٦.
135. دادوەر بیشوان تاهیر لە دادگای سلێمانی، کۆنفرانسی نەخشەڕێگای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، لە سلێمانی، ٢٠٢٥/٦/٢٦.
136. چاوپێکەوتن لەگەڵ پارێزەر بەشار عەزیز، سلێمانی، ٢٠٢٥/٦/١٠
137. چاوپێکەوتن لەگەڵ پارێزەر دیڤان جەزا،سلێمانی، ٢٠٢٥/٦/١٠.
138. لە نوسینی ئەم خاڵانەدا گەڕاینەوە بۆ:
-چاوپێکەوتن لەگەڵ مافپەروەر کاروان رحمان محمد، سەرچاوەی پێشوو.
-چاوپێکەوتن لەگەڵ پارێزەر بەشار عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.
-چاوپێکەوتن لەگەڵ پاریزەر دیڤان جەزا، سەرچاوەی پێشوو.
139. نەقیب ئەرکان بیبانی، پاکێجی سیمینار تایبەت بە هۆشیاریی دەربارەی مەترسی مادده هۆشبەرەکان، سەرچاوەی پێشوو.
140. چاوپێکەوتن لەگەڵ سارا کمال معروف، خوێندکاری دکتۆرا لە کۆمەڵناسی، هۆکارەکانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە لایەن تاکەکانەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ٢٠٢٥/٣/٢٨.
141. ڕێبین کاکە مەم عمر باوزی، شوێنەوارە کۆمەڵایەتیی و دەروونییەکانی زیادبوونی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٢٢.

142. Wilson JJ, Howell JC. Comprehensive Strategy for Serious, Violent, and Chronic Juvenile Offenders (Program Summary). Washington, DC: U.S. Department of Justice, Office of Justice Programs, Office of Juvenile Justice and Delinquency Prevention 1993 (December).

143. WHO. WHO Expert Committee on Dependence-Producing Drugs. Fourteenth report. Geneva: World Health Organization; 1965 (World Health Organization Technical Report Series No. 312); 2021.

144. Abidemi A. Optimal cost-effective control of drug abuse by students: insight from mathematical modeling. Modeling Earth Systems and Environment. 2023;9(1):811-829.

145. چاوپێکەوتن لەگەڵ پزیشکێکی تایبەتمەند کە کاری دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی ماددەکان بوو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، لە پارێزگای سلێمانی، نەیویست ئاماژە بە ناوکەی بدرێت، ٢٠٢٥/٤/٢١.

146. Motyka MA, Al-Imam A. Causes of drug initiation among adolescents. Canadian Journal of Family and Youth/Le Journal Canadien de Famille Et de la Jeunesse. 2022;14(1):63-81.

147. چاوپێکەوتن لەگەڵ د.ئەفرام محەمەد پسپۆڕ و دکتۆرا لە نەخۆشیە دەروونییەکان، سلێمانی، ٢٠٢٥/٤/١٠.

148. Steinfeld, Michael R., and Mary M. Torregrossa. "Consequences of adolescent drug use." Translational psychiatry 13, no. 1 (2023): 313.

149. Barerah S. Forms of drugs abuse and their effects. Alcoholism & Drug Abuse Weekly. 2018;1(1):13-19.

150. عەتا مەلا کەریم، دەرمان و مادده هۆشبەرەکان،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٢١.

151. Gropper BA. Probing the Links Between Drugs and Crime. Washington, DC: U.S. Department of Justice, Office of Justice Programs, National Institute of Justice, 1985 (February).

152. بەشار عەزیز، تاواناکەنای مادده هۆشبەرەکان، چاپخانەی یادگار، سلێمانی، ٢٠٢٤، ل٥٨.

153. هەمان سەرچاوە، ل٥٩.

154. United Nations Office on Drugs and Crime (UNODC). 2009. "Drug Crime Is a Threat to Development and Security: Time for Policy Change against Crime, Not in Favour of Drugs." Speech, 52nd Session of the Commission on Narcotic Drugs, Vienna, March 11, 2009. https://n9.cl/1pod2s

155. جواد سوار حمد و خەدیجە رحمان سعدی، مادده هۆشبەرەکان و کاریگەریی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ٢٠٢٣، ل٥٨.

156. عەتا مەلا کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.

157. The Connection Between Job Loss and Addiction. Silvermist, A Premier Program by Pyramid Healthcare, 26 June 2018, https://n9.cl/k26i8

158. چاوپێکەوتن لەگەڵ د.ئەفرام محەمەد، سەرچاوی پێشوو.

159. WHO Management of substance abuse: Facts and figures. [cited 2011 17 November] Available from: https://n9.cl/te04t

160. Kandel, Denise B. "Drug use by youth: An overview." Drug abuse and the American adolescent (1980).

161. Nowinski J. Substance Abuse in Adolescents and Young Adults: A Guide to Treatment. New York, NY: W.W. Norton and Company, 1990.

162. عەتا مەلا کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

163. چاوپێکەوتن لەگەڵ مافپەروەر کاروان رحمان محمد، سەرچاوەی پێشوو.

164. لە نوسینی ئەم خاڵانە سودمان بینی لەم سەرچاوانە:

- Reichert, Richard Alecsander, et al. "Drug Abuse: Classifications, Effects and Risks." Behaviour Analysis and Substance Dependence: Theory, Research and Intervention (2021): 3-20.

- O'Brien, Charles P. "Drug addiction and drug abuse." Goodman and Gilman's the pharmacological basis of therapeutics 11 (2006): 607-627.

- چاوپێکەوتن لەگەڵ سارا کمال معروف، سەرچاوەی پێشوو.

165. یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2020 یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەر و کارتێکارە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: https://n9.cl/mwo1k
166. مەسرور بارزانی، کۆنفرانسی (بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان)، هەولێر، ٢٠٢٣
167. ڕاگەیاندنی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی ماددەهۆشبەرەکان، هەولێر، ٢٠٢٥/٥/٢٩.
168. بۆ زانیاریی زیاتر دەبارەی ئەم دوو کۆنفرانسە بڕوانە:
-کۆنفرانسی یەکەمی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان، وێبسایتی کوردستان ٢٤، بەرواری دەستپێکردن (٢٠٢٣/١٠/١٥)، لەم لینکەوە بەردەستە: https://n9.cl/2japse
-ڕاگەیاندنی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان بە چاودێری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرواری ڕاگەیاندن (٢٠٢٤/٥/٢٩)، لەم لینکەوە بەردەستە: https://n9.cl/9cmp1

169. د.سامان بەرزنجی، کۆنفرانسی هەڵمەتی نیشتمانیی ڕووبەڕووبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان، هەولێر، ٢٠٢٥/٥/٢٩.
170. فەرمانگەی میدیا و زانیاری، سەنتەری هۆشیاری و شیاندنەوەی ئالوودەبووانی ماددە هۆشبەرەکان لە هەولێر دروست دەکرێت، وێبسایتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٤، https://shorturl.at/F3kdM
171. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیحسان عبدولرەحمان بەریوەبەری گشتی چاکسازییەکانی هەرێم، سەرچاوەی پێشوو.
172. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەفسەرێک، لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی ماددەهۆشبەرەکان، هەولێر، نەیویست ئاماژە بە ناوەکەی بدرێت، ٢٠٢٤/٣/٢٥.
173. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم پرۆژەیە سەردانی ئەم پەیجە بکەن، کە تێیدا تەواوی چالاکییەکان دانراوە، (کۆمەڵگەیەک بەبێ ماددەی هۆشبەر: https://bit.ly/35VoPVt).
174. لە ژێر چاودێری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەڵمەتێکی هۆشیاری و بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان دەستپێکرد، ڕۆژنامەی هەولێر، ٢٠٢٥/٥/٢٩، لەم لینکەوە بەردەستە: https://n9.cl/v24p7
175. دیندار زێباری، کۆنفرانسی (بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان)، هەولێر، ٢٠٢٣ .
176. مارک سرۆ، کۆنفرانسی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان، هەولێر، ٢٠٢٣.
177. بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق، بەرنامەی تەلەفیزیۆنی لە کوردستان ٢٤، لە بەرواری ٢٠٢٤/١٢/٢٩، لەم لینکەوە بەردەستە: https://n9.cl/9w5cv
178. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکر بایز، سەرچاوەی پێشوو.
179. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیحسان عبدولرەحمان، سەرچاوەی پێشوو.
180. هەمان سەرچاوەی پێشوو.
181. ڕاپۆرتی کوردستان ٢٤، هەڵمەتێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان، هەولێر، ٢٠٢٣
182. هەمان سەرچاوەی پێشوو.
183. ئاشتی مەجید، هەڵمەتێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان، هەولێر، ٢٠٢٣
184. چاوپێکەوتن لەگەل نەقیب ئەرکان بیبانی، سەرچاوەی پێشوو.
185. چاوپێکەوتنی تەلەفیزیۆنی لەگەڵ نەقیب ئەرکان بیبانی، سەرچاوەی پێشوو.
186. چاوپێکەوتن لەگەل ئەفسەرێک لە بەشی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە پارێزگای دهۆک، نەیویست ئاماژە بە ناوەکەی بدرێت، لە بەرواری ٢٠٢٥/٣/٢٧.
187. هەمان سەرچاوەی پێشوو.
188. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەقید هاوار مەجید، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە پارێزگای سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو.
189. هەمان سەرچاوەی پێشوو.
190. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەقید سەلام عەبدولخالق، سەرچاوەی پێشوو.
191. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەفسەرێک لە هۆبەی یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە سلێمانی نەیویست ئاماژە بە ناوەکەی بدرێت، ٢٠٢٥/٤/٢١.
192. عەتای مەلا کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٤.
193. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکر بایز، سەرچاوەی پێشوو.
* : لە پارێزگای هەڵبجە هیچ چاکسازییەک بوونی نیە، بۆیە سزادراوانی ماددەی هۆشبەر ئەگەر بێت و خەڵکی هەڵبجە بن ئەوا لە چاکسازیی گەورانی سلێمانی ماوەی حوکمەکەیان بەسەر دەبەن. بۆیە ئێمە لە توێژینەوەکەدا پارێزگای هەڵبجەش لەخانەی پارێزگای سلێمانیدا شرۆڤە دەکەین.

* : لە ئێستادا پەرلەمانی کوردستان بەهۆی تەواونەبوونی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمەوە کارا نیە، دەکرێت ئەم ڕاسپاردانە دوای کاراکردنی پەرلەمانی کوردستان جێگەی بایەخ بن.

* پۆستە جیۆ تاگکراوەکان (Geo-Tagged Posts) نوێکردنەوەی سۆشیال میدیایە کە داتای شوێنی جێگیرکراو لەخۆدەگرێت، وەکو ناوی شوێن. بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان جیۆتاگەکان بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی بە وریاییەوە ڕیکلام و پڕۆسەی فرۆشتن و ساغکردنەوەی مادده هۆشبەرەکان ئەنجامبدەن. بۆ نموونە، پۆستێک لەوانەیە وێنەی شتێکی بێ زیان (وەک دەبەی سۆدە) پیشان بدات کە نووسینێکی وەک "خواردنەوەی سارد لێرە 📍(پارکی شار)" کە هێمای شوێنەکە بە شێوەیەکی نادیار ئاماژەیە بۆ خاڵی وەرگرتن بۆ کڕیاران. کاتەکانی تر، بازرگانان زمانی کۆدکراو (420 لە نزیک مۆڵەک) لەگەڵ جیۆتاگی جووت کراوە بەکاردەهێنن، بۆئەوەی لە باسکردنی ڕاستەوخۆی مادده هۆشبەرەکان لەکاتی ڕێنماییکردنی کڕیارەکاندا دوور بکەونەوە.

ئەم ڕاسپاردە و پێشنیارانەی سەرەوە، لە ئەنجامی لێوردبوونەوە، کۆبوونەوە، ڕاوێژکاری و تێکەڵ بوون بە پرس و گرفتەکانی کۆمەڵگە و سێکتەرە فەرمییەکانی حکومەت، کۆمەڵگەی مەدەنی و کەرتی تایبەتەوە دارێژراوە، گونجاوی کۆمەڵگە، کلتور و داهات و تواناکانی هەرێمی کوردستان لە بەرچاو گیراوە. لە کۆتایدا، پابەندبوون و کارکردن بەم ڕاسپاردانە بۆ سودی گشتی یە و کۆمەڵگە لێ سود مەند دەبێت. بۆیە، هیوادار و داواکارین لایەنە پەیوەندی دارەکان بەهەند وەریبگرن.

## پاشکۆی وێنەکان




**وێنەی ژمارە (١)**

ناساندنی توێژینەوەکەمان وەک نەخشە ڕێگای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، لە بەرواری (٢٠٢٥/٦/٢٦)، لە پارێزگای سلێمانی، بە ئامادەبوونی بەڕێز (کوێستان محمد) وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە پێشکەشکرا. هەر لەم چوارچێوەیەدا دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی، دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان و بەرێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی و چەند توێژەر و لایەنی دیکە بابەتی خۆیان لە چوارچێوەی دوو پانێڵدا سەبارەت بەم پرسە خستەڕوو. لێرەوە هەمووی بەردەستە:

**سەرچاوە: نەخشەرێگای بەرەنگاربونەوەی مادە هۆشبەرەکان راگەیەندرا، کەناڵی یوتیوبی ڤیژن فاوندەیشن، https://n9.cl/7n1ga ).**



**وێنەی ژمارە (٢)**

سەردانمان بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەولێر (٢٥/٣/٢٥ . ٢)، چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (لیوا حوسێن نامیق) بەڕێوەبەری گشتی و چەند ئەفسەرێکی دیکە لەهەمان بەڕێوەبەرایەتی، بە مەبەستی پێدانی ڕێنمایی، داتا و زانیاریی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکان. لەم چوارچێوەیەدا، بەشدارییەکانی بەڕێز (نەقیب ئەرکان عومەر بیبانی) زۆر بە سود بوون.



**وێنەی ژمارە (٣)**

سەردانمان بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە پارێزگای سلێمانی(٢٠٢٥/٤/٢١).
لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی، هۆبەی داتا و ئامار، هۆبەی یاسایی کۆبووینەوە، کە توانیمان زانیاریی و داتای گرنگ سەبارەت بە مادده هۆشبەرەکان وەربگرین.



**وێنەی ژمارە (٤)**

وەرگرتنی زانیاریی و بەرچاوڕوونی دەربارەی مادده هۆشبەرەکان لە سنوری پارێزگای سلێمانی لەلایەن بەڕێز (عەقید هاوار مەجید)، بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان لە پارێزگای سلێمانی، هەروەها بەشدارییەکانی بەڕێز (عەقید سەلام عەبدولخالق)، گوتەبێژی دەزگای ئاسایشی هەرێم لەم پرۆسەیەدا زۆر هاوکارمان بوو.



**وێنەی ژمارە (٥)**

سەردانمان بۆ بەشی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە پارێزگای دهۆک (٢٠٢٥/٣/٢٧)، لەگەڵ بەڕێوەبەری بەش بەڕێز( عقيد شلال طاهر ) و چەند ئەفسەرێکی دیکە بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاریی و داتا و ڕاسپاردە کۆبووینەوە.




**وێنەی ژمارە (٦)**

وەرگرتنی زانیاریی و داتا لە ئەفسەرێکی تایبەتمەند لە بەشی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە دهۆک (٢٠٢٥/٣/٢٧)، لەسەر داواکاری خۆی ناسنامەکەی ئاشکرا نەکرا.



**وێنەی ژمارە (٧)**

سەردانیکردنمان بۆ لای بەڕێز (ئیحسان عبدولرەحمان) بەڕێوەبەری گشتی چاکسازییەکانی هەرێم (٢٠٢٥/٣/٢٦)، بەمەبەستی هاوکاریکردنمان بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن لە چاکسازیی گەورانی (هەولێر، دهۆک و سلێمانی). کارئاسانی و هاوکاری بەڕێزیان و نوسینگەی بەڕێز وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی لەم پرۆسەیەدا بەرز دەنرخێنین.



**وێنەی ژمارە (٨)**

سەردانمان بۆ چاکسازی گەورانی هەولێر (٢٠٢٥/٣/٢٦ و ٢٠٢٥/٤/٢٦) و کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری پێشوو بەڕێز(سەلام جەمال غەریب) و بەڕێوەبەری ئێستا بەڕێز(ڕێباز زیوەر مصطفی). هەروەها لەگەڵ بەڕێزان(م.نیهاد سەعید و م.حەکیم عبدوللە) توێژەر لەهەمان چاکسازی و بەڕێز (کاروان رحمان محمد) بەرپرسی یاسایی کۆبووینەوە، لەلایەکی دیکەوە توانیمان فۆرمی ڕاپرسی لەگەڵ (٥٧) زیندانییکراوی ماددە هۆشبەرەکان لەهەمان چاکسازیی پڕ بکەینەوە.



**وێنەی ژمارە (٩)**

سەردانمان بۆ چاکسازی گەورانی سلێمانی (١٣/٤/٢٠٢٥) و کۆبوونەوەمان لەگەڵ بەڕێز (وەهاب عزیز محمد ئەمین)، بەڕێوەبەری چاکسازیی گەورانی سلێمانی، دواتر پڕکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی لەگەڵ (٥٧) زیندانیکراو. هەروەها سوپاس بۆ هاوکاری بەڕێزان (م.عمر ئەنوەر) لێپرسراوی توێژەران و (م.هەستیار علی) لە هەمان چاکسازیی.



**وێنەی ژمارە (١٠)**

ئەنجامدانی ڕاپرسی مەیدانی لە چاکسازیی گەورانی سلێمانی(٢٠٢٥/٤/٢٢)، لەگەڵ زیندانیکراوانی بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان بەبێ وەرگرتنی ناو، تۆمارکردنی دەنگ و وێنەی ڕووخساریان، ئەمەش بە ئامانجی پاراستنی ناسنامەیان.



**وێنەی ژمارە (١١)**

سەردانیکردنمان بۆ چاکسازی گەورانی دهۆک (٢٠٢٥/٤/٢٧) و ئەنجامدانی ڕاپرسی لەگەڵ (٣٥) زیندانیکراوی ماددە هۆشبەرەکان، سوپاس بۆ بەرپرسی کارگێڕی و توێژەرانی هەمان چاکسازیی.

بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕاپرسییەکانمان، لە هەرچوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان و هەر سێ چاکسازی گەوران لە (هەولێر، سلێمانی و دهۆک)، بێجگە لە تیمی توێژەران، چەند کەسێکی دیکەشمان وەک تیمی ڕاپرسی لەگەڵدابوون، سوپاس و پێزانینمان هەیە بۆ هەوڵەکانیان، کە ئەوانیش بریتی بوون لە: دلێر بابەکر(سلێمانی)، هاوناز ڕەفیق (سلێمانی)، لانە محمد (سلێمانی)، نەوروز ئەحمەد (ڕاپەڕین)، شوان کریم (هەڵەبجە)، کارزان مارف (کەلار)، هەڵگورد مەعروف (بیارە)، سارا محمد (پێنجوێن)، نێڤین محمد (سەیدسادق)، میران عبدولقادر (هەولێر)، ڕێبین کاکەمەم (شەقڵاوە)، ئاوات عبدوللە (سۆران)، شێروان بەنانی(دهۆک)، د.ڕیاز فەرزوو (ئاکرێ) و دڵبرین هیوا (زاخۆ).

## چەند وێنەیەکی تیمەکانی ڕاپرسی











حكومەتی هەرێمی ـ ردستان وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی
بەڕێوەبەرایەتی چاكسازی گەوران
چاكسازی گەوران ـ سلێمانی







بێجگە لەو لایەن و کەسایەتیانەی لە سەرەوە ناومان نوسین، لامان گرنگە سوپاسی ئەم بەڕێزانە بکەین کە زانیاریان پێدابن و هاوکارمان بوون وەک: (د.ئەفرام محەمەد پسپۆڕی لە نەخۆشیە دەرونییەکان، د.یەعقوب بەرزنجی، بەکر بایز قایمقامی قەزای پشتدەر، د.ڕیاز فەرزوو، بەڕێوەبەر و ستافی ڕێکخراوCDO، بەڕێوەبەر و ستافیVision Foundation، م. سەروەر کەریم چارەسەرکاری دەرونی لە ڕێکخراوی وچان، دیار تۆفیق، د.سانا کەمال پارێزەی ڕاوێژکار، ڕۆژگار سادق، پارێزەر بەشار عەزیز، پارێزەر دیڤان جەزا، سارا کمال معروف خوێندکاری دکتۆرا، ڕێبین کاکە مەم عمر هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە ماددە هۆشبەرەکان).



## هاوکار ڕەفیق ڕەحمان

هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە حکومڕانی گشتی و زانستەڕامیارییەکان لە زانکۆی (ADAM MICKIEWICZ) لە پۆڵەندا. شوێنی کار زانکۆی سلێمانی کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان، بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. ڕاهێنەر و نوسەر لە بواری لێهاتووییەکانی پەیوەندییکردن: زمانی جەستە، هونەری گفتوگۆکردن و وتاربێژیی. چالاکوانی بواری مادده هۆشبەرەکان و سەرپەرشیاری چەندین هەڵمەتی هۆشیاریی لە کوردستان کردووە.
hawkar.rahman@univsul.edu.iq



## بورهان عمر محمود

هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە زمان و پەروەردە، مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی، نووسەر و وەرگێڕ. توێژەر لە سەنتەری زانکۆی ئۆریبرۆ لە وڵاتی سوید. بواری توێژینەوە: پەروەردە، کۆمەڵناسی، دەروونناسی، زمان و هتد.
Burhan.muhmud@univsul.edu.iq



## خێڵان حەمە احمد

هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، لە زانکۆی ئیسلامی نێودەوڵەتی مالیزیا.
مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە ڕامیاریەکان، بەشی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و توێژەر لە بواری ئاشتی و ململانێ. khelan.ahmed@univsul.edu.iq

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

مؤسسة رؤية للدراسات الاستراتيجية

Vision Foundation for Strategic Studies

info@vfssiq.org

+964 772 330 0005

www.visionfoundationiq.org

Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

visionfoundationiq